ژان پۆل سارتەر

# دەستە پیسەکان

PDF4Kurd



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکە   شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

ژان پۆل سارتەر

# دەستە پیسەکان

پیەسێکە لە حەفت تابلۆدا

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر



پێشکەشە بە دۆلۆرێس

ناوی کتێب: دەستە پیسەکان – پیەسێکە لە حەفت تابلۆدا
نووسینی: ژان پۆل سارتەر
ناو و نیشانی بەزمانی فەرەنسی: Les maines sales de Jean - Paul SAR-TRE. Edition Gallimard.1948
وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە بۆ کوردی: د. موحسین ئەحمەد عومەر
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ١٧٥
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل – لوتفی عەبدولفەتاح
هەڵەگریی کۆمپیوتەری: عەزیز عەبدولخالیق
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٩٤)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

## کەسایەتییەکان:

- هۆدێرێر
- هوگۆ
- ئۆلگا
- ژێسیکا
- لوی
- میر
- سلیک
- ژۆرژ
- کارسکی
- فرانتس
- شارل

ئەم پیەسە بۆ یەکەمین جار لە ١٩٤٨/٤/٢. لەپاریس لە شانۆی Théâtre Antoine نمایش کراوە. لەدەرهێنانی: پیرڤالد، دیکۆر: ئێمیل و ژان بێرتا، ماکێت: ئۆلگا چوومانسکی.



## تابلۆی یەکەم

*ماڵی ئۆلگا*

*لەماڵێکی گچکەی لێواری ڕێگایەکی گەورە. لەلای ڕاست دەرگای سەرەکی و پەنجەرەیەکی داخراو. لەبنەبان تەلەفۆنێک لەسەر کۆمێدییەک دانراوە. لەلای چەپ، بەرەو بنەبان دەرگایەک هەیە. مێزێک و چەند کورسییەک. هەندێ مۆبلی عەنتیکە و هەرزان. هەست دەکەین ئەو کەسەی کە لەم ژوورە دەژیێ بەرامبەر بەکەلوپەلەکان بێباکە و گرینگیان پێ نادا. لەلای چەپەوە، لەتەنیشت دەرگایەکە ئاگردانێک هەیە. لەسەرەوەی ئەم ئاگردانە ئاوێنەیەک هەڵواسراوە. ناوە ناوە ئۆتۆمبێل تێدەپەڕن و دەنگی هۆڕن و شەیپوڕ دەبیسیین.*

### دیمەنی یەکەم

(ئۆلگا بەتەنیا بەرامبەر ڕادیۆی T.S.F دانیشتووە و لەگەڵ دوگمەکانی خەریکە. غژە غژە و دەنگە دەنگی دەبیستین، پاشان دەنگی یەکێک بەڕوونی دێ:)

قسەکەری ڕادیۆ

... سوپای ئاڵمان بەپانایی جەبهە وێڕای شەڕ پاشەکشە دەکا. سوپای سۆڤیەت لەدووری چل کیلۆمەتر لەسنووری ئیلیریا دەستیان بەسەر کیشنار داگرت. سوپای ئیلیریا لەهەر شوێنێک پێی بکرێ شەڕ ناکا. کذمەڵێکیان خۆیان داوەتە دەست هاوپەیمانەکان. ئێوە ئیلیریەکان، ئێمە دەزانین ناچاریان کردوون چەک دژی یەکێتی سۆڤیاتەکان هەڵبگرن، ئێمە گیانی زۆر دیموکراسیانەی ئیلیریەکان دەناسین و ئێمە...

(ئۆلگا دوگمەی ڕادیۆکە دەسووڕێنێ و دەنگەکە دەپچڕێ. بێ جوولە

لەشوێنی خۆی دەوەستێ و چاوەکانی ناتروکێنێ. چەند ساتێک بەم چەشنە دەمێنێتەوە. لەدەرگا دەدەن. ڕادەچڵەکێ، جارێکی دیکەش لەدەرگا دەدەن. لەسەرخۆ بەرەو دەرگاکە دەچێ. دیسان لەدەرگا دەدەنەوە).

ئۆلگا: کێیە؟

دەنگی هوگۆ: هوگۆ.

ئۆلگا: کێ؟

دەنگی هوگۆ: هوگۆ بارین. (دیسان ئۆلگا بۆ چرکەیەک ڕادەچڵەکێ. پاشان بەرامبەر دەرگایەکە بێ جوولە دەوەستێ). چییە دەنگم ناناسییەوە؟ بکەوە دەی، دەرگاکەم لێ بکەوە.

(ئۆلگا بەخێرایی بەرەو کۆمێدییەکە دەچێ... بەدەستی چەپ شتێک لە چەکمەزەکە دەردێنێ، دەستەسرێک لەدەستی چەپی دەئاڵێنێ، دەچێ دەرگایەکە بکاتەوە، لەگەڵ کردنەوەی بۆ ئەوەی خۆی لەشتی چاوەڕوان نەکراو دووربخاتەوە، بەخێرایی دەکشێتەوە دواوە. کوڕێکی گەورەی تەمەن **٢٣** ساڵ لەناو دەرگا وەستاوە).

هوگۆ: منم. (چەند ساتێک بێ دەنگ تەماشای یەکتر دەکەن). سەیرت پێ دێ؟

ئۆلگا: سەیرم بەسەر و کەللەت دێ.

هوگۆ: بەڵێ، گۆڕاوم (وچانێک) باشت بینیم؟ چاکت ناسیمەوە؟ هەڵەیەکی تێدا نییە؟ (ئاماژە بۆ دەمانچە شاراوەکەی بن دەستەسڕەکە دەکا). ئەرێ دەتوانی ئەمە دانێی.

ئۆلگا: (بێ ئەوەی دەمانچەکە دابنێ). لەو باوەڕەدابووم پێنج ساڵ تیایدا دەمایتەوە.

هوگۆ: بەڵێ، هەڵبەت، پێنج ساڵم لەپێش بوو.

ئۆلگا: وەرە ژوورێ و دەرگاکەش داخە. (ئۆلگا پێیەک دەکشێتەوە. دەمانچەکەی بەتەواوی بەرامبەر هوگۆ ڕانەگرتووە، بەڵام بەئاستەم



بیجووڵێنێ دەکەوێتە بەرامبەری. هوگۆ بەنیگایەکی خەندە ئامێز دەڕوانێتە دەمانچەکە و لەسەرخۆ پشت لە ئۆلگا دەکا، ئینجا دەرگاکە دادەخا).

ڕات کردووە؟

هوگۆ: ڕاکردن؟ خۆ شێت نیم. بۆ ئەوەی ڕابکەم دەبوایە باڵم بگرن و بمخەنە دەرەوە. (وچانێک) لەبەر ڕەفتاری چاکم ئازادیان کردم.

ئۆلگا: برسیت نییە؟

هوگۆ: دیارە ئەگەر بمدەیێ بۆ پاراستنی نێوانمانە. پاشان کە خەریکی نانخواردن دەبین دیمەنێکی بێ ئازار و ئارامان هەیە. (وچانێک) بمبەخشە: نەخێر، نەبرسیمە نەتێنوو.

ئۆلگا: جا ئەمەی دەوێ، دەتوانی بڵێی برسیم نییە.

هوگۆ: کەواتە تۆ بەبیرت نایەتەوە من قسان زۆر دەکەم.

ئۆلگا: بەبیرم دێتەوە.

هوگۆ: (سەیری دەوروبەری خۆی دەکا) چ بیابانێکە، کەچی هەموو شتێک لێرەیە. کوا تایپەکەم؟

ئۆلگا: فرۆشرا.

هوگۆ: هەه؟ (وچانێک. سەیری ژوورەکە دەکا) بەتاڵە.

ئۆلگا: چی بەتاڵە؟

هوگۆ: (ئاماژەیەکی بازنەیی دەکا، مەبەستی ژوورەکەیە). ئەمانە! ئەم مۆبلانە دیمەنێکیان هەیە دەڵێی لەبیابان دانراون. لەوێ، کە باڵەکانم درێژدەکردنەوە، دەمتوانی لەیەک کاتدا دەست لەهەردوو دیواری بەرامبەر یەکتر بدەم. نزیک بەرەوە. (ئۆلگا نزیک نابێتەوە). ڕاستە، لە دەرەوەی زیندان لەدوورییەکی ماقووڵ دەژین، ئەمانە هەمووی بۆشایی بێ سوودن! چەند سەیر و سەمەرەیە پیاو ئازادبێ، پیاو سەری سووڕدەمێنێ. دەبێ عادەت بەوە بگرم قسە

لەگەڵ خەڵک بکەم بێ ئەوەی دەستیان لێ بدەم.

ئۆلگا: کەی بەریاندای؟

هوگۆ: زۆر نییە.

ئۆلگا: ڕاستەوخۆ هاتیە ئێرە؟

هوگۆ: ئەی دەتەوێ بچمە کوێ؟

ئۆلگا: بەکەست نەگوتووە؟ (هوگۆ سەیری ئۆلگا دەکا و پێدەکەنێ).

هوگۆ: نەخێر ئۆلگا. دڵنیابە، بەکەس. (ئۆلگا کەمێک ئاسوودە دەبێ و تەماشای دەکا).

ئۆلگا: دیارە سەرتیان سفر نەکردووە.

هوگۆ: نەخێر.

ئۆلگا: بەڵام زولفیان بڕیووی (وچانێک)

هوگۆ: پێت خۆشە جارێکی دیکەش دەمبینییەوە؟

ئۆلگا: نازانم. (دەنگی هۆڕن و ئۆتۆمبێل دێ. هوگۆ ڕادەچلەکێ. دەنگەکە دووردەکەوێتەوە و ئۆلگاش بەساردی دەڕوانێتە هوگۆ). ئەگەر ڕاستە ئازادیان کردووی ئەم ترسەت لەچییە.

هوگۆ: (بەتەوسەوە). وا هەست دەکەی دەترسێم؟ (شانەکانی هەڵدەتەکێنێ. وچانێک) ئەی لوی چی بەسەرهاتووە؟

ئۆلگا: باشە.

هوگۆ: ئەی لۆران؟

ئۆلگا: ئەو بەختی نەبوو.

هوگۆ: بێگومانم. نازانم بۆچی عادەتم بەوەگرتبوو وەک مردوویێک بیری لێ بکەمەوە. دەبێ شتێک ڕوویدابێ.

ئۆلگا: لەوەتەی ئاڵمانەکان لێرەن ژیانەکە زۆر سەخت بووە.

هوگۆ: (بەبێ باکی). ڕاستە. ئاڵمانەکان لێرەن.

ئۆلگا: سێ مانگە پێنج تیپی سوپایی ئاڵمانەکان لێرەن. بەگشتی



دەیانویست لێرەوە بۆ هەنگاریا تێپەڕن کەچی مانەوە.

هوگۆ: ئەها، ئەها (وێڕای سەرنج ڕاکێشانەوە). کەواتە خەڵکی نوێتان بۆ هاتووە؟

ئۆلگا: زۆر

هوگۆ: گەنجیان تیایە؟

ئۆلگا: تاڕادەیەک گەنجێکی زۆر. هەڵبەت بەهەمان شێوە خەڵک وەرناگرن. بۆشایی هەیە دەبێ پڕبکرێتەوە: هەرچی ئێمەین هەمان دیسیپلینمان نییە.

هوگۆ: بەڵێ، بێگومان: دەبێ خۆمان ڕابێنین. (وێڕای سووکە نیگەرانییەک). بەڵام بەگشتی ئەمە هەمان هێڵە؟

ئۆلگا: (بەنارەحەتییەوە) جا... بەگشتی، هەڵبەت وایە.

هوگۆ: ئیتر ئەمەیە، ئێوە ژیاون. ڕاستییەکەی لەزیندان بەخراپی خەیاڵت بۆ ئەو دەچێ کە خەڵکی دیکە دەژین. ئایا یەکێک لەژیانت هەیە؟

ئۆلگا: ناوە ناوە. (وەڵامدانەوەی ئاماژەیەکی هوگۆ). نەخێر ئێستا کەس نییە.

هوگۆ: لەبارەی منەوە چ جار قسەتان کردووە؟

ئۆلگا: (پێیەوە دیارە بەزەحمەت درۆ دەکا) هەندێ جار.

هوگۆ: شەو بەسواری پاسکیلەکانیان دەگەیشتن، هەروەکو سەردەمی من، لە چواردەورەی مێز دادەنیشتن و لوی پایپەکەی دەکێشا و یەکێک دەیگوت: لەشەوێکی وەکو ئەمەبوو کوڕەکە خۆی پێشنیارکرد بۆ کارێکی جێگای باوەڕ بنێردرێ.

ئۆلگا: ئەمە یان شتی دیکە.

هوگۆ: ئێوەش دەتانگوت باش لێی دەرچوو، ئەو کاری خۆی کرد بێ ئەوەی خۆی بخاتە داوی کەس.

ئۆلگا: بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ.

هوگۆ: که لەزیندان بووم، هەندێ جار باران بەخەبەری دەهێنام و لەگەڵ خۆم دەمگوت: ئاویان زۆر دەبێ، ئینجا پێش ئەوەی خەوم لێ بکەوێتەوە دەمگوت لەوانەیە لەم شەوەدا لەبارەی منەوە گفتوگۆ بکەن. ئەمەش لەخۆیدا باڵا دەستی سەرەکی من بوو بەسەر مردووەکان. ئێستاش دەتوانم بڵێم ئێوە بیرتان لەمن دەکردەوە. (ئۆلگا بەجووڵەیەکی بێ مەبەست و شێواو قۆڵی دەگرێ. سەیری یەکتر دەکەن. ئۆلگا قۆڵی هوگۆ بەردەدا. هوگۆ دەستێک بەخۆیدا دەهێنێ). پاشان، ڕۆژێک ئێوە بەخۆتان گوتتان: هێشتا سێ ساڵی ماوە لەزیندان، کە دەریش دەچێ، (دەنگی هوگۆ دەگۆڕێ و چاویشی لەسەر ئۆلگایە)... کە دەریش دەچێ بۆ دانەوەی پاداشتی وەک سەگ دەیکوژین.

ئۆلگا: (لەناکاو دەکشێتەوە). تۆ شێتی؟

هوگۆ: دەی دەی ئۆلگا! (وچانێک) ئەوە تۆیان ڕاسپاردبوو شیرینییەکانم بۆ بنێرێ؟

ئۆلگا: کامە شیرینی؟

هوگۆ: دەی، دەی، بیڵێ!

ئۆلگا: (بەدەنگێکی پڕ لە دەسەڵات) چ شیرینییەک؟

هوگۆ: ئەو شیرینیانەی لەناوەوە شلەیەکی تێدایە و لەپاکەتێکی پەمبەیین. یەکێک بەناوی (درێش) بۆ ماوەی شەش مانگ بەرێکی پاکەتە شیرینی بۆ ڕەوان کردووم. لەبەرئەوەی کەسێکم بەو ناوە نەناسیووە، واتێگەیشتم کە پاکەتەکان لەلایەن ئێوەوە دەنێردران، ئەمەش خۆشیی پێ دەبەخشیم. پاشان لەناردنی وەستان، لەدڵی خۆم دەمگوت لەبیرم دەکەن. سەرەنجام، پێش سێ مانگ پاکەتێکی دیکە لەگەڵ جگەرە لەلایەن هەمان کەسەوە گەیشت. من جگەرەکانم کێشا و هاورێ زیندانییەکەشم شیرینییەکەی خوارد. بەڵام ئەو بەدبەختە گەلێک پێی نارەحەت بوو، گەلێک. ئینجا ئەو کاتە



زانیم لەبیرم ناکەن.

ئۆلگا: پاشان؟

هوگۆ: ئیتر تەواو.

ئۆلگا: هۆدێرێر برادەری وای هەبوو دەبێ تۆیان خۆش نەویستبێ.

هوگۆ: ئەگەر وابایە دوو ساڵ چاوەڕێیان نەدەکرد بۆ ئەوەی بیزانم. نەخێر ئۆلگا، تەواوی وەختم هەبوو بیر لەم مەسەلەیە بکەمەوە و تەنیا یەک لێکدانەوەم هەبوو. سەرەتا حزب وایدەزانی هێشتا دەتوانێ سوودم لێ وەرگرێ، پاشان ڕای گۆڕی.

ئۆلگا: (بەنەرمی) تۆ زۆر قسە دەکەی هوگۆ، هەردەم زۆر. تۆ پێویستت بەقسەکردن هەیە بۆ ئەوەی هەست بکەی لەژیاندای.

هوگۆ: بێ ئەوەی تۆ بیڵێی، من زۆر قسەدەکەم. زۆر بەدرێژی شتی لەبارەوە دەزانم. ئێوەش قەت باوەڕتان بەمن نەکردووە. پێویست بەوە ناکا لەمە دوورتر بڕۆین. (وچانێک) لێتان ناگرم، بۆ خۆشت ئەمە دەزانی. تەواوی ئەمە مەسەلەیە خراپ دەستی پێکرد.

ئۆلگا: هوگۆ سەیرم بکە. تۆ ئەوە دەڵێی کە دەیزانی. (ئۆلگا سەیری دەکا) بەڵێ، تۆ وای بۆ دەچی. (بەتووڕەییەوە) ئیتر تۆ بۆ هاتوویتە کن من؟ بۆچی؟ لەبەرچی؟

هوگۆ: چونکە تۆ، تۆ ناتوانی بمکوژی. (سەیری دەمانچەکە دەکا کە هێشتا لەناو دەستی ئۆلگایە و هوگۆ زەردەی دێتێ) ئیتر بەلای کەمی ئەوەهای بۆ دەچم. (ئۆلگا بەزەردەخەنەیەکەوە دەمانچە فڕێ دەداتە سەر مێزەکە کە لەپەڕۆیەکە وەرپێچراوە) دەبینی.

ئۆلگا: گوێبگرە هوگۆ - لەوەی بۆمت گێڕایەوە وشەیەک چییە باوەڕم پێی نییە و هیچ فرمانێکیشم لەمبارەیەوە پێ نەگەیشتووە. بەڵام ئەگەر ڕۆژێک پێم بگا، دەبێ بزانی ئەوەی ئەمرم پێ دەکەن دەیکەم و ئەگەر یەکێک لەحزب لێ پرسینەوەم لەگەڵ بکا، بزانم لەبەرچاوم بەرتدەدەنەوە، پێیان دەڵێم تۆ لێرەی. ئایا پارەت هەیە؟

هوگۆ: نەخێر

ئۆلگا: ئێستا دەتدەمێ و لێرە دەڕۆی.

هوگۆ: بۆ کوێ؟ لە کۆڵانە گچکەکانی ئەم بەندەرە و یان لەسەر لێواری دەریا بەخۆڕایی بسووڕێمەوە؟ ئۆلگا ئاو ساردە. لێرە، هەرچییەک ڕووبدا ڕووناکی هەیە و گەرمە. سەرەنجام کۆتاییەکەی ئاسوودەتر دەبێ.

ئۆلگا: هوگۆ – منیش ئەوە دەکەم کە حزب فرمانم پێدەدا. سوێندت بۆ دەخۆم ئەوە دەکەم کە فرمانم پێدەدا.

هوگۆ: ڕاست دەکەی.

ئۆلگا: لێرە مەمێنە.

هوگۆ: نەخێر (لاسایی ئۆلگا دەکاتەوە). «ئەوە دەکەم کە حزب داوام لێ دەکا». شتی چاوەڕوان نەکراو دێتە پێشت. وێڕای باشترین ئیرادە، ئەوەی دەیکەین قەت ئەوە نییە کە حزب داواتان لێ دەکا. «دەچییە لای هۆدێرێر و سێ گوللە لە هەناوی دەگری» ئەمەش فرمانێکی سادە نییە؟ لەلای هۆدێرێر بووم و سێ گوللەم پێوەنا. بەڵام ئەمەیان شتێکی دیکەبوو. فرمان؟ چ فرمانی دیکە لەگۆڕێ نەبوو.

لەکاتێکی دیاریکراودا فرمانەکان بەجێت دەهێڵن و بەتەنیا دەمێنییەوە. فرمان لەدواوە بەجێماو بەتەنیا چوومە پێشەوە و هەر بەتەنیاش کوشتم و... ئیدی ناشزانم بۆچی. دەمەوێ حزب ئەمرت پێ بکا بمکوژی، بۆ بینین، تەنیا هەر بۆ بینین.

ئۆلگا: پاشان دەیبینی. (وچانێک) ئێستا دەتەوێ چی بکەی؟

هوگۆ: نازانم. بیرم لێ نەکردۆتەوە، کە دەرگای زیندانیان کردەوە بیرم کردەوە دێمە ئێرە و هاتم.

ئۆلگا: ژێسیکا لە کوێیە؟

هوگۆ: لەلای باوکییەتی، سەرەتا هەندێ جار بۆی نووسیوم. وابزانم چیتر بەناوی من بانگی ناکەن.



ئۆلگا: دەتەوێ جێگات لەکوێ بۆ بکەمەوە؟ هەموو ئێواران هەڤاڵان دێن. بەئارەزووی خۆیان دێن و دەڕۆن.

هوگۆ: لە ژوورەکەی خۆشت؟

ئۆلگا: نەخێر.

هوگۆ: من خۆم دەچوومە ژوورێ. لەوێ لەسەر قەنەفەکە پەشمەیەکی سوور هەبوو، کاغەزی دیوارەکە زەرد و کەسک دەچێتەوە، دوو وێنەش هەڵواسرابوون، یەکێکیان هی من بوو.

ئۆلگا: چییە، مەسەلەکە جەردکردنە؟

هوگۆ: نەخێر بەبیرم دێتەوە، زۆرجار بیرم لێ کردۆتەوە. بەڵام وێنەی دووەم محەیری کردووم بەبیرم نایەتەوە نازانم وێنەی کێ بوو.

(ئۆتمبێلێک بەسەر جادەکە تێدەپەڕێ، هوگۆ وشیار دەبێتەوە. هەردووکیان بێ دەنگ دەبن. ئۆتۆمبێلەکە دەوەستێ. دەنگی پێوەدانی دەرگاکەی دێ. لەدەرگا دەدەن).

ئۆلگا: کێیە؟

دەنگی شارل: منم شارل.

هوگۆ: (بەدەنگی نزم) شارل کێیە؟

ئۆلگا: (بەهەمان شێوە) کوڕێکی لای خۆمانە.

هوگۆ: (سەیری ئۆلگا دەکا) ئینجا؟ (وچانێکی زۆر کورت. شارل لەدەرگا دەداتەوە).

ئۆلگا: دەباشە چاوەڕێی چی دەکەی؟ بڕۆ ژوورەکەم، دەتوانی بیرەوەرییەکانت تەواو بکەی. (هوگۆ دەردەچێ، ئۆلگاش دەرگا دەکاتەوە).

## ديمەنی دووەم

شارل: لەکوێیە؟

ئۆلگا: کێ؟

شارل: ئەو کوڕە، لەوەتەی لەزیندان دەرچووە بەدواوەین. (بێدەنگییەکی کورت). لێرە نییە؟

ئۆلگا: بەڵێ، لێرەیە.

شارل: بەڵێ، لێرەیە.

ئۆلگا: لەوێ (ئاماژە بۆ ژوورەکە دەکا).

شارل: باشە. (شارل ئاماژە بۆ فرانتس دەکا بەدوایدا بچێ، دەستی لەگیرفانی چاکەتەکەی دەنێ و هەنگاوێک دەچێتە پێشەوە. ئۆلگا ڕێگای لێ دەگرێ).

ئۆلگا: نەکەی.

شارل: زۆری پێ ناچێ ئۆلگا. ئەگەر حەز بکەی دەتوانی پیاسەیەک لەسەر جادەکە بکەیت. کاتێ کە دەگەڕێیتەوە هیچ کەسێک و هیچ پاشماوەیەک نادۆزرێتەوە. ئەو کوڕە بۆ لەناوبردن لێرەیە.

ئۆلگا: نەخێر.

شارل: ئۆلگا لێگەڕێ بائیشەکەم بکەم.

ئۆلگا: لوی-ی تۆی ناردووە؟

شارل: بەڵێ.

ئۆلگا: لەکوێیە؟

شارل: لەناو ئۆتۆمبێلەکەیە.

ئۆلگا: بڕۆ بیهێنە (شارل دوو دڵە) دەی، پێت دەڵێم بڕۆ بیهێنە. (شارل ئاماژەیەک بۆ فرانتس دەکا، فرانتس بزر دەبێ. ئۆلگا و شارل بەرامبەریەک بەبێدەنگی دەمێننەوە. ئۆلگا بێ ئەوەی چاوی لەسەر ڕۆیشتنی فرانتس هەڵگرێ، لەسەر مێزەکە دەستەسڕەکە هەڵدەگرێتەوە کە دەمانچەکەی تێدایە).



## ديمەنی سێیەم

لوی: چیتە؟ بۆ ڕێگایان لێ دەگری کاری خۆیان بکەن؟

ئۆلگا: ئێوە زۆر پەلەتانە.

لوی: زۆر بەپەلەیی؟

ئۆلگا: بیانێرەوە

لوی: لەدەرەوە چاوەڕێم بکەن. ئەگەر بانگم کردن وەرن. (فرانتس و شارل دەردەچن). ئینجا؟ چیت هەیە بەمنی بڵێ. (وچانێک)

ئۆلگا: (بەهێمنی) لوی، ئەو بۆ ئێمە کاری کردووە.

لوی: ئۆلگا، خۆت منداڵ مەکە، کوڕێکی ترسناکە. نابێ هیچ قسەیەک بکا.

ئۆلگا: هیچی لەدەم دەرنایێ.

لوی: ئەو کوڕە؟ زۆڕەوی وەکی خۆی نییە...

ئۆلگا: هیچی لەدەم دەرنایێ.

لوی: دەڵێم دەبێ تۆ وەک چۆن وایە ئەوهای ببینی. تۆ هەردەم جۆرە لاوازییەکت بۆ ئەوە هەبووە.

ئۆلگا: تۆش لاوازییەکت دژی ئەو هەبووە. (وچانێک) لوی من بۆ ئەوەم نەهێناوی باسی لاوازی خۆمان بکەین. من لەبارەی بەرژەوەندی حزبەوە قسەت لەگەڵ دەکەم. لەوەتەی ئاڵمانەکان لێرەن خەڵکێکی زۆرمان لەناوچوونە. ناتوانین ڕێگا بەخۆمان بدەین ئەم کوڕە لەناو بەرین بێ ئەوەی بزانین دەشێ بیهێنینەوە ڕیزی خۆمان.

لوی: هێنانەوە ڕیز؟ ئەو ئەنارشیستێکی بچکۆڵەی بێ زەبتوڕەبت بوو، ڕۆشنبیرێک بوو تەنیا دەیتوانی هەڵوێستان وەرگری، بۆرژوایەک بوو ئەوکاتە کاری دەکرد کە ئارەزووی لێبایە و بە بەڵێ و بەنەخێرێک کارەکەی جێدەهێشت.

ئۆلگا: بەڵام هەر ئەو کوڕەش بوو، لەتەمەنی بیست ساڵی لەناوەڕاستی

پاسەوانەکان هۆدێرێری بەرداوە، پاشانیش ئەم کوشتنە سیاسییەی وا لێکرد وەک تاوانێکی عاتیفی بناسرێ.

لوی: بەڵام ئەمە کوشتنێکی سیاسییانە نەبوو؟ ئەم مەسەلەیە قەت ڕوون نەکراوەتەوە.

ئۆلگا: باشتریش، دەبێ ئێستا ڕوون بکرێتەوە.

لوی: مەسەلەیەکی بۆگەنە و نامەوێ لێی نزیک ببمەوە. پاشانیش لەهەموو حاڵەتێکدا وەختی ئەوەم نییە تاقی بکەمەوە.

ئۆلگا: من وەختم هەیە. (ئاماژەیەکی لوی) لوی، لەوە دەترسم تۆ زۆر عاتیفە بخەیتە ناو ئەم مەسەلەیە.

لوی: ئۆلگا، منیش لەوە دەترسێم تۆش گەلێک زۆرتر عاتیفە نەخەیتە ناو ئەم مەسەلەیەوە.

ئۆلگا: قەت منت بینیوە عاتیفە بەسەرمدا زاڵ بێ؟ گاڵتەم بەژیانی ئەو دێ. تەنیا ئەوەندە دەڵێم پێش ئەوەی لەناوی بەرین دەبێ بزانین حزب دەتوانێ وەری بگرێتەوە یان نە.

لوی: حزب چیتر ناتوانێ وەریبگرێتەوە، چیتر ناتوانێ، تۆش ئەمە باش دەزانی.

ئۆلگا: ئەو لەژێر ناوێکی دیکەی شاراوە کاردەکات و بێجگە لەلۆران کەمردووە و دریسدن کە لەجەبهەیە، کەسی دیکە نایناسێ. تۆ لەوە دەترسی قسە نەکا؟ ئەوەندە باش دەورە دراوە قسان ناکا. ئایا ئەو ڕۆشنبیر و ئەرناشیستێکە؟ بەڵێ، بەڵام بێ هیوایەکیشە. ئەگەر باش ئاراستە بکرێ دەتوانێ وەک پیاوی بەردەست و ئامادە بۆ هەموو پێویستییەک سوودی لێ وەربگیرێ. پێشتر ئەم توانایەشی پیشانداوە.

لوی: ئینجا، تۆ چی پێشنیار دەکەی؟

ئۆلگا: سەعات چەندە؟

لوی: نۆ.



ئۆلگا: نیوەشەو وەرنەوە. ئەوکاتە دەزانم بۆچی هۆدێرێری کوشتووە و ئیمرۆش کاری بەچی گەیشتووە. ئەگەر بەپێی تێگەیشتن و حوکمدانی خۆم بینیم دەتوانێ لەگەڵ ئێمە کاربکا، بێ ئەوەی دەرگا بکەمەوە، لە پشت دەرگاوە پێتان ڕادەگەیەنم، ئەو کاتە ئێوە دەبێ وازی لێ بێنن بەئارامی بخەوێ وبەیانییەکەی دەتوانن ئەوامری خۆتانی بدەنێ.

لوی: باشە ئەی ئەگەر نەتوانرا بهێندرێتەوە ڕیز؟

ئۆلگا: ئەو کاتە دەرگاتان بۆ دەکەمەوە.

لوی: ترسناکییەکی زۆر بۆ شتێکی هیچ.

ئۆلگا: چ ترسناکییەک؟ خەڵکی دیکە هەن لەچواردەورەیماڵەکە؟

لوی: چوارکەس.

ئۆلگا: دەبا تا نیوەشەو پاسەوانی بکەن. (لوی لە شوێنی خۆی ناجوولێ) لوی، ئەو بۆ ئێمە کاری کردووە. دەبێ مۆڵەتی بدەینێ.

لوی: نیوەشەو دەتبینمەوە. (دەردەچێ).

## دیمەنی چوارەم

ئۆلگا بەرەو دەرگای ژوورەکە دەچێت و دەیکاتەوە. هوگۆ دەردەچێ.

هوگۆ: ئەمە خوشکت بوو؟

ئۆلگا: چی؟

هوگۆ: وێنەکەی سەردیوار هی خوشکت بوو (وچانێک) وێنەکەی منت لابردووە. (ئۆلگا وەڵام ناداتەوە و تەماشای دەکا) دیمەنێکی سەیرت هەیە. چییان دەویست؟

ئۆلگا: لەدوات دەگەڕێن.

هوگۆ: ئێ، تۆش پێت گوتن کە من لێرەم.

ئۆلگا: بەڵێ.

هوگۆ: باشە. (دەڕوا بۆ ئەوەی دەرچێ)

ئۆلگا: دەرەوە مانگەشەوە و هەڤالانیش لەچواردەورەی ماڵەکەن.

هوگۆ: ئا؟ (لەبەرامبەر مێزەکە دادەنیشێ) شتێکمان بدێ بۆ خواردن.

(ئۆلگا دەچێ نان و قاپێک گۆشت دەهێنێ. لەو کاتەی قاپەکە و خواردنەکە لەپێشی دادەنێ، هوگۆ قسان دەکا). دەربارەی ژوورەکەت، هەست دەکەم جارێک چییە بەهەڵەدا نەچووم. هەموو شتێک وەک ئەوەبوو کە لەبیرەوەرییەکانمدا هەبوون. (وچانێک) تەنیا کاتێ کە لەزیندان بووم، لەخۆم دەپرسی، ئەمەیان بیرەوەرییە. ژووری ڕاستەقینە لەولایە، لەمەدیوی دیوار. چوومە ژوورەوە، سەیری ژوورەکەتم کرد هەروەک بیرەوەرییەکانم دیمەنێکی ڕاستەقینەی نەبوو. ژووری زیندانیش خەونێک بوو. چاوەکانی هۆدێرێر-یش خەوناوی بوون ئەو ڕۆژەی تیربارانم کرد. تۆ لەو باوەڕەی بەختی ئەوەم هەبێ بێدار ببمەوە. لەوانەیە ئەوکاتەی هاوڕێکانت بەخۆیان و تەقتەقۆکەکایان دەگەنە سەرم...

ئۆلگا: هەتا تۆ لێرەبی نزیکت ناکەونەوە.

هوگۆ: تۆ ئەم قەولەت لێ وەرگرتوون؟ (پەرداخێک شەراب تێدەکا). سەرەنجام هەردەبێ بەدەرچوون کۆتایی پێ بێ.

ئۆلگا: چاوەڕێ کە. تۆ ئەم شەوەت لەپێشە. دەشێ زۆر شت لەشەوێکدا ڕووبدا.

هوگۆ: دەتەوێ چی ڕوویدا؟

ئۆلگا: دەشێ هەندێ شت بگۆڕێن.

هوگۆ: چی؟

ئۆلگا: تۆ، من.

هوگۆ: تۆ؟

ئۆلگا: ئەمە لەسەر تۆ دەوەستێ.

هوگۆ: مەسەلەکە ئەوەیە من بتگۆڕم؟ (هوگۆ پێدەکەنێ و سەیری ئۆلگا دەکا و هەڵدەستێتەوە و بەرەو ئەو دەچێ. ئۆلگاش خێرا لێی دوور



دەکەوێتەوە).

ئۆلگا: ئەوهانا، ئەوها من ناگۆڕن تەنیا ئەوکاتانەی خۆم حەزم لێ بێ. (وچانێک، هوگۆ شانەکانی هەڵدەتەکێنێ و دادەنیشێتەوە. خەریکی خواردن دەبێتەوە).

هوگۆ: ئینجا؟

ئۆلگا: بۆچی ناگەڕێیەوە ڕیزی ئێمە؟

هوگۆ: (پێدەکەنێ) تۆ کاتی باش هەڵدەبژێری ئەم داوایەم لێ بکەی.

ئۆلگا: بەڵام ئەگەر ئەمە ڕێی تێ بچێ؟ ئەگەر تەواوی ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەتێکنەگەیشتنێکەوە هەبێ؟

هوگۆ: بیری لێ ناکەمەوە.

ئۆلگا: ئەی بیر لەچی دەکەیتەوە؟

هوگۆ: بیر لەوە دەکەمەوە کە کردوومە. هەوڵدەدەم تێبگەم بۆچی ئەمەم کردووە.

ئۆلگا: سەرەنجام تێگەیشتی؟ (هۆگی شانەکانی هەڵدەتەکێنێ). ئەمە لەگەڵ هۆدێرێر چۆن ڕوویدا؟ ئایا ڕاستە ئەو لەدەورەی ژێسیکا دەخولایەوە؟

هوگۆ: بەڵێ.

ئۆلگا: کەواتە بەهۆی دڵپیسییەوە... ئەمە.

هوگۆ: نازانم، لەو... باوەڕەدانیم.

ئۆلگا: بیگێڕەوە.

هوگۆ: چی؟

ئۆلگا: هەمووی، لەسەرەتاوە.

هوگۆ: گێڕانەوە، گران نییە. ئەم مەسەلەیەم هەمووی لەبەرە. لەزیندان هەموو ڕۆژێک دووبارەم کردۆتەوە. بەڵام ئەم مەسەلەیە چ مانایەک دەبەخشێ، ئەمەیان شتێکی دیکەیە. مەسەلەیەکی گێلانەیە وەک

گشت مەسەلەیەکی دیکە. ئەگەر لەدوورەوە سەیری بکەی بەئاستەم دیارە، بەڵام ئەگەر نزیک بیتەوە لێی هەمووی بزردەبێ.
کردەیەکی وا زۆر خێرا دەڕوا. لەناکا و لەناوت دەردێ و نازانی تۆ ویستووتە بیکەی یان تۆ نەتتوانیوە ڕاییگری، هەموو مەسەلەکە ئەوەیە گوللەم تێگرت...

ئۆلگا: لەسەرەتاوە بیگێڕەوە.

هوگۆ: سەرەتاکەی، تۆش وەکو من باش دەیزانی. لەلایەکی دیکە، ئایا هەر یەک مەسەلەیە؟ دەتوانین سەرەتای مەسەلەکە بەوە دەست پێ بکەین کە لەئاداری ١٩٤٣ لوی–ی ناردبوویە دوام. یاخود ساڵێک پێشتر، ئەوکاتەی من چوومە ناو حزب. یان هێشتا زووتریش، لەوکاتەی لەدایک بوومە. باشە سەرەنجام، وایدابنێین هەموو شتێک لەئاداری ١٩٤٣ دەستی پێکرد. (لەوکاتەی هوگۆ قسان دەکا وردە وردە شانۆ تاریک دادێ).



## تابلۆی دووەم

*هەمان دیکۆر، دوو ساڵ پێشتر لەماڵی ئۆلگا. شەوە. لە پەنجەرەی بنەبان کە دەڕوانێتە حەوشە، گوێمان لەدەنگە دەنگێک دەبێ، منگە منگێک دێ، هەندێ جار بەرزدەبێتەوە و هەندێ جاریش کز، وەک ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێک بەریتمێکی ڕێک لەگەڵ یەک قسەبکەن.*

## دیمەنی یەکەم

هوگۆ تایپ دەکا... لەدیمەنی پێشوو گەنجتر دیارە. ئیڤان بەپان و پۆڕی شانۆ پیاسەدەکا.

ئیڤان: قسە بکە؟

هوگۆ: هە؟

ئیڤان: ناتوانی لەتایپ کردن بوەستی؟

هوگۆ: بۆچی؟

ئیڤان: چونکە تووڕەم دەکا.

هوگۆ: کەچی تۆ دیمەنی یەکێکی تووڕەت نییە.

ئیڤان: ئێ باشە، بەڵام ئەو دەمە تووڕەم دەکا. تۆ بۆ قسەم لەگەڵ ناکەی؟

هوگۆ: (لەگەڵ خێراتربوون). من، لەوەباشتر شتێکی دیکە داواناکەم. تۆ ناوت چییە؟

ئیڤان: لەژیانی نهێنی ناوم ئیڤانە. ئەی تۆ؟

هوگۆ: ڕاسکۆلینکۆف[١]

ئیڤان: (بەپێکەنینەوە) تۆ ناوی یەکێکی دیکە دێنی.

هوگۆ: ئەمە ناوی حزبیی منە.

(١) پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانی: تاوان و سزا–ی دەستەبیێڤسکی–یە. وەرگێڕ.

ئێڤان: ئەم ناوەت لەکوێ دۆزییەوە؟
هوگۆ: پاڵەوانی ڕۆمانێکە.
ئیڤان: چی دەکا؟
هوگۆ: دەکوژێ.
ئیڤان: ئەها! ئەی باشە تۆ کەست کوشتووە؟
هوگۆ: نەخێر. (وچانێک) کێ تۆی ناردۆتە ئێرە؟
ئیڤان: لوی.
هوگۆ: ئینجا دەبێ چی بکەی؟
ئیڤان: چاوەڕێ بکەم تا دەبێتە سەعات دە.
هوگۆ: ئێ پاشان؟ (ئیڤان ئاماژەیەک بۆ هوگۆ دەکا کە نابێ پرسیاری لێ بکا. دەنگە دەنگێک لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دێ، زیاتر بەدەمەقاڵێ دەچێ).
ئیڤان: ئەمانە لەژوورێ خەریکی چین؟ (هوگۆ بەدەنگی بەرزتر لاسایی ئیڤان دەکاتەوە ئاماژەیەک بۆ ئیڤان دەکا کە نابێ پرسیاری لێ بکا).
هوگۆ: دەبینی، ئەوەی کە هەراسان کەرە، ئەوەیە گفتوگۆکان لەمە دوورتر ناڕۆن. (وچانێک)
ئیڤان: ماوەیەکی زۆرە تۆ لەناو حزبی؟
هوگۆ: لە ١٩٤٢ەوە. ماوەی ساڵێکە من ئەو کاتە چوومە ناو حزب کە سەرۆکی حکومەت جەنگی دژی یەکێتی سۆڤیات دەست پێکرد. ئەی تۆ؟
ئیڤان: هەر بەبیریشم نایەتەوە. لەوباوەڕەم هەردەم تێیدابووم. (وچانێک) ئەرێ ئەوەتۆ ڕۆژنامەکە ئامادە دەکەی؟
هوگۆ: من و خەڵکانی دیکە.
ئیڤان: گەلێ جار پێم دەگا بەڵام نایخوێنمەوە. خەتای تۆی تێدانییە، بەڵام



دەنگوباسەکانتان هەشت ڕۆژ درەنگتر لە BBC و ڕادیۆی سۆڤیاتی دەگات.
هوگۆ: ئەی باشە دەتەوێ دەنگوباس لەکوێ وەرگرین؟ ئێمەش وەک ئێوەین، گوێ لەرادیۆ دەگرین.
ئیڤان: من هیچ ناڵێم. تۆ کاری خۆت دەکەی و لۆمەت ناکرێ. (وچانێک) سەعات چەندە؟
هوگۆ: دەی پێنجی دەوێ.
ئیڤان: بەڵێ. (باوەشکی دێتێ).
هوگۆ: چیتە؟
ئیڤان: هیچ
هوگۆ: هەست دەکەی ناتەواوی؟
ئیڤان: نا، باشم.
هوگۆ: پێناچێ ئاسوودە بیت.
ئیڤان: دەڵێم باشم. پێش ئەمە هەردەم وام.
هوگۆ: پێش چی؟
ئیڤان: هیچ (وچانێک) کە دەکەومەوە سەر پاسکیلەکەم باشتر دەبم. (وچانێک) هەست دەکەم زۆر هێمنم، ناتوانم ئازاری مێشێکیش بدەم. (باوەشکی دێتێ، ئۆلگا لەدەرگای سەرەکی دێتە ژوورێ).

## دیمەنی دووەم

ئۆلگا دێتەژوورێ جانتایەکی پێیە و لەتەنیشت دەرگای دادەنێ.
ئۆلگا: (ڕووی لە ئیڤانە) فەرموو. دەتوانی لەو شوێنەی قایم کەی کە جانتای لێ دادەنێین.
ئیڤان: ببینم، بەڵێ، زۆرباشە.
ئۆلگا: سەعات دەیە. دەتوانی بڕۆی. وابزانم دەربارەی سەیتەرە و ماڵەکە قسەیان بۆ کردی.

ئیڤان: بەڵێ.

ئۆلگا: دەباشە، بەهیوای بەختێکی باش.

ئیڤان: باسی بەخت و بەدبەختی مەکە (وچانێک) ماچم دەکەی؟

ئۆلگا: بێگومان. (ئۆلگا هەردوو ڕوومەتی ماچ دەکا).

(ئیڤان بەرەو جانتاکە دەچێ و پێش ئەوەی دەرچێ خۆی وەردەسووڕێنێتەوە و بەدەنگێکی گــڕژی پێکەنیناوی دەڵێ:) خـــواحـــافـــیـــز، ڕاسکۆلینکۆف.

هوگۆ: (بەزەردەخەنەیەکەوە) بڕۆ بەجەهەننەم.

## دیمەنی سێیەم

ئۆلگا: تۆ نەدەبوایە پێی بڵێی بڕۆ بەجەهەننەم.

هوگۆ: بۆچی؟

ئۆلگا: ئەمانە قسەنین بەکەسانێک بگوترێن.

هوگۆ: (بەسەرسووڕمانەوە). بەڕاستی تۆش هەندێ جار خەیاڵ پلاوی؟

ئۆلگا: (بەهەراسانییەوە) نەخێر، شتی وانییە. (هوگۆ بەوردی سەیری دەکا).

هوگۆ: بۆ ئیڤان دەچێ چی دەکا؟

ئۆلگا: تۆ پێویستت بەوەنییە بیزانی.

هوگۆ: دەچێ پردی کۆرسک دەتەقێنێتەوە؟

ئۆلگا: بۆ دەتەوی پێت بڵێم؟ ئەگەر لێدانێکی سەخت ڕوویدا، تۆ کەمترین شتی لەبارەیەوە دەزانی، ئەمەش باشترە.

هوگۆ: بەڵام تۆ دەزانی دەچێ چی دەکا؟

ئۆلگا: (بەشان هەڵتەکاندنێکەوە). ئۆه! من...

هوگۆ: بێگومان تۆ، تۆ ئەوکاتە دەمت دەگری. تۆ بەلوی-ی دەچی، بێ ئەوەی قسەت لەدەم دەرچێ دەتکوژێ. (بێدەنگییەکی کورت) کێ



دەتوانێ بۆتان بسەلمێنێ کە من قسە دەکەم؟ چۆن دەتوانن باوەڕتان پێم بێ ئەگەر تاقیم نەکەنەوە؟

ئۆلگا: حزب مەدرەسەی ئێواران نییە. ئێمە بەدوای ئەوە ناگەڕێین تاقیت بکەینەوە بەڵام بەپێی توانای خۆت بەکارت دەهێنین.

هوگۆ: (دەست بۆ تایپەکە درێژ دەکا) جا باشە توانای من، ئەوەیە؟ ئۆلگا: ئەی حەزدەکەی ببیتە ئەو کەسەی کە سکەی قیتار لێک دەکاتەوە؟

هوگۆ: نەخێر.

ئۆلگا: ئینجا؟ (بێدەنگی. هوگۆ لەنەینۆکەکە تەماشای خۆی دەکا) هەست دەکەی جوانی؟

هوگۆ: سەیری خۆم دەکەم دەمەوێ بزانم بەباوکم دەچم. (وچانێک) ئەگەر سمێڵم هەبایە تەواو بەو دەچووم.

ئۆلگا: (شانەکانی هەڵدەتەکێنێ) پاشان؟

هوگۆ: باوکمم خۆش ناوێ.

ئۆلگا: ئەمە دەزانین.

هوگۆ: باوکم پێی گوتم: «منیش لەسەردەمی خۆم، سەر بەگرووپێکی شۆڕشگێڕبووم، لە ڕۆژنامە دەمنووسی. هەروەک چۆن ئەم سەردەمە بەسەر من تێپەڕی بەسەر تۆش تێدەپەڕی».

ئۆلگا: باشە بۆچی ئەم شتانەم بۆ دەگێڕیتەوە؟

هوگۆ: بۆ هیچ، تەنیا هەموو جارێک کە لەنەینۆک سەیری خۆم دەکەم بیری لێ دەکەمەوە. ئیتر تەواو.

ئۆلگا: (دەست بۆ دەرگای هۆڵی کۆبوونەوە درێژ دەکا) لوی لەژوورەوەیە؟

هوگۆ: بەڵێ.

ئۆلگا: هۆدێرێر-یش.

هوگۆ: نایناسم بەڵام لەو بڕوایەدام ئەویش لەوێیە. بەڕاست ئەم کابرایە کێیە؟

ئۆلگا: ئەندامی پەرلەمانی لاندستاگ بوو پێش هەڵوەشانەوە. ئێستاش سکرتێری حزبە. هۆدێرێر ناوی ڕاستەقینەی خۆی نییە.

هوگۆ: کەواتە ناوی ڕاستەقینەی خۆی چییە؟

ئۆلگا: پێشتریش پێم گوتی کە تۆ زۆر فزولیت.

هوگۆ: ئەمانە هاوار دەکەن، دەڵێی شەڕ دەکەن.

ئۆلگا: هۆدێرێر کۆمیتەی کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی دەربارەی پێشنیارێک دەنگیان پێبدا.

هوگۆ: ئاگادارنیم، تەنیا ئەوەندە دەزانم لوی دژی ئەم پێشنیازە دەوەستێ.

ئۆلگا: کام پێشنیار؟

هوگۆ: (بەپێکەنینەوە) ئینجا، ئەگەر لوی دژی بوەستێ منیش دژی دەوەستم. پێویست بەوە ناکات بزانین مەسەلەکە چییە. (وچانێک) ئۆلگا، تۆ دەبێ یارمەتیم بدەی.

ئۆلگا: یارمەتی دەربارەی چی؟

هوگۆ: قەناعەت بەلوی-ی بهێنی بمخاتە ناو چالاکی ڕاستەوخۆ. بێزاربووم ئەوەندەی بنووسم، لەکاتێکدا هەڤالانمان خۆیان بەکوشت دەدەن.

ئۆلگا: تۆ خۆت دووچاری خەتەری دەکەی.

هوگۆ: هەمان شت نین. (وچانێک) ئۆلگا، حەزناکەم بژیم.

ئۆلگا: بەڕاستی؟ بۆچی؟

هوگۆ: (ئاماژەیەک دەکا). زۆر سەختە.

ئۆلگا: کەچی تۆ ژنت هەیە.

هوگۆ: پیەه!

ئۆلگا: تۆ ژنەکەتت خۆش دەوێ.

هوگۆ: بەڵێ، بێگومان (وچانێک.) بۆ یەکێک ژیانی خۆش نەوێ، دەشێ ئەمە سوودی خۆی هەبێ، ئەگەر بزانین بەکاری بهێنین. (هاوار و دەنگە دەنگ لەهۆڵی کۆبوونەوەکە دێ). دیارە لەژوورەوە خراپ



قەوماوە.

ئۆلگا: (بەنیگەرانییەوە.) زۆر خراپ.

## دیمەنی چوارەم

(دەرگا دەکرێتەوە. لوی و دوو کەسی دیکە دەردەچن و بەخێرایی تێدەپەڕن. دەرگای سەرەکی دەکەنەوە و دەردەچن.)

لوی: تەواو.

ئۆلگا: ئەی هۆدێرێر؟

لوی: لەگەڵ بۆریس و لوکاس بەدەرگای پشتەوە دەرچوون.

ئۆلگا: ئینجا؟

لوی: (لوی بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە شانەکانی هەڵدەتەکێنێ. وچانێک پاشان دڵێ:) بێ ناموسینە!

ئولگا: دەنگتان دا؟

لوی: بەڵێ. (وچانێک) ئیجازەی پێدرا دەست بەسازش بکا. کاتێ کە بەپێشنیاری ڕێک و ورد دەگەڕێتەوە، دەباتەوە.

ئۆلگا: کۆبوونەوەی ئاینده بۆ کەیە؟

لوی: بۆ دە ڕۆژی دیکە. بەگشتی هەر هەفتەیەکمان لەپێشە. (ئۆلگا هوگۆ نیشانی لوی دەدا) چی؟ ئاه...! بەڵێ... تۆ هێشتا لێرەی؟ (لوی سەیری دەکا و بەسەرگەرمییەوە قسەی لەگەڵ دەکا:) تۆ هێشتا لێرەی...؟ (هوگۆ ئاماژەیەک دەکا بۆ ئەوەی بڕوا.) بووەستە. لەوانەیە کارێکم بۆ تۆ هەبێ. (ڕووی لەئۆلگا دەکا) تۆ لەمن باشتر دەیناسی. ئەمە چی پێدەکری؟

ئۆلگا: زۆری پێدەکرێ.

لوی: ترسی ئەوەی لێ ناکرێ بڕووخێ؟

ئۆلگا: هەڵبەت نەخێر، زیاتر دەشێ...

لوی: چی؟

ئۆلگا: هیچ. دشێ لێوەشاوەبێ.

لوی: باشە. (وچانێک.) ئیڤان ڕۆیشت؟

ئۆلگا: چارەکێکە.

لوی: ئێمە زۆر نزیکی ئەو شوێنەین، لێرەوە گوێمان لەدەنگی تەقینەوەکە دەبێ. (وچانێک. لوی بەرەو هوگۆ دەگەڕێتەوە.) واپێدەچێ دەتەوێ چالاکی ڕاستەوخۆ بکەی؟

هوگۆ: بەڵێ.

لوی: بۆچی؟

هوگۆ: هەروا.

لوی: زۆرباشە. بەڵام تۆ نازانی هیچ کارێک بکەی.

هوگۆ: ڕاستە، نازانم هیچ بکەم.

لوی: ئینجا؟

هوگۆ: لەڕووسیا، لەکۆتایی سەدەکەی دیکە، کوڕی وا هەبوو بەخۆیی و بۆمبایەک لەسەر ڕێگای گەورە پیاوێک دەوەستا، بۆمب دەتەقییەوە، کوڕەکە و گەورە پیاوەکە پارچە پارچە دەبوون. دەتوانم ئەمە بکەم.

لوی: بەڕاستی ئەمانە خەڵکانێکی ئەنارشی(١)بوون. تۆش خەون بەمانەو دەبینی چونکە بەوان دەچی: ڕۆشنبیرێکی ئەنارشی. تۆ پەنجا ساڵ لەدواوەی، تیرۆریزم کۆتایی پێ هاتووە.

هوگۆ: کەواتە من بێ توانام.

لوی: لەم ڕووەوە، بەڵێ.

هوگۆ: باچیتر لەسەری نەڕۆین.

لوی: بووەستە. (وچانێک.) لەوانەیە شتێکت بۆ بدۆزمەوە بیکەیت.

هوگۆ: کاری ڕاستەقینە؟

(١) ئەنارشی: فوضوی



لوی: بۆچی نا؟

هوگۆ: جا بەڕاستی باوەڕم پێدەکەی؟

لوی: ئەمە پەیوەندی بەتۆوە هەیە.

هوگۆ: هەرچییەکەم بدەیێ دەیکەم.

لوی: ئێستا دەبینین. دانیشە. (وچانێک) ئەم حاڵەتەت لەپێشە: لەلایەک حکومەتی فاشیستی سەرۆک خۆی خستەپاڵ سیاسەتی هیتلەر و مۆسۆلینی، لەلایەکی دیکە حزبمان لەپێناوی دیموکراسی و ئازادی و کۆمەڵێکی بێ چین خەبات دەکا. لەنێوان ئەم دووە پەنتاگۆن بەنهێنی بۆرژوا لیبرالی و نەتەوە پەرستەکان کۆ دەکاتەوە. ئەمانە سێ گرووپی بەرژەوەندی دژ بەیەکن، سێ گرووپ مرۆڤن کە ڕق و کینەیان بەرامبەر یەکتر هەیە. (وچانێک) ئەم ئێوارەیە هۆدێرێر هەموومانی کۆکردەوە چونکە دەیەوێ حزبی پرۆلیتاری خۆی بخاتە پاڵ فاشیستەکان و پەنتاگۆن، بۆ ئەوەی پاش جەنگ دەسەڵاتیان لەگەڵ دابەش بکا. تۆ چۆنی بۆ دەڕوانی؟

هوگۆ: (بەپێکەنینەوە.) تۆ گاڵتەم پێ دەکەی.

لوی: بۆ؟

هوگۆ: چونکە مەسەلەیەکی گێلانەیە.

لوی: لەگەڵ ئەمەش ماوەی سێ سەعات بوو لێرە گفتوگۆمان لەسەر ئەوە دەکرد.

هوگۆ: سەرەنجام... ئەمە وەک ئەوە وایە تۆ پێم بڵێی ئۆلگا لەلای پۆلیس خەبەری لێ داوین و حزبیش سوپاس و تەقدیری بۆ ناردبێ.

لوی: بەڵام تۆ چی دەکەی ئەگەر زۆر بەڕای خۆی بۆ ئەم لێک نزیکبوونەوە ڕاگەیاند؟

هوگۆ: ئەوە تۆ بەڕاستیتە؟

لوی: بەڵێ.

هوگۆ: لەو ڕۆژەوەی کە تێگەیشتم چەوسانەوە چ مانایەک دەبەخشێ، خێزان و چینی خۆم بەجێهێشت. بەهیچ شێوەیەک من لەگەڵ ئەو زۆربەیەدا نابم.

لوی: بەڵام ئەگەر مەسەلەکان وا شکانەوە؟

هوگۆ: ئینجا، نارنجۆکێک هەڵدەگرم و دەچم لە «گۆڕەپانی شاهانە» پۆلیسێک دەکوژم، خۆ ئەگەر بەختم هەبوو پێشمەرگەیەکی خۆمان بەبەربکەوێ باشترە. پاشان لەتەنیشت تەرمەکە چاوەڕێ دەکەم بزانم چیم بەسەردێ. (وچانێک.) بەڵام ئەمە نوکتەیەکە.

لوی: کۆمیتە پێشنیارەکەی هۆدێرێر-ی بەچوار دەنگ بەرامبەر بەسێ دەنگ قبوڵ کرد. لەهەفتەی داهاتوو هۆدێرێر چاوی بەنماینده‌کانی سەرۆک حکومەت دەکەوێ.

هوگۆ: چییە، خۆی فرۆشتووە؟

لوی: نازانم و بەلاشمەوە گرینگ نییە. ئەگەر بەژیرانە بڕوانین، ئەو کابرایەکی خائینە، ئەمەندەش بۆ من هەموو شتێکە.

هوگۆ: بەڵام، لوی... سەرەنجام، نازانم، من، ئەمە زۆر بێ مانایە: سەرۆک ڕقی لێمان دەبێتەوە، ڕاومان دەنێ، بەهاوپەیمانی ئەڵمان دژی یەکێتی سۆڤیات دەجەنگێ، خەڵکی ئێمەی تیرباران کردووە، چۆن دەبێ...؟

لوی: سەرۆک باوەڕی بەوە نەماوە هیتلەر و مۆسۆلینی سەربکەون، ئەو دەیەوێ پێستی خۆی زرگاربکا. ئەگەر هاوپەیمانەکان جەنگ ببەنەوە، دەیەوێ بتوانێ بڵێ کە یارییەکی دووسەرەی دەکرد.

هوگۆ: بەڵام هەڤالانمان...

لوی: تەواوی (P.A.C) کە من نوێنەریانم دژی هۆدێرێر-ن. تەنیا ئەمەندە هەیە و تۆ دەزانی: حزبی پرۆلیتاری لەئەنجامی تێکەڵاوبوونی P.A.C و سۆسیال دیموکراتەکان دروست بوو. سۆسیال دیموکراتەکان دەنگیان بۆ هۆدێرێردا و ئەوان زۆربەی دەنگەکانیان هێنا.



هوگۆ: بۆچی ئەوان...؟

لوی: چونکە لە هۆدێرێر دەترسن...

هوگۆ: باشە ئێمە ناتوانین لەخۆمانیان دوورخەینەوە؟

لوی: مەبەستت دوولەت بوونە؟ موستەحیلە. (وچانێک). باشە بچکۆڵ تۆ لەگەڵ ئێمەی؟

هوگۆ: لە تۆ و ئۆلگا فێری هەموو شتێک بووم، من قەرزاری ئێوەم، بۆمن حزب ئێوەن.

لوی: (ڕوو لە ئۆلگا دەکا.) ڕاست دەکا؟

ئۆلگا: بەڵێ.

لوی: باشە. (ڕوو لە هوگۆ دەکا.) تۆ باش لەمەسەلەکە دەگەی: ئێمە نەدەتوانین وازی لێ بهێنین نەدەتوانین بەرزی بکەینەوە بۆ کۆمیتە. بەڵام مەسەلەکە تەنیا مانۆڤەرێکی هۆدێرێرە. بێ هۆدێرێر ئەوانی دیکە بۆ ئێمە هیچ نین و دەتوانین دەستیان بەسەردا بگرین. (وچانێک.) سێ شەممەی ڕابردوو قوتابی بێ و ژنیشی هەبێ.

هوگۆ: بۆچی ژنی هەبێ؟

لوی: نازانم، تۆ ژنت هەیە؟

هوگۆ: بەڵێ.

لوی: ئینجا؟ تۆ ڕات لەسەرە؟ (سەیری یەکتر دەکەن).

هوگۆ: (بەهێز و جورئەتەوە). بەڵێ

لوی: زۆرباشە، بەیانی لەگەڵ ژنەکەت دەڕۆیت. لەدووری بیست کیلۆمەتر لێرەوەیە، لەماڵێکی گوندی کە برادەرێک خستوویەتیە بەردەستی، دادەنیشێ. لەگەڵ سێ کەسی چوارشانە دەژین کە بۆ حاڵەتی سەخت و نالەبار لەوێن. تۆ تەنیا ئیشت ئەوەیە چاوەدێری بکەی، هەر کە دەگەیتە ئەوێ پەیوەندی دروست دەکەین. بەهیچ شێوەیەک نابێ چاوی بەنماینده‌کانی سەرۆک بکەوێ. یان لەهەموو حاڵەتێک

نابێ دووجار چاوی پێیان بکەوێ. تێگەیشتی؟

هوگۆ: بەڵێ.

لوی: ئەو ئێـوارەیەی ئاگـادارت دەکـەینەوە، دەرگـا لـەسێ لەهەڤـاڵانمان دەکەیتەوە و ئەوانیش کاری خۆیان جێبەجی دەکەن. ئۆتۆمبێلێک لەسـەر جـادەکـە دەوەسـتێ، لەو مـاوەیە خـۆت و ژنەکـەت خـۆتان دەخزێننە ناوی.

هوگۆ: ئا، لوی

لوی: چی؟

هوگۆ: کەواتە ئەمەیە؟ تەنیا ئەمـەیە؟ ئەوەیە کـە تۆ وادەزانی لەتوانامـدا هەیە بیکەم؟

لوی: ئامادەنیت بیکەی؟

هوگۆ: نەخێر، بەهیچ شێوەیەک: نامەوێ کاری خیانەت بکەم. ئێمەش شێوازی خۆمان هەیە. ڕۆشنبیرێکی ئەنارشی ئامادە نییە هەرچی شتێک بکا.

ئۆلگا: هوگۆ!

هوگۆ: بەڵام منیش ئەمەتان پێشنیار دەکەم: پێویست نە بەپەیوەندی نە بەسیخوڕی ناکا. خۆم کارەکە دەکەم.

لوی: تۆ؟

هوگۆ: بەڵێ من.

لوی: ئەمە کارێکی سەختە بۆ یەکێکی بێ ئەزموون.

هوگۆ: ئەو سێ بکوژەی دەینێرن ڕەنگە تووشی پاسەوانەکانی هۆدیرێر ببنەوە. خەتەری ئەوە هەیە ئەوانیش بکوژرێن. بەڵام، ئەگەر خۆم سکرتێری ئەوبم و ببمە جێگای باوەڕی ئەو، ڕۆژانە چەند سەعاتێک بەتەنیا لەگەڵ ئەو دەمێنمەوە.

لوی: (بەدوو دڵییەوە.) نازا...



ئۆلگا: لوی.

لوی: چی؟

ئۆلگا: (بەهێمنی.) باوەڕی پێ بکە. گەنجێکە و بەدوای بەختی خۆی دەگەڕێ، تاکۆتایی دەڕوا.

لوی: تۆ لەجیاتی ئەو وەڵام دەدەیەوە؟

ئۆلگا: بەڵێ، بەباوەڕەوە.

لوی: باشە، کەواتە گوێبگرە... (دەنگی تەقینەوەیەکی بەهێز لەدوورەوە دەبیسترێ.)

ئۆلگا: سەرکەوت.

لوی: چراکە بکوژێنەوە! هوگۆ پەنجەرەکە بکەوە! (چراکە دەکوژێنێتەوە و پەنجەرەکە دەکاتەوە. لەقووڵایی ڕۆشنایی سووتانێک دەبینرێ).

ئۆلگا: دەسووتێ، لەوێ، دەسووتێ. گشتی ئاگرە. سەرکەوت. (هەموویان لەپەنجەرەن).

هوگۆ: سەرکەوت، پێش کۆتایی هەفتە، هەردووکتان لێرە دەبن، لەشەوێکی ئەوها چاوەڕێی خەبەر دەکەن. نیگەران دەبن و قسە لەبارەی منەوە دەکەن و منتان بەلاوە گرینگە و لەخۆتان دەپرسن چی دەکا؟ ئینجا پاشان زەنگی تەلەفۆنەکە لێدەدا یانیش یەکێک لەدەرگا دەدا و ئێوەش هەروەکو ئێستا زەردەتان دێتێ و دەڵێن: سەرکەوت.

(پەردە)

## تابلۆی سێیەم

*مالێک. تەختێک، چەند قەنەفەیەک، چەند کورسییەک. جلوبەرگی ژنانە لەسەر هەموو کورسییەکان، چەند جانتایەک بەکراوەیی لەسەر تەختەکەن.*

### دیمەنی یەکەم

ژێسیکا شوێنەکە ڕێکدەخا. دەچێ لەپەنجەرەوە دەڕوانێ. دەگەڕێتەوە. بۆ لای جانتایەکی داخراو دەچێ کە لەگۆشەیەک دانراوە. (لەسەر جانتاکە دوو پیتی H.B نووسراوە). جانتاکە بۆ پێشەوەی شانۆ ڕادەکێشێ. دەچێتەوە بەر پەنجەرەکە سەیرێکی دەرەوە دەکا، دەچێ لەناو دۆلابێک بەدوای دەستە بەرگێکی پیاوانەی بزربوو دەگەڕێ، دەیهێنێ و لەناو گیرفانەکانی دەگەڕێ، کلیلێک دەردەهێنێ، جانتاکە دەکاتەوە. بەشەتاو دەیپشکنێ، دەچێتەوە لای پەنجەرەکە، سەیرێک دەکات و دەگەڕێتەوە، جانتاکە دەپشکنێتەوە، شتێک دەدۆزێتەوە و سەیری دەکا، پشتی لەبینەرانە و جارێکی دیکە دەچێتەوە لای پەنجەرەکە و دەڕوانێ. ڕادەچڵەکێ و بەخێرایی جانتاکە دادەخاتەوە.

کلیلەکە دەخاتەوە ناو گیرفانی چاکەتەکە، لەبن دۆشەگەکە ئەو شتانە دەشارێتەوە کە لەناو دەستیەتی. هوگۆ دێتە ژوورەوە.

هوگۆ: زۆری خایاند. هەستت کرد وەختەکە زۆر بوو؟

ژێسیکا: زۆر تۆقێنەر بوو.

هوگۆ: لەو ماوەیە چیت کرد؟

ژێسیکا: نووستم.

هوگۆ: کە دەخەوین هەست بەدرێژی وەخت ناکەین.

ژێسیکا: خەونم بینی تێیدا هەستم کرد وەختەکە درێژ بوو. ئەمەش



بەخەبەری هێنام، سەرەنجام جانتاکانم کردنەوە. دەربارەی دانانیان تۆ چی دەڵێی؟ (ئاماژەی پەرشوبڵاوی جلوبەرگەکان دەکا کە لەسەر تەخت و کورسییەکانن).

هوگۆ: نازانم، ئەمە وەختیە.

ژێسیکا: نەخێر بەیەکجاری.

هوگۆ: زۆرباشە.

ژێسیکا: چۆنە؟

هوگۆ: کێ؟

ژێسیکا: هۆدێرێر؟

هوگۆ: هۆدێرێر؟ وەک هەموو خەڵک.

ژێسیکا: تەمەنی چەندە؟

هوگۆ: دەستەپیاوە.

ژێسیکا: یانی چۆن؟

هوگۆ: یانی تەمەنی لەنێوان بیست و شەستدایە.

ژێسیکا: گەورەیە یان گچکە؟

هوگۆ: ناوەنجی.

ژێسیکا: نیشانەی تایبەتی؟

هوگۆ: پاشماوەی برینێکی گەورەی لەڕوخسارە و پێرۆکە لەسەر دەنێ و چاوێکیشی لەشووشەیە.

ژێسیکا: چ دەعبایەکە!

هوگۆ: ڕاست نییە. هیچ نیشانەیەکی تایبەتی نییە.

ژێسیکا: تۆ بەئەنقەست وادەکەی، دیارە ناتوانی بۆمی وەسف بکەی.

هوگۆ: بێگومان دەتوانم.

ژێسیکا: نەخێر ناتوانی.

هوگۆ: بادەتوانم.

ژێسیکا: نەخێر، باشە چاوەکانی چ ڕەنگێکیان هەیە؟
هوگۆ: بۆر.
ژێسیکا: لەمنت نەکەوێ، وادەزانی هەموو چاوێک بۆرە. هەن شینن، قەهوائین، سەوزن و ڕەشن. هەتا چاوی بنەوشەیی کاڵیش هەیە. ڕەنگی هی من چۆنە؟ (دەست دەخاتە سەرچاوەکانی و دەیانشارێتەوە.) سەیرمەکە.
هوگۆ: دوو پارچە حەریرن، دوو باخچەی ئەندەلووسن، دوو مانگ ماسین(١).
ژێسیکا: من داوای ڕەنگیانت لێ دەکەم.
هوگۆ: شین.
ژێسیکا: سەیرت کرد.
هوگۆ: نەخێر، بەڵام ئەم بەیانییە تۆ خۆت پێت گوتم.
ژێسیکا: گەڵحۆ، (ژێسیکا لێی نزیک دەبێتەوە.) هوگۆ باش بیربکەوە، ئایا سمێڵی هەیە؟
هوگۆ: نەخێر (وچانێک. دوایی بەدڵنیاییەوە.) دڵنیام کە سمێڵی نییە.
ژێسیکا: (بەخەمبارییەوە.) دەکرێ باوەڕت پێ بکەم.
هوگۆ: (بیردەکاتەوە پاشان قسە دەکا.) بۆیناغەکەی خاڵدارە و ڕەنگەکانیان جیاوازە لەزەمینەکەی.
ژێسیکا: خاڵدار؟
هوگۆ: بەڵێ خاڵدار.
ژێسیکا: هەهە...
هوگۆ: لەجۆری... (ئاماژەیەک بۆ گرێدانی دەسماڵی گەردەن دەکا.) دەزانی.

(١) جۆرە ماسییەکی زۆر تەنکە لەئاوە گەرمەکان دەژیێ، هەندێ جار درێژییەکەی دەگاتە دوو مەتر.



ژێسیکا: تۆ خۆت لەخشتە بردووە، تۆ خۆت داوەتە دەست!
بەدرێژایی ئەو ماوەیە کە قسەی لەگەڵ کردووی تۆ سەیری بۆینباغەکەت کردووە. هوگۆ، ئەو تۆی دەستەمۆ کردووە.
هوگۆ: وانییە!
ژێسیکا: تۆی دەستەمۆ کردووە!
هوگۆ: ئەو دەستەمۆکەر نییە.
ژێسیکا: باشە بۆچی سەیری بۆینباغەکەیت دەکرد؟
هوگۆ: بۆ ئەوەی دەستەمۆم نەکا.
ژێسیکا: دەباشە. من سەیری دەکەم و ئەو کاتەی دەتەوێ بزانی چۆن دروست کراوە، داوام لێ بکە. چی پێ گوتی؟
هوگۆ: پێم گوت باوکم یاریدەدەری سەرۆکی ڕەژووکەرانی ناوچەی تۆ سک بوو، بۆ ئەوەی بێمە ناو حزب بەجێم هێشت.
ژێسیکا: چی وەڵام دایەوە؟
هوگۆ: گوتی باشە.
ژێسیکا: ئێ پاشان؟
هوگۆ: ڕاستییەکەی لێم نەشاردەوە کە من دکتۆرام هەیە، بەڵام باشم تێگەیاند کە من ڕۆشنبیرێک نیم و شەرمیشم پێ نییە کاری تایپەرایتەری دەکەم و هەموو شەرەفی خۆشم دەخەمە خزمەتی گوێڕایەڵی و دیسپلینی ورد.
ژێسیکا: ئێ چی وەڵامدایتەوە؟
هوگۆ: کە باشە.
ژێسیکا: ئینجا ئەمە دوو سەعاتی خایاند.
هوگۆ: بێدەنگیشی تێدابوو.
ژێسیکا: تۆ لەو جۆرە کەسانەی ئەو شتانەت بۆ دەگێڕنەوە کە بەخەڵکی دیکەی دەڵێن، قەت ئەوەت بۆ ناگێڕنەوە خەڵکەکە چ وەڵامێکیان

داونەتەوە.
هوگۆ: چونکە وا هەست دەکەم تۆ منت بەلاوە گرینگترە وەک لەوانی دیکە.
ژێسیکا: بێگومان گیانەکەم، من تۆم هەیە و ئەوانی دیکەم نییە.
هوگۆ: دەتەوێ هودێرێر-یشت هەبێ؟
ژێسیکا: دەمەوێ هەموو کەسێکم هەبێ.
هوگۆ: ئێ ئێ...! بێ مانایە.
ژێسیکا: تۆ چۆن دەزانی بێ مانایە لەکاتێکدا سەیرت نەکردووە؟
هوگۆ: مرۆڤ دەبێ سووک بێ بۆ ئەوەی بۆینباغی خاڵدار ببەستێ.
ژێسیکا: شاژنەکانی یۆنانی لەگەڵ ژنەراڵە بەربەرەکان دەخەوتن.
هوگۆ: شاژن لەیۆنان نەبووە.
ژێسیکا: خۆ لەبیزەنتە هەبووە.
هوگۆ: لەبیزەنتە ژەنەراڵی بەربەر و شاژنی یۆنانی هەبوونە، بەڵام قەت نەیان پرسیووە بەیەکەوە چییان کردووە.
ژێسیکا: لەمە زیاتر دەبێ چییان کردبێ؟ (بێدەنگییەکی کورت.) لێتی پرسی من چۆنم؟
هوگۆ: نەخێر.
ژێسیکا: لەلایەکی دیکە نەتدەتوانی وەڵامی نەدەیەوە: تۆ هیچی لێ نازانی. هیچی دیکەی لەبارەی من نەگوت؟
هوگۆ: هیچ.
ژێسیکا: دیارە پیاوێکە ئوسولی کەمە.
هوگۆ: دەبینی، لەلایەکی دیکە زۆر درەنگە بۆ ئەوەی مەیلت بۆ ئەو هەبێ.
ژێسیکا: بۆچی؟
هوگۆ: زمانت دەگری؟
ژێسیکا: بەدوو دەست.
هوگۆ: دەمرێ.



ژێسیکا: نەخۆشە؟
هوگۆ: نەخێر، بەڵکو تیرۆر دەکرێ، وەک هەموو پیاوێکی سیاسی.
ژێسیکا: ئەها! (وچانێک.) ئەی تۆ بچکۆڵەکەم، تۆ پیاوێکی سیاسی؟
هوگۆ: بەدڵنیاییەوە.
ژێسیکا: ئەی بێوەژنی پیاوێکی سیاسی دەبێ چی بکا؟
هوگۆ: دەچێتە ناو حزبی مێردی و ئەرکی ئەو تەواو دەکا.
ژێسیکا: خودای گەورە! زۆرم پێ خۆشترە خۆم لەسەر گۆڕەکەت بکوژم.
هوگۆ: ئەمە لە «مالابار» نەبێ لەهیچ شوێنێکی دیکە ناکرێ.
ژێسیکا: دە کەواتە گوێ بگرە چی دەکەم: دەچم ئەوانەی تۆیان کوشتووە یەکە یەکە دەیان دۆزمەوە و بە خۆشەویستییەکەم دەیان سووتێنم و تا سەرەنجام باوەڕ بەهەستی غەمگینی پڕ لەفیزم دەهێنن، ئەوکاتە چەقۆیەک لەناو دڵیان نقووم دەکەم.
هوگۆ: باشە کامەیان زیاتر کەیفت ساز دەکا؟ کوشتنیان یان دڵ بردنیان؟
ژێسیکا: تۆ گێلی و بێ مانای.
هوگۆ: وامەدەزانی تۆ پیاوی بێ مانات خۆشدەوێ. (ژێسیکا وەڵام ناداتەوە.) یاری دەکەین یان نا؟
ژێسیکا: چیتر یاری ناکەین. لێم گەڕێ باجانتاکانم بکەمەوە.
هوگۆ: بڕۆ! بڕۆ!
ژێسیکا: تەنیا ئەوەی تۆ ماوەتەوە. کلیلەکەم بدێ.
هوگۆ: کلیلەکەم پێدای. (ژێسیکا ئاماژە بۆ ئەو جانتایە دەکا کە لەسەرەتای تابلۆکردییەوە.) ئەمەیان نا. ئەمەی ئەولا خۆم دەیکەمەوە.
ژێسیکا: ئەمە کاری تۆ نییە گیانەکەم.
هوگۆ: لەکەیەوە گیانی تۆم؟ دەتەوێ وەک ژنی ماڵەوە خۆت پیشان بدەی؟
ژێسیکا: بەڕاستی تۆ باش ڕۆڵی شۆڕشگێڕی دەگێڕی.

هوگۆ: شۆڕشگێڕان پێویستیان بەژنی ماڵەوە نییە. سەریان دەبڕن.

ژێسیکا: هەڵبەت ئەوان دێڵە (گورگی) قژرەشی وەک ئۆلگا-یان لاپەسندە.

هوگۆ: دڵت پیس کردووە؟

ژێسیکا: پێم خۆشە. قەت نمایشی دڵ پیسیم نەکردووە. بیکەین؟

هوگۆ: ئەگەر ئارەزووت لێ بێ.

ژێسیکا: باشە. کلیلی ئەو جانتایەم بدێ.

هوگۆ: قەت ناتدەمێ!

ژێسیکا: چی لەناو ئەو جانتایە هەیە؟

هوگۆ: نهێنییەکی شەرمەزارکەر.

ژێسیکا: چ نهێنییەک؟

هوگۆ: من کوڕی باوکی خۆم نیم.

ژێسیکا: هەروەک چۆن تۆ پێت خۆشە گیانەکەم. بەڵام ناشێ: تۆ زۆر بەو دەچی.

هوگۆ: ڕاست نییە ژێسیکا! تۆ وا هەست دەکەی بەو دەچم؟

ژێسیکا: یاری دەکەین یان نا؟

هوگۆ: دەیکەین.

ژێسیکا: کەواتە ئەو جانتایە بکەوە.

هوگۆ: سوێندم خواردووە نەیکەمەوە.

ژێسیکا: لەوانەیە بەنامە یان بەوێنەکانی ئەو دێڵە (گورگە) ئاخنرابێ؟ بیکەوە!

هوگۆ: نەخێر.

ژێسیکا: بیکەوە، بیکەوە.

هوگۆ: نەخێر، نەخێر.

ژێسیکا: یارییان دەکەی؟



هوگۆ: بەڵێ.

ژێسیکا: ئینجا ڕایگرە. من چیتر یاری ناکەم. جانتاکە بکەوە.

هوگۆ: نایخوا. نایکەمەوە.

ژێسیکا: بیکەیەوە و نەیکەیەوە بەلامەوە گرینگ نییە، دەزانم چی تێدایە.

هوگۆ: چی تێدایە؟

ژێسیکا: ئەمەی تیا... ئەمەی تیا... (دەستی دەخاتە بن دۆشەگەکە، پاشان هەردوو دەستی دەخاتە پشتەوەی و وێنەیەک بەرزدەکاتەوە.) ئەمەی تیایە!

هوگۆ: ژێسیکا!

ژێسیکا: (بەئاوازێکی سەرکەوتوانە.) کلیلەکەم لەناو تاقە شینەکەت دۆزییەوە، دەزانم کێ دولبەرتە، شاژنتە. نە منم نە دێڵە گورگ، تۆیت گیانەکەم، تۆ خۆتی. دوانز وێنەی خۆت لەناو جانتاکەتە.

هوگۆ: ئەم وێنانەم بدەوە.

ژێسیکا: دوانزە وێنەی سەردەمی گەنجی سەر پڕ لەخەونت. بەسێ ساڵانە بەشەش ساڵان، بەهەشت ساڵان، بەدوانزە ساڵان. بەشانزدە ساڵان. کە باوکت دەریکردی تۆ لەگەڵ خۆتت هێنان، بۆ هەموو شوێنێک بەدواوەوەتن. دەڵێی زۆر خۆت خۆش دەوێ.

هوگۆ: ژێسیکا: ، من چیتر یاری ناکەم.

ژێسیکا: لەتەمەنی شەش ساڵی جلی پشت مل ڕەقت پۆشیوە[1]. دەبێ ملی باریکتی گووشی بێ و تەواوی جلوبەرگیشت لەمەخمەلی گرانبەهایە لەگەڵ گەردەن بەندێک لەحەریر. چەندە پیاوێکی بچکۆڵەی جوانی، چەند منداڵێکی ژیری! ئەوە منداڵانی ژیرن،

(١) جۆرە جلوبەرگێکە تەنیا منداڵە بۆرژواکان لەبەریان دەکرد و وێنەیان پێ دەگرت. وەرگێڕ.

خانم، کە ترسناکترین شۆڕش بەرپا دەکەن. هیچ نالێن، خۆیان لەبن مێز ناشارنەوە، هەموو جارک تەنیا یەک شەکرۆکە دەخۆن، بەڵام دواتر وادەکەن کۆمەڵ نرخێکی مەزن بدا. ئاگاداری خۆتان بن لە مندالآنی ژێر. (هوگۆ خۆی وا نیشان دەدا سەر بۆ قسەکانی دادەنوێنێ لەناکاو خۆی بۆ ژێسیکا هەڵدەدا.)

هوگۆ: هەر بۆمی دەگەڕێنیتەوە جادووکەر! بۆمی دەگەڕێنیتەوە!

ژێسیکا: بەرمدە! (هوگۆ ژێسیکا دەخاتە سەر دۆشەگەکە.) ئاگاداربە: تۆ هەردووکمان دەکوژی.

هوگۆ: بدەرەوە

ژێسیکا: پێت دەڵێم دەمانچەکە دەتەقێنم! (هوگۆ قیت دبێتەوە، ژێسیکا دەمانچەکەی پیشان دەدا کە لە پشتەوەی خۆی گرتبوو.) ئەمەش هەبوو لەناو جانتاکە.

هوگۆ: بمدێ. (هوگۆ دەمانچەکەی لێ وەردەگرێ. دەچێ لەناو قاتە شینەکەی دەگەڕێ و کلیلەکە دەدۆزێتەوە، دەگەڕێتەوە کن جانتایەکە و دەیکاتەوە، وێنەکان هەڵدەگرێتەوە و لەگەڵ دەمانچکە دەیانخاتەوە ناو جانتاکە. وچانێک.)

ژێسیکا: ئەمە چییە ئەم دەمانچەیە؟

هوگۆ: هەردەم دەمانچەیەکەم پێیە.

ژێسیکا: ڕاست ناکەی. پێش ئەوەی بێیە ئێرە نەتبوو. بێجگە لەمەش ئەم جانتایەشت نەبوو. هەموویانت لەیەک کاتدا کڕیوە. ئەم دەمانچەیەت بۆ هەڵگرتووە؟

هوگۆ: دەتەوێ بیزانی؟

ژێسیکا: بەڵێ، بەڵام بەڕاستی وەڵامم بدەوە. تۆ مافی ئەوەت نییە لەنهێنییەکانی خۆت بێ خەبەرم بکەی.

هوگۆ: تۆ لای کەس باسی ناکەی؟



ژێسیکا: بۆ هیچ کەسێک.

هوگۆ: ئەم دەمانچەیە بۆ کوشتنی هودێرێر-ە.

ژێسیکا: تۆ بەڕاستی هیلاکی هوگۆ. من چیتر یاری ناکەم.

هوگۆ: هە، هە، ها ئایا من یاری دەکەم؟ ئایا من بەڕاستیمە؟ ئەمە... نهێنییە... ژێسیکا، سەرەنجام تۆ دەبیتە ژنی پیاو کوژێک!

ژێسیکا: بەڵام گیانەکەم، تۆ قەت ناتوانی ببیتە ئەو پیاوە، دەتەوێ لەجیاتی تۆ بیکوژم؟ دەچم خۆم دەخەمە بەردەستی ئینجا...

هوگۆ: سوپاس، پاشان تۆ ناپێکی! خۆم دەیکەم.

ژێسیکا: بەڵام بۆچی دەتەوێ پیاوێک بکوژی کە نایناسی؟

هوگۆ: بۆ ئەوەی ژنەکەم بەڕاستی لەباوەشم بگری. تۆ بەڕاستی لەباوەشم دەگری؟

ژێسیکا: من؟ دەتپەرستم، دەتشارمەوە، بەخێوت دەکەم، لەشاراوگەی خۆت دڵت دەدەمەوە و ئەو کاتەی لەلایەن هاوسێکانەوەش خەبەرمان لێ دەدەن، لەبەرچاوی پۆلیسان خۆم دەخەمە سەرت و لەباوەشی خۆمت دەنێم و هاوار دەکەم: خۆشم دەوێی.

هوگۆ: دە کەواتە ئێستا پێم بڵێ.

ژێسیکا: چی؟

هوگۆ: کە منت خۆش دەوێ.

ژێسیکا: خۆشم دەوێی.

هوگۆ: ڕاست نییە.

ژێسیکا: مەسەلە چییە، چیت بەسەرهاتووە؟ تۆ یاری دەکەی؟

هوگۆ: نەخێر، یاری ناکەم.

ژێسیکا: بۆچی داوای ئەمەم لێ دەکەی؟ ئەمە لەعادەتی تۆ نییە.

هوگۆ: نازانم. حەزدەکەم بیر لەوە بکەمەوە کە منت خۆش دەوێ. ئەمەش مافێکی خۆمە. دەی، بیلێ ، باش بیلێ.

ژێسیکا: خۆشم دەوێی، خۆشم دەوێی. ئەوهانا، خۆشم دەوێی، ئاه... برۆ بەجەهەننەم. بزانم تۆ چۆنی دەڵێی؟

هوگۆ: خۆشم دەوێی.

ژێسیکا: دەبینی، تۆ لەمن باشتری لێ نازانی.

هوگۆ: ژێسیکا، تۆ باوەڕ بەوە ناکەی کە پێم گوتی.

ژێسیکا: کە منت خۆش دەوێ؟

هوگۆ: کە هودێرێر دەکوژم.

ژێسیکا: بێگومان، باوەڕدەکەم.

هوگۆ: تکایە هەوڵ بدە ژێسیکا. کەمێ جدی بە.

ژێسیکا: بۆچی دەبێ جدی بم؟

هوگۆ: چونکە ناتوانین هەموو دەمێ یاری بکەین.

ژێسیکا: حەز لەجدییەت ناکەم، بەڵام دەتوانین خۆمان ڕابێنین. لەمەودوا جدی خۆم پیشان دەدەم.

هوگۆ: سەیری ناو چاوم بکە. بێ پێکەنین. گوێ بگرە. ئەوەی دەربارەی هودێرێر ڕاستە. حزب بۆ ئێرەی ناردوومە.

ژێسیکا: گومانم نییە. بۆچی زووتر پێت نەگوتم؟

هوگۆ: لەوانەبوو ئەوکاتە لەگەڵم نەیێی.

ژێسیکا: گومانم نییە. بۆچی زووتر پێت نەگوتم؟

هوگۆ: لەوانەبوو ئەوکاتە لەگەڵم نەیێی.

ژێسیکا: بۆچی؟ ئەمە کاری پیاوانە و پەیوەندی بەمنەوە نییە.

هوگۆ: کارێکی سەیرە، دەزانی... ئەو کابرایە سیمایەکی عینادی هەیە.

ژێسیکا: جا چییە، بێ هۆشی دەکەین و لەدەمی لولەی تۆپێکی دەبەستینەوە.

هوگۆ: ژێسیکا! من بەڕاستیمە.

ژێسیکا: منیش.



هوگۆ: تۆ، تۆ دەتەوی جدی خۆت پیشان بدەی، خۆت پێت گوتم.

ژێسیکا: نەخێر تۆ بووی.

هوگۆ: دەبێ باوەڕم پێ بکەی تکات لێ دەکەم.

ژێسیکا: ئەگەر باوەڕم پێ بکەی جدیم منیش باوەڕت پێ دەکەم.

هوگۆ: دەباشە من باوەڕت پێ دەکەم.

ژێسیکا: نەخێر، تۆ وا خۆت پیشان دەدەی باوەڕم پێ بکەی.

هوگۆ: دیارە لەم بەزمە دەرناچین. (لە دەرگا دەدەن.) فەرموو! (ژێسیکا لەپێش جانتایەکە دەوەستێ، لەو دەمەی دەچێ دەرگایەکە بکاتەوە، پشتی لەبینەرانە).

## دیمەنی دووەم

(سلیک و ژۆرژ بەزەردەخەنەوە دێنە ژوورەوە. ڕەشاش و قایشی سەربازی و دەمانچەیان هەڵگرتووە. بێدەنگی.)

ژۆرژ: خۆمانین.

هوگۆ: کێ؟

ژۆرژ: هاتووین بزانین پێویستیتان بەیارمەتییەک نییە.

هوگۆ: یارمەتی چی؟

سلیک: بۆ ڕێکخستنی ناوماڵ.

ژێسیکا: بەڕاستی ئێوە دڵگیرن و پێویستیم بەکەس نییە.

ژۆرژ: (ژۆرژ ئاماژە بۆ جلوبەرگی ژنانە دەکا کە لەسەر مۆبلەکان پەرشوبڵاوبوونەتەوە.) ئەم هەمووە دەبێ قەد بکرێن.

سلیک: ئەگەر هەرچوارمان خەریک بین خێراتر تەواو دەبێ.

ژێسیکا: لەوباوەڕەن؟

سلیک: (پارچە جلێک لەسەر پشتی کورسییەک هەڵدەگرێ و لەپێش خۆی ڕادەگرێ.) لەناوەڕاستەوە وێک دەهێنرێتەوە، وانییە؟ ئینجا

تەنیشتەکانی دەهێنرێتەوە سەر؟

ژێسیکا: بەڵێ؟ بەخوا بێگاریتان پێ بکەی باشترە.

ژۆرژ: دەستی لێ مەدە سلیک. سەرەنجام بیروبۆچوونت لا دروست دەکا. بیبەخشە خانم: ئەوە شەش مانگە ئێمە ژنمان نەبینیوە.

سلیک: نەمان دەزانی چۆنیش بنیات نراوە. (هەموویان سەیری ژێسیکا دەکەن).

ژێسیکا: ئێستا بەبیرتان دێتەوە؟

ژۆرژ: وردە وردە.

ژێسیکا: کەواتە لە گوند ژن نییە؟

سلیک: لێیەتی، بەڵام ئێمە دەرناچین.

ژۆرژ: سکرتێرە کۆنەکە هەموو شەوێ سواری دیوار دەبوو. سەرەنجام بەیانییەک دۆزیمانەوە سەری لەناو گۆمێک بوو. ئەوەبوو پیرەش بڕیاریدا هەر سکرتێرێکی دیکە بێ، دەبێ ژنی هەبێ، بۆ ئەوەی زەخیرەی خۆی لەماڵی خۆی پێ بێ.

ژێسیکا: ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هەستیاری خۆی.

سلیک: هەرچی ئێمەین لەبەر ئەم بیرانەی ئەو نییە زەخیرەی خۆمان پێیە.

ژێسیکا: باشە، لەبەرچییە؟

ژۆرژ: دەڵێ ئێمە دەبێ وەک گیاندارێکی دڕندەبین.

هوگۆ: ئەمانە پاسەوانی شەخسی هودێرێر-ن.

ژێسیکا: دەزانی هەڵم هێنابوو.

سلیک: (ئاماژە بۆ ڕەشاشەکەی دەکا.) لەبەر ئەمە؟

ژێسیکا: لەبەر ئەمەش.

ژۆرژ: ئەمە نابێ وەک پیشەی ئێمە سەیر بکرێ، وانییە؟ من، بۆ خۆم بۆڕیچیم. ئەم پیشەیە وەک کارێکی گچکەی ئیزافی دەکەین، چونکە حزب داوای لێ کردووین.



سلیک: ترستان لەئێمە نییە؟

ژێسیکا: بەپێچەوانەوە، تەنیا حەز دەکەم (دەست بۆ ڕەشاش و دەمانچەکان درێژ دەکا.) ئەم ڕەخت و چەکانە لەخۆتان بکەنەوە. لە گۆشەیەکیان دابنێن.

ژۆرژ: ئەمە مەحاڵە.

سلیک: قەدەغەیە.

ژێسیکا: کە دەخەون لەخۆتیان دەکەنەوە؟

ژۆرژ: نەخێر، خانم.

ژێسیکا: نا؟

سلیک: نەخێر.

هوگۆ: دەیانەوێ ڕێزی کارەکەیان بگرن. کە چوومە کن هۆدێرێر، بەلوولەی ڕەشاشەکەی پاڵی پێوەدەنام.

ژۆرژ: (بەپێکەنینەوە.) ئەمەش ئێمەین بەم جۆرە.

سلیک: (بەپێکەنینەوە.) ئەگەر پێ درێژبییەکی بکردایە ئێستا ئێوە بێوەژن بوون. (هەموو پێدەکەنن).

ژێسیکا: کەواتە سەرکارەکەتان تەواو دەترسێ؟

سلیک: ناترسێ بەڵام نایەوێ بکوژرێ.

ژێسیکا: بۆچی دەیکوژن؟

سلیک: بۆچی؟ نازانم. بەڵام ئەوەی لێی دڵنیایین ئەوەیە، دەیانەوێ بیکوژن، پانزە ڕۆژێک پێش ئێستا برادەرەکانی هاتن ئاگاداری بکەنەوە.

ژێسیکا: بەڕاستی سەرنج ڕاکێشە.

سلیک: دەبێ پاسەوانی بکرێ و تەواو. ئاه! بەبیرتان دێتەوە. دیمەنێکە شایانی سەرنجدانیش نییە. (لەکاتی قسەکردنی سلیک ژۆرژ وێرای دیمەنێکی خۆ پشت گوێ خستنی ساختە، پیاسەیەک بەناو

ژوورەکە دەکا. دەچێتە لای دۆڵابە کراوەکە و دەستەبەرگێکی هوگۆ دەردێنێ).

ژۆرژ: لەگەڵ تۆمەمە سلیک! ئەمەم باش بۆ سەیرکە بزانە باش داوەشێنراوە!

سلیک: ئەمە بەشێکە لەکاری خۆی. سکرتێرێک، تۆ سەیری دەکەی ئەو خەریکی نووسینی قسەکانی تۆیە. دەبێ حەزت لەمەبێ، ئەگینا سەرەداوی بیرەکانت بزردەکەی. (ژۆرژ بەدەست لێدان جلەکە دەپشکنێ بەڵام خۆی واپیشان دەدا پاکی دەکاتەوە).

ژۆرژ: ئاگاداری دۆڵابەکان بن، دیوارەکان زۆر پیسن. (جلەکە لەناو دۆڵابەکە دادەنێتەوە پاشان دەگەڕێتەوە نزیک سلیک. ژێسیکا و هوگۆ سەیری یەکتر دەکەن).

ژێسیکا: (بەمەندە قەناعەت دێنێ). دەباشە... دانیشن.

سلیک: نا، نا، سوپاس.

ژۆرژ: ئەوها خۆشترە.

ژێسیکا: ناتوانین هچ خواردنەوەیەکتان پێشکەش بکەین.

سلیک: بەهەرشێوەیەک بێ ئێمە لەکاتی کارکردن ناخۆینەوە.

هوگۆ: بۆ ئێستا ئێوە لەکارن؟

ژۆرژ: ئێمە هەمیشە لەکاردایین.

هوگۆ: بەڕاست؟

سلیک: دەڵێم، مرۆڤ دەبێ قەدیسێک بێ بۆ ئەوەی کاری وابکا.

هوگۆ: هەرچی منم، هێشتا دەستم بەکارنەکردووە. لەماڵی خۆم لەگەڵ ژنەکەمم. دەبا دانیشین ژێسیکا. (هەردووکیان دادەنیشن.)

سلیک: (بەرەو پەنجەرەکە دەچێ.) دیمەنێکی جوانە.

ژۆرژ: لای ئەوان جوانە.

سلیک: ئارامیشە.



ژۆرژ: تەختەکەت بینیووە چەند گەورەیە... جێگای سێ کەسی لێ دەبێتەوە.

سلیک: جێگای چوارانی لێ دەبێتەوە: چونکە ژن و مێردی لاوی تازە بەیەک گەیشتووە خۆیان وێک دێننەوە و کەمترین جێگا دەگرن.

ژۆرژ: ئەم هەموو جێگا بەتاڵە لەکاتێکدا کەسانی دیکە هەن لەسەر ئەرز دەخەون.

سلیک: بێدەنگ بە، ئەمشەو هەر خەون بەو جێگا بەتاڵانەوە دەبینم.

ژێسیکا: بۆچی تەختتان نییە لەسەری بخەون؟

سلیک: (شادمان دێتە بەرچاو.) ژۆرژ.

ژۆرژ: (بەپێکەنینەوە.) بەڵێ.

سلیک: دەڵێ ئایا تەختمان هەیە.

ژۆرژ: (دەست بۆ سلیک درێژ دەکا.) ئەو لەسەر مافووری بیرۆیەکە دەخەوێ و منیش لەداڵانەکە، بەرامبەر ژووری پیرە.

ژێسیکا: ناخۆشە؟

ژۆرژ: ڕەنگە بۆ مێردەکەت ناخۆش بێ چونکە پێدەچێ ناسک بێ. هەرچی ئێمەین لەگەڵی ڕاهاتووین. ناخۆشییەکەی لەوەدایە ژوورێکمان نییە تێیدا بگیرسێینەوە. لەباخچەش ڕاست نییە بمێنینەوە، سەرەنجام لە ژوورەکەی پێشەوە (پرسگا -و-) ڕۆژ بەسەر دەبەین. (خۆی خواردەکاتەوە و سەیری بن تەختەکە دەکا.)

هوگۆ: سەیری چی دەکەن؟

ژۆرژ: هەندێ جار جورجی لێیە. (خۆی قیت دەکاتەوە.)

هوگۆ: لێی نییە؟

ژۆرژ: نەخێر.

هوگۆ: باشتر. (وچانێک.)

ژێسیکا: جا ئێوە بەرپرسەکەی خۆتان لەوێ بەتەنیا جێهێشتووە؟ لەوە

ناترسێن ئەگەر ئێوە ماوەیەکی زۆر دیار نەمێنن بەدبەختییەکی بەسەربێ؟
سلیک: لیۆن لەوێ ماوەتەوە. (ئاماژە بۆ تەلەفۆنەکە دەکا.)، پاشان ئەگەر هەر گرفتێکیش ڕوویدا دەتوانێ تەلەفۆنمان بۆ بکا. (وچانیک. هوگۆ هەڵدەستێتەوە، لەتووڕەییان ڕەنگی زەردە. ژێسیکاش هەڵدەستێتەوە).
هوگۆ: دڵگیرن، تۆ دەڵێی چی؟
ژێسیکا: دڵفڕێنن.
هوگۆ: بینیوتە چەند توندوتۆڵن؟
ژێسیکا: دەڵێی دینگەن! ئاه! ئێوە برادەرایەتییەکی سییانە پێکدەهێنن. مێردەکەم بکوژان دەپەرستێ. دەیویست ببێتە یەکێک لەمانە.
سلیک: ئەو بۆ کاری وا دروست نەکراوە، بۆ ئەوە دروست کراوە ببێتە سکرتێر.
هوگۆ: باش دەگونجێین، دەی، من، ڕۆڵی مێشک دەگێڕم، ژێسیکا هی چاو، ئێوەش ماسولکەکان. دەست لەماسولکەکان بدە ژێسیکا. (هوگۆ دەستیان لێ دەدا.) لەئاسنن، دەستیان لێدە.
ژێسیکا: بەڵام ڕەنگە مسیۆ ژۆرژ حەزی لێ نەبێ.
ژۆرژ: (بێ گرێ و گۆڵ دەڵێ:) بەلامەوە وەکو یەکە.
هوگۆ: (دەبینی، پێی خۆشە. دەی دەستی لێ بدە ژێسیکا، دەستی لێ بدە. (ژێسیکا دەستی لێ دەدا.) لەئاسنە، تۆ دەڵێی چی؟
ژێسیکا: لەئاسنی حەوجۆشە.
هوگۆ: هەرسێکمان بە(تۆ) بانگی یەکتر دەکەین، دەڵێی چی؟
سلیک: با ئارەزووی تۆ بێ کوڕی گچکەم!
ژێسیکا: ئەم خۆشبەختییە بۆ ئێمەیە، وانییە ژۆرژ؟
ژۆرژ: بەبینینی بەختەوەری ئێوە دڵخۆشین.



ژێسیکا: ئەمەش لەژووری پرسگاکە دەبێتە بابەتی گفتوگۆتان.
سلیک: لە میهرەبانی بێ سنووری خۆتانەوە هاتوون بمان بینن.
سلیک: بێگومان شەویش لەبەرخۆمان دەڵێین: «لەناو جێگای گەرمن و هوگۆ ژنە بچکۆڵەکەی لەباوەش دەگرێ».
ژۆرژ: ئەمەش ئازایەتیمان وەبەردەهێنێتەوە.
هوگۆ: (بەرەو دەرگا دەچێ و دەیکاتەوە!) هەر کاتێک حەز بکەن دەتوانن سەرمان لێدەن، ئێرە ماڵی خۆتانە. (سلیک بەهێمنی دەچێتە کن دەرگایەکە و دایدەخاتەوە).
سلیک: دەڕۆین، هەر ئێستا دەڕۆین. فرمانێکی بچکۆلەمان هەیە و وەخت ناکوژین.
هوگۆ: فرمانی چی؟
سلیک: پشکنینی ژوورەکە.
هوگۆ: نابێ.
ژۆرژ: نابێ؟
هوگۆ: هیچ شتێک بەهیچ شێوەیەک ناپشکنن.
سلیک: خۆت ماندوومەکە بێ مێشک، فرمانمان پێیە.
هوگۆ: فرمان لەکێوە؟
سلیک: لەهۆدێرێر-ەوە.
هوگۆ: هۆدێرێر فرمانی پێدان ژوورەکەم بپشکنن؟
ژۆرژ: وانابێ براله، خۆت گێل مەکە، پێت دەڵێم ئاگاداریان کردووینەتەوە: جەنگێکمان هەر دەکەوێتە پێش، ئینجا تۆ وا هەست دەکەی ڕێگات پێدەدەین بێ ئەوەی سەیری گیرفانەکانت نەکەین بێیتە ژوورەوە. تۆ دەتوانی نارنجۆکێک تێهەڵدەی یان مانهێرێک بتەقێنی ئەگەرچی من لەو باوەڕەم تۆ بۆ ئەوە نەکراوی نیشانە لەکۆترانیش بگری.

هوگۆ: من پێتان دەڵێم هۆدێرێر ئێوەی بەتایبەتی ڕاسپاردووە شتومەکی من بپشکنن.

سلیک: بەتایبەتی.

ژۆرژ: بەتایبەتی.

سلیک: (بەژۆرژ دەڵێ.) هیچ کەسێک نایێتە ژوورەوە بێ ئەوەی نەیپشکنین. ئەمە دەستوورە. تەواو.

هوگۆ: منیش دەڵێم ئێوە من ناپشکنن. ئەگەر ڕێگاشتان بدەمێ هەر بۆ ئەم جارەیە و تەواو.

ژۆرژ: تۆ ئەندامی حزب نیت؟

هوگۆ: بەڵێ.

ژۆرژ: باشە لەوێ فێری چییان کردی؟ تۆ نازانی مانای فرمان چییە؟

هوگۆ: هەروەکو ئێوە باش دەیزانم.

سلیک: باشە کە فرمانێکت پێدەدەن، تۆ نازانی دەبێ ڕێزی لێ بگری؟

هوگۆ: دەیزانم.

سلیک: ئینجا؟

هوگۆ: ڕێز لەفرمانان دەگرم بەڵام ڕێز لەخۆشم دەگرم و سەر بۆ هەندێ فرمانی گێلانە دانانوێنم کە بەئەنقەست بۆ سووک کردنم دانراون.

سلیک: گوێت لێیەتی. پێم بڵێ ژۆرژ ئایا تۆ ڕێزی خۆت دەگری؟

ژۆرژ: لەو باوەڕەدانیم. ئەمە هەستی پێدەکرێ. ئەی تۆ سلیک؟

سلیک: تۆ شێت نی؟ تۆ مافی ئەوەت نییە ڕێزی خۆت بگری ئەگەر بەلای کەمی سکرتێر نەبی.

هوگۆ: گێلی بەستەزمان! من کە هاتوومەتە ناو حزب بۆ ئەوە بووە هەموو کەسێک، سکرتێر بێ و سکرتێر نەبێ، مافی خۆیان هەبێ.

ژۆرژ: بێدەنگی سلیک یانیش ئێستا دەگرییێم. برالە ئێمە، کە هاتووینەتە ناو حزب لەبەرئەوە بووە بێزاربووین ئەوەندەی لەبرسان سکمان



هەڵبگوشین.

سلیک: هەروەها بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی وەکو ئێمەن ڕۆژێک بێ شتێکیان هەبێ لرفی بکەن.

ژۆرژ: ئاھ، سلیک، ئەم بەزمە درێژەی کێشا. ئەمە بکەرەوە بۆ ئەوەی دەست پێ بکەین.

هوگۆ: دەستی لێ نادەی.

سلیک: نا، برالە؟ ئینجا چی دەکەی بۆ ئەوەی ڕێگام لێ بگری؟

هوگۆ: هەوڵنادەم دژی باگوردانێک بووەستم، بەڵام هەر تەنیا تۆ چوارپەلت لەسەردانێی، ئەم ئێوارەیە ئەم ڤیلایە بەجێدەهێڵین و هۆدێرێر-یش بۆ خۆی دەتوانێ لەسکرتێرێکی دیکە بگەڕێ.

ژۆرژ: ئێ! وا بڵێ، دەتەوێ بەسەرماندا زاڵ بی! سکرتێرێکی وەک تۆ، هەموو ڕۆژی یەکێکی وەک تۆ دروست دەکەم.

هوگۆ: ئێ باشە بپشکنە، ئەگەر ناترسێی، دەی بپشکنە! (ژۆرژ سەری دەخورێنێ. ژێسیکا بەدرێژایی هەموو ئەم ماوەیە بەئارامی سەیری دەکرد، بەرەو ئەوان دەچێ.)

ژێسیکا: بۆچی تەلەفۆن بۆ هودێرێر نەکەین؟

سلیک: بۆ هۆدێرێر؟

ژێسیکا: پێکتان دەهێنێ. (ژۆرژ و سلیک بەسەیر کردن ڕاوێژ دەکەن).

ژۆرژ: دەکرێ بیکەین. (بەرەو تەلەفۆنەکە دەچێ و زەنگ لێ دەدا و گوێ دەگرێ.) هەڵۆ، لیۆن؟ بڕۆ بەپیرە بڵێ کە هەڤاڵی گۆرین ڕێگانادا بیپشکنین. چی؟ ئا! قسەی بێ مانا. (بەرەو سلیک دەگەڕێتەوە.) چوو پیرە ببینێ.

سلیک: باشە. ژۆرژ تەنیا ئەوەت پێ دەڵێم، من هۆدێرێر-م خۆشدەوێ، بەڵام ئەگەر ئەو حەزی کرد چاو لەم کوڕە دەوڵەمەندە بپۆشێ، لەکاتێکدا ئێمە هەتا پۆستەچیشمان پشکنیووە، سەرەنجام،

ئەوکاتە من ئیستیقالە دەدەم.
ژۆرژ: منیش هەمان ڕام هەیە. یان ئەو دەپشکنرێ، یان ئێمە واز لەم کارە دەهێنین و دەڕۆین.
سلیک: ڕەنگە بشێ من ڕێزی خۆم نەگرم، بەڵام وەک خەڵک کەرامەتی خۆم هەیە.
هوگۆ: باش دەشێ هەڤاڵی گەورەم؛ بەڵام ئەگەر هۆدێرێر خۆی فرمانی پشکنین بدا، پێنج دەقیقە دواتر ئەم ماڵە بەجێ دەهێڵم
ژۆرژ: سلیک!
سلیک: بەڵێ؟
ژۆرژ: تۆ هەست ناکەی ئەم بەڕێزە دەم و پدوویێکی ئەریستۆکراسی هەیە؟
هوگۆ: ژێسیکا!
ژێسیکا: بەڵێ
هوگۆ: تۆ هەست ناکەی ئەم بەڕێزانە دەم و پدوویێکی خوێڕییان هەیە.
سلیک: (بەرەو ڕووی هوگۆ دەچێ و دەست دەخاتە سەر شانی.) ئاگادربە کوڕم، چونکە ئەگەر ئێمە خوێڕی بین، هەندێ جار دەتوانین بکوتین! (هۆدێرێر دێتە ژوورەوە.)

**دیمەنی سێیەم**

هۆدێرێر: بۆچی هەراسانم دەکەن؟ (سلیک هەنگاوێک دەگەڕێتەوە دواوە.)
سلیک: نایەوێ بیپشکنین.
هۆدێرێر: نا؟
هوگۆ: ئەگەر ڕێگایان پێبدەی بمپشکنن، دەڕۆم، تەواو.
هۆدێرێر: باشە.
ژۆرژ: بەڵام ئەگەر تۆ ڕێمان لێ بگری، ئێمە دەڕۆین.
هۆدێرێر: فەرموو دانیشن. (بەنابەدڵییەوە دادەنیشن). بەبیرم هاتەوە



هوگۆ، دەتوانی بە(تۆ) بانگم بکەی. لێرە، هەموو کەسێک بەتۆ بانگی یەکتر دەکەن. (دەرپێیەک و جووتێک گۆرەوی «درێژی ژنانە» لەسەر پشتی کورسییەکە هەڵدەگرێ و دەیەوێ بیانبا لەسەر تەختەکە دایانبنێ.)
ژێسیکا: بێ زەحمەت؟ (ژێسیکا دەرپێ و گۆرەوییەکان لەدەستی دەردێنێ و لوولیان دەدا و پاشان بێ ئەوەی لەشوێنی خۆی بجوولێ تێیان هەڵدەداتە سەر تەختەکە.)
هۆدێرێر: تۆ ناوت چییە؟
ژێسیکا: ژنانیش بە(تۆ) بانگ دەکەی؟
هۆدێرێر: بەڵێ.
ژێسیکا: ڕادێم. ناوم ژێسیکایە.
هۆدێرێر: (بەردەوام سەیری ژێسیکا دەکا.) لەو باوەڕەدابووم تۆ ناشرینی.
ژێسیکا: بەداخەوە.
هۆدێرێر: (بەردەوام سەیری دەکا.) بەڵێ، جێگای داخە.
ژێسیکا: پێویستە سەرم بتراشم؟
هۆدێرێر: (بێ ئەوەی چاوی لەسەر هەڵگرێ.) نەخێر (کەمێک لەژێسیکا دوور دەکەوێتەوە.) ئەمە لەبەرتۆ بوو دەیانویست یەخەی یەکتر بگرن؟
ژێسیکا: هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە.
هۆدێرێر: هیوادارم ئەمە قەت ڕوونەدا. (لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێ.) پشکنین هیچ گرینگییەکی نییە.
سلیک: ئێمە...
هۆدێرێر: هیچ گرینگییەکی نییە. پاشان قسەی لێوە دەکەین. (بەسلیک دەڵێ.) چی ڕوویدا؟ گلەیی چیتان لێی هەیە؟ زۆرباش خۆی پۆشیوە؟ وەک کتێب قسە دەکا؟

سليک: مەسەلەکە جلوبەرگە.

هۆدێرێر: ئێرە شوێنی ئەمە نییە. جلوبەرگ لەژووری جلدانان بەجێی دەهێڵین. (سەیریان دەکا.) کوڕەکانم ئێوە خراپ دەستتان پێکردووە. (ڕوو لە هوگۆ دەکا.) تۆ، تۆ خۆت مەغرور پیشان دەدەی چونکە لەهەموویان لاوازتری. (ڕوو لە سلیک و ژۆرژ دەکا.) ئێوەش، لە ڕوخسارتان دیارە بەدیۆمن. بەیانی دەچن گاڵتەی لەگەڵ دەکەن و کڵاوی لەسەر دەنێن، هەفتەی داهاتووش کە پێویستم پێی دەبێ نامەیەکم بۆ بنووسێتەوە، دێن و خەبەرم دەدەنێ کە لەناو گۆمە ئاوەکە دۆزیمانەتەوە.

هوگۆ: تا ئەم ڕادەیەش نا، دەتوانم ڕێ لەوە بگرم.

هۆدێرێر: تۆ ناتوانی ڕێ لەهیچ شتێک بگری. خۆت مەشێوێنە کوڕم. پێویست بەوە ناکا شتەکان بگەنە ئەو ئاستە، ئیتر تەواو. چوار پیاو کە پێکەوە دەژین، یان ئەوەتە یەکتریان خۆش دەوێ یانیش یەکتر لەناودەبەن. زۆر پێم خۆش دەبێ یەکتریتان خۆش بوێ.

ژۆرژ: (بەسەنگینییەوە) سۆز و عاتیفە بەرزەفت ناکرێ.

هۆدێرێر: (بەهێزەوە.) بەرزەفت دەکرێ. لەنێوان ئەندامانی هەمان حزب لەکاتی کارکردن بەرزەفت دەکرێ.

ژۆرژ: ئەندامانی هەمان حزب نین.

هۆدێرێر: (ڕوو لە هوگۆ دەکا.) تۆ سەر بەئێمە نی؟

هوگۆ: هەڵبەت.

هۆدێرێر: ئینجا؟

سليک: ڕەنگە سەر بەهەمان حزب بین بەڵام هەرکەسەمان بۆ مەبەستێکی جیاواز هاتۆتە ناوی.

هۆدێرێر: هەردەم بۆ مەبەستێکی دیار دەبینە ئەندام تێیدا.

سليک: ڕێگام پێدەدەی، بەنسبەت هوگۆ، مەسەلەکە ئەوە بوو خەڵکی



هەژار فێربکرێن ئەو ڕێزە لەخۆیان بگرن کە شایانیانە.

هۆدێرێر: بەهە؟

ژۆرژ: ئەوەبوو کە گوتی.

هوگۆ: ئەی ئێوە، ئێوەش نەهاتوونەتە ناو حزب تا پڕ بەسکی خۆتان نان بخۆن. ئەوە قسەی خۆت بوو.

هۆدێرێر: دەباشە؟ ڕازین.

سليک: بەڵێ؟

هۆدێرێر: سلیک! ئەی تۆ بۆت نەگێڕامەوە کە شەرم لە خۆت دەکەیەوە کە برسیتە؟ (خۆی بەرەو سلیک خوار دەکاتەوە و چاوەڕێی وەڵامێک دەکا کە نایێ.) تۆ نەتدەگوت برسییەتی هاری دەکردی و لەمە زیاتر نەتدەتوانی بیر لەشتێکی دیکە بکەیەوە؟ هەروەها دەتگوت بۆ کوڕێکی بیست ساڵان دەتوانی شتی باشتر بکا وەک لەوەی بەردەوام خەریکی گەدەی بێ؟

سليک: تۆ پێویستت بەوە نییە لەبەرامبەر ئەو لەبارەی ئەمەوە بدوێی.

هۆدێرێر: تۆ ئەم قسانەت بۆ نەگێڕامەوە؟

سليک: ئینجا ئەمە چی دەگەیەنێ؟

هۆدێرێر: ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ خواردنی خۆت دەویست لەهەمان کاتدا شتێکی بچکۆلەی دیکەش لەگەڵی. ئەو ناو لەمە دەنێ ڕێز لەخۆگرتن. لێی گەڕێ بابیڵێ. هەموو کەسێک دەتوانێ ئەو وشانە بەکاربێنێ کە حەزی لێ دەکا.

سليک: ئەمە ڕێزگرتن نەبوو. ناو لەمە بنێین ڕێزگرتن ئازارێکی زۆرم دەدا. ئەو وشانە بەکاردێنێ کە لەناو سەری دەیدۆزێتەوە، بەسەری بیر لەهەموو شتێک دەکاتەوە.

هوگۆ: باشە تۆ دەتەوێ بەچی بیربکەمەوە؟

سليک: برام کەسکت بەتاڵ بێ و نان نەخۆی، بەسەر بیرناکەیتەوە. ڕاستە

دەمـویست کۆتایی بەم بەزمە بێ، بەخـودا وایە، هەر هیچ نەبێ بۆ
دەمێک، ماوەیەکی کەم، بۆ ئەوەی بتوانم حەز لەشتی دیکە بکەم،
هەر شتێک تەنیا خۆم نەبێ. بەڵام ئەمە ڕێزگرتن لەخۆ نەبوو. دیارە
تۆ قەت برسیت نەبووە و هاتوویتە لای ئێمە بۆ ئەوەی ئەخلاقمان
بەسەردا بفرۆشی، هەروەک ئەو ژنە مێوانانەی سەردەکەوتن و
دەچوونە لای دایکم کە بەتەنیا بوو بۆ ئەوەی پێی بڵێن ڕێزی خۆی
ناگرێ.

هوگۆ: ئەمە ڕاست نییە.

ژۆرژ: تۆ قەت برسیت بووە تۆ؟ لەو باوەڕەم تۆ زیاتر پێویستیت بەهەندێ
وەرزش بووە پێش نان خواردن بۆ ئەوەی باش شەهییەت بکرێتەوە.

هوگۆ: بۆ جارێک، تۆ ڕاست دەکەی هەڤاڵی گەورەم: نازانم شەهیە چییە.
ئەگەر تۆ فۆسفاتین[1]ەکانی سەردەمی منداڵی منت ببینایە، هەردەم
نیوەم بەجێ دەهێشتن. چ خەسارەتێک بوو! ئەوکاتە دەمیان
دەکردمەوە و پێیان دەگوتم: ملاکێک بۆ بابە، ملاکێک بۆ دایە،
ملاکێک بۆ پوورە ئاننا. بەم جۆرە، ملاکیان تا بنەبانی قورگم شۆڕ
دەکردەوە. ئینجا بێنە بەرچاوت ئەوها گەورە دەبووم. بەڵام قەت
قەڵەو نەدەبووم. ئەوکاتە بوو لە قەسابخانە خوێنی گەرمیان
دەرخواردام چونکە ڕووتەڵە و ڕەنگ زەرد بووم. لەناکاو چیتر
لەگۆشت نزیک نەدەبوومەوە. هەموو ئێوارەیەک باوکم دەیگوت:
«ئەو منداڵە برسی نییە...» هەموو ئێوارەیەک. ئەمە لێرەوە دەبینی:
«نان بخۆ هوگۆ، نان بخۆ، ئەگینا نەخۆش دەکەوی.» پاشان ڕۆنی
ماسییان دەخواردام، ئەمەش لووتکەی هەبوویی و ژیانێکی نایاب
بوو، دەرمانێک بوو بۆ ئەوەی برسیت بکا لەکاتێکدا، خەڵکی
دیکە، لەناو جادە خۆیان بۆ بیفتێکێک دەفرۆشت.[2] لەپەنجەرەکە

(١) جۆرە خواردنێکی ئەو سەردەمەبووە، تایبەت بەمنداڵان.

(٢) بیفتێک، خواردنێکی میللی فەرەنسییە.



بەخۆیان و لافیتەکانیان دەمبینین تێدەپەڕین: (نانمان دەوێ.)
ئینجا دەچوومە سەر سفرە. بخۆ هوگۆ، نان بخۆ. کەوچکێک بۆ
پاسەوان کە بێکارە، کەوچکێک بۆ ئەو پیرەی لەناو زبڵدان تویکڵ
دەردێنێ، کەوچکێک بۆ خێزانی دارتاش کە پێی خۆی شکاندووە.
ماڵەوەم بەجێهێشت. هاتمە ناو حزب بۆ ئەوەی گوێم لەهەمان
گۆرانی بێتەوە: «تۆ قەت برسیت نەبووە هوگۆ، دەم لەچی دەدەی؟
تۆ لەچی دەگەی؟ تۆ قەت برسیت نەبووە.» نەخێر، قەت برسیم
نەبووە! قەت، قەت، قەت. لەوانەیە تۆ بتوانی پێم بڵێی چی
پێویستە بیکەم بۆ ئەوەی هەمووتان لەسەرزەنشت کردنم بووەستن.

هۆدێرێر: گوێتان لێیە؟ زانیاری بدەنێ، پێی بڵێ چی پێویستە بیکا.
سلیک! تۆ داوای چی لێ دەکەی؟ دەستەکانی ببڕێ؟ چاوێکی
دەربێنێ؟ ژنەکەی خۆیت پێشکەش بکا؟ دەبێ چ نرخ و بەهایەک
بژمێرێ بۆ ئەوەی لێی ببوورن؟

سلیک: هیچم نییە لێی ببوورم.

هۆدێرێر: با، لەوەی کە هاتۆتە ناو حزب بێ ئەوەی بەکوێرەوەریدا تێپەڕێ.

ژۆرژ: لەم ڕووەوە لۆمەی ناکەین. مەسەلەکە ئەوەیە جیهانێک لەنێوان
ئێمەدا هەیە: ئەو، تازەیە و تاقیکردنەوەی کەمە، هاتۆتە ناو حزب
چونکە هەستی کردووە شتێکی باشە کارێک بکا. هەرچی ئێمەین
چارەمان نەبوو.

هۆدێرێر: ئەی ئەو، لەو باوەڕەدای چارەیەکی دیکەی هەبووبێ؟ برسییەتی
خەڵکی دیکە، ئەمەش ئەوەندە ئاسان نییە تەحەمول بکرێ.

ژۆرژ: زۆر هەن گەلێک باش خۆیان دەگونجێنن.

هۆدێرێر: ئەمانە هیچ خەیاڵیان نییە. بەدبەختییەکەش لەوەدایە ئەو
گچکەلەیە خەیاڵی زۆرە.

سلیک: باشە، نامانەوێ ئازاری بدەین. تەنیا خۆشمان ناوێ. خۆ مافی
ئەوەشمان هەیە...

هۆدێرێر: چ مافێک؟ ئێوە هیچ مافێکتان نییە هیچ.
«خۆشمان ناوێ.»... خوێرینە! ئەگەر ئازایەتیتان هەیە بڕۆن لەئاوێنە سەیری چەهرەی خۆتان بکەن پاشان بگەڕێنەوە لام بەناسکی سەرنجی خۆتانم پیشان بدەن. هەموو کەسێک بەکارەکانی هەڵدەسەنگێنرێ. ئاگادارین بەکارەکانتان ئێوە هەڵنەسەنگێنم، چونکە ماوەیەکە سەیر پێدرێژی دەکەن.
هوگۆ: (بەهاوارکردنەوە.) بەرگریم لێ مەکەن! کێ داوای لێ کردوون بەرگریم لێ بکەن؟ دەبینی هیچ شتێک نییە بکرێ، ڕاهاتووم. ماوەیەک بەر لەئێستا کە بینیمن، زەردەخەنەکەیانم ناسییەوە. جوان نەبوون. دەتوانن باوەڕم پێ بکەن. هاتوون بۆ ئەوەی نرخی ئەوەیان بدەمێ کە بابم و باپیرم و هەموو خێزانەکەم باش نانیان خواردووە. پێتان دەڵێم دەیانناسم، قەت وەرم ناگرن. ئەمانە سەد هەزار کەسن کە بەم زەردەخەنەوە دەڕوانن. خەباتم کردووە، سەری خۆم شۆڕکردووە، هەموو شتێکم کردووە بۆ ئەوەی لەبیری بکەن، بۆم دووبارە کردوونەتەوە کە خۆشم دەوێن، ئیرەییان پێ دەبەم، ستایشیان دەکەم. هیچ ناکرێ، هیچ ناکرێ. من کوڕی دەوڵەمەندانم، ڕۆشنبیرێکم، کوڕێکم کە بەدەستەکانی خۆی کارناکا. دەباشە، چییان دەوێ بابیلێن. ڕاست دەکەن، مەسەلەکە جلوبەرگە. (سلیک و ژۆرژ بەبێدەنگی سەیری یەکتر دەکەن).
هۆدێرێر: (ڕوو لەپاسەوانەکانی دەکا.) ئینجا؟ (سلیک و ژۆرژ وەک نیشانەیەکی نادڵنیایی شانیان هەڵدەتەکێنن.) بەیەک چاو سەیری هەمووتان دەکەم. ئێوەش ئەوە دەزانن لایەنگیری هیچ کەسێک ناکەم. ڕاستە بەدەستەکانی ئیش ناکا، بەڵام من سەخت ماندووی دەکەم. (هەراسان بووە.) دەبا کۆتایی بەم مەسەلەیە بهێنین.
سلیک: (بەباوەڕەوە.) باشە! (ڕووی لە هوگۆ-یە.) کوڕی گچکەم، مەسەلەکە ئەوە نییە حەزم لە تۆ بێ، خۆ بەزۆری نییە، شتێک



لەنێوان ئێمەدا هەیە ناڕوا. بەڵام من ناڵێم تۆ شەڕەنگێزیە و پاشانیش ڕاستە شتەکان خراپ دەستیان پێ کرد. لەمەودوا هەوڵدەدەین ئەم ژیانە سەخت نەکەین، باشە؟
هوگۆ: (بەکزی) باوابێ!
سلیک: ڕات لێیە ژۆرژ؟
ژۆرژ: لەمەودوا باوابێ.
هۆدێرێر: تەنیا مەسەلەی پشکنینەکە ماوەتەوە.
سلیک: بەڵێ، پشکنین... ئا، ئێستا...
ژۆرژ: ئەوەی دەمانگوت بۆ ئەوە بوو بڵێین.
سلیک: بۆ ئەوەی تێ بگا کە وەڵام دانەوەیم پێ ناخۆشە.
هۆدێرێر: (دەنگی خۆی دەگۆڕێ.) کێ داوای ڕای ئێوەی کردووە؟ ئەگەر من داواتان لێ بکەم ئەم پشکنینە دەکەن. (بەگەڕانەوە بۆ سەر شێوە قسەکردنی ئاسایی خۆی ڕوو لە هوگۆ دەکا.) کوڕم من باوەڕم بەتۆ هەیە، بەڵام تۆش دەبێ ڕیالیست بی. ئەگەر ئێمە چاوپۆشینێک بۆ تۆ بکەم بەیانی داوام لێ دەکەن دوو ئەوەندەش بۆ ئەوان بکەم، سەرەنجام بۆ کۆتایی هێنان بەمە، یەکێک دێ هەموومان لەناو دەبا چونکە فەرامۆشیان کردووە گیرفانی بگەڕێن. ئێستاش وادانێ بەڕێز و حورمەتەوە داوات لێ دەکەن کە ئێوە هاوڕێیەکن، تۆ ڕێگایان پێ دەدەی پشکنین بکەن؟
هوگۆ: لەو باوەڕەدام ڕێگایان پێ نادەم.
هۆدێرێر: هەها! (سەیری دەکا.) ئەی ئەگەر من داوات لێ بکەم؟ (وچانێک.) تێدەگەم: تۆ پرەنسیپی خۆت هەیە. منیش دەتوانم وەک مەسەلەیەکی پرەنسیپ وەری بگرم. بەڵام من و پرەنسیپ... (وچانێک.) سەیرم کە. تۆ چەکت پێ نییە؟
هوگۆ: نەخێر.

هۆدێرێر: ژنەکەشت پێی نییە؟

هوگۆ: نەخێر.

هۆدێرێر: باشە باوەڕت پێ دەکەم. ئێوە هەردووکتان بڕۆن.

ژێسیکا: بووەستن. (ڕووی خۆیان وەردەگێڕنەوە.) هوگۆ، وا هەست دەکەم خراپە ئەگەر بەباوەڕ وەڵامی باوەڕ نەدەیتەوە.

هوگۆ: چی؟

ژێسیکا: دەتوانن هەموو جێگایەک بپشکنن.

هوگۆ: بەڵام ژێسیکا...

ژێسیکا: باشە چییە؟ تۆ ئەو گومانەیان لا دروست دەکەی کە دەمانچەیەک دەشاریتەوە.

هوگۆ: تۆ شێت بووی!

ژێسیکا: باشە، لێیان گەڕێ پشکنینەکە بکەن. دڵ بڵندییەکەت ساغ و سەلامەت دەمێنێتەوە، چونکە ئێمەین تکایان لێ دەکەین ئەو پشکنینە بکەن.

(ژۆرژ و سلیک لەبەر دەرگا بەدوودڵی دەمێننەوە.)

هۆدێرێر: دەباشە؟ چاوەڕێی چی دەکەن؟ تێگەیشتن؟

سلیک: وامان دەزانی...

هۆدێرێر: هیچ شتێک نییە بزانرێ، ئەوە بکەن کە پێتان دەڵێن.

سلیک: باشە، باشە، باش.

ژۆرژ: پێویست بەو هەموو هەراو هۆریایە ناکا. (لەو کاتەی ئەوان خەریکی پشکنینن، هوگۆ بەکزی بەردەوام بەچاوێکی زەق تەماشای دەکا.)

هۆدێرێر: (ڕووی لەسلیک و ژۆرژە.) ئینجا ئەوە دەبێ فێرتان بکا باوەڕ بەخەڵک بکەن. من، هەمیشە باوەڕم بەهەموو خەڵک هەیە. (ئەوان بەردەوامن لەپشکنین.) ئای کە خاون! وا چاکە پشکنینەکە



گەرمتربێ باشە، چونکە بەگەرمی پێیان گوتن. سلیک سەیری بن دۆڵابەکە دەکا. ئێ، ئەم قاتە دەربێنە. بپشکنە و بگەڕێ.

سلیک: تەواو.

هۆدێرێر: سەرلەنوێ دەست پێ بکەنەوە. سەیری بن دۆشەگەکەش بکە! باشە. سلیک تۆ بەردەوام بە. تۆش ژۆرژ وەرە ئێرە. (ئاماژە بۆ هوگۆ دەکا.) بپشکنە. تەنیا دەست لەسەر گیرفانی چاکەتەکەی بکوتە. ئێرە. گیرفانی پانتۆلەکەشی. باشە. گیرفانی دەمانچەش. زۆرچاکە.

ژێسیکا: ئەی من؟

هۆدێرێر: لەبەرئەوەی خۆت داوادەکەی. ژۆرژ بیپشکنە. (ژۆرژ لەشوێنی خۆی ناجوولێ.) ئینجا؟ دەتترسێنێ؟

ژۆرژ: ئۆ! باشە. (تا کن ژێسیکا دەچێ. ژێسیکا زۆر سووربۆتەوە و بەسەری پەنجەکانی لەشی دەگەڕێ. ژێسیکا پێدەکەنێ.)

ژێسیکا: دەڵێی دەستی کەنیزەکەکانی هەیە. (سلیک گەیشتۆتە پێش جانتاکەی دەمانچەکەی تێدایە.)

سلیک: جانتاکان بەتاڵن؟

هوگۆ: (ئالۆزبووە.) بەڵێ. (هۆدێرێر بەووردی سەیری دەکا.)

هۆدێرێر: ئەمەی ئەولاش؟

هوگۆ: بەڵێ. (سلیک جانتاکە بەرزدەکاتەوە.)

سلیک: نەخێر.

هوگۆ: ئا... نەخێر، ئەمەیان بەتاڵ نییە. کە ئێوە هاتنە ژوورەوە خەریکی کردنەوەی بووم.

هۆدێرێر: بکەوە. (سلیک دەیکاتەوە و دەیپشکنێ.)

سلیک: هیچی تێدانییە.

هۆدێرێر: باشە. تەواو. لاچۆن.

سلیک: (ڕوو لە هوگۆ دەکا.) ڕق و کینەت نییە.

هوگۆ: ڕق و کینەم نییە.

ژێسیکا: (لەودەمەی ئەوان دەردەچن.) پاشان بەمیوانی لەژوورەکەی خۆتان سەرتان لێ دەدەم.

## دیمەنی چوارەم

هۆدێرێر: لەجیاتی تۆ بم، زوو زوو ناچم بۆ بینینیان.

ژێسیکا: ئێ! لەبۆچی؟ ئەوەندە قشتیلەن، بەتایبەتی ژۆرژ، بۆ خۆی کچێکی جاحێڵە.

هۆدێرێر: همم! (بەرەو ژێسیکا دەچێ.) ڕاستە تۆ جوانی و سوودی نییە لەمە پەشیمان بیتەوە. کە شتەکان بەم جۆرەن، تەنیا ڕێگاچارەی لێ دەبینم. یەکەمیان ئەوەیە: ئەگەر دڵێکی فراوانت هەیە، با ببێتە سەرچاوەی بەختەوەری بۆ هەموومان.

ژێسیکا: دڵێکی زۆر گچکۆکەم هەیە.

هۆدێرێر: دەمزانی. لەلایەکی دیکە، ئەوان لەگەڵ ئەمەش هەوڵدەدەن خۆیان ڕێک بخەن و بەرگری یان خەبات بکەن. ماوەتەوە ڕێگای چارەی دووەم: کە مێردەکەت دەڕوا و لێرە نابێ، دەرگا لەسەرخۆت داخە و لەهیچ کەسێک مەکەوە، هەتا بۆ منیش.

ژێسیکا: بەڵێ، جا، ئەگەر ئێوە ئیزنم بدەن، من ڕێگای سێیەم هەڵدەبژێرم.

هۆدێرێر: بەئارەزووی خۆت. (خۆی بۆ لای ژێسیکا خواردەکاتەوە و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێ.) بۆنت خۆشە. کە دەچیتە لایان بۆ بینینان ئەم بۆنە لەخۆت مەدە.

ژێسیکا: هیچ بۆنم لەخۆم نەداوە.

هۆدێرێر: باشتر. (ڕووی خۆی وەردەگێڕێ و لەسەرخۆ تا ناوەڕاستی ژوورەکە دەچێ و پاشان دەوەستێ. بەدرێژایی ئەم دیمەنە چاوەکانی



لەسەر هەموو شتێک دەسووڕێتەوە. لە شتێک دەگەڕێ. ناوەناوە نیگای لەسەر هوگۆ دەوەستێ و سەرنجی دەداتێ.) باشە، ئینجا، ئەمەش تەواو. (بێدەنگی.) تەواو. (بێدەنگی.) هوگۆ، تۆ سبەی سەعات دە دەبیتە کن من.

هوگۆ: دەزانم.

هۆدێرێر: (وێڕای سەرگەرم کردن و جۆرێک بێ هۆشی دەگەڕێ و چاو بەسەر هەموو شتێک دەخشێنێ.) باشە، باشە، باش، ئیتر تەواو. هەموو شتێک لەجێگای خۆیەتی. هەموو شتێک باشە کە باش کۆتایی پێ دێ. بەخوا ئێوە سەیرن منداڵەکانم. هەموو شتێک لەجێگای خۆیەتی، دەی. هەموومان پێکهاتینەوە، هەموومان یەکترمان خۆش دەوێ... (لەناکاو.) تۆ ماندووی کوڕم.

هوگۆ: هیچ نییە. (هۆدێرێر بەوردی سەرنجی دەدا. هوگۆ هەراسان بووە و بەزەحمەت قسان دەکا.) دەربارەی... مەسەلەی دەمێ دی، داوای لێبووردن دەکەم.

هۆدێرێر: (بێ ئەوەی چاوی لەسەر هەڵگری.) تەواو لەبیرم کردبوو.

هوگۆ: لەئاییندە، ئێوە...

هۆدێرێر: پێم گوتی لەجیاتی بە(ئێوە)، بە(تۆ)(١) قسەم لەگەڵ بکە.

هوگۆ: لەئاییندە، هیچ گلەییەکتان نابێ، تەواو فرمانەکان پەیڕەو دەکەم.

هۆدێرێر: پێشتر ئەمەم لێت بیستووە. تۆ دڵنیای کە نەخۆش نی؟ (هوگۆ وەڵام ناداتەوە.) ئەگەر نەخۆشی ئێستاش وەختی ئەوە هەیە

(١) فەرەنسییەکان قسەیان لەگەڵ دەکەی، بۆ دەربڕینی ڕێز و ئاشنایی، دوای ماوەیەک گفتوگۆ، دەڵێن بەئێوە – Vous بانگم مەکە بە تۆ – Tu بانگم بکە. ئەمە لەسروشتی زمانی فەرەنسی زۆردیارە. بەڵام لەزمانی کوردی بەوڕادەیە دەرناکەوێ، تەنیا هەندێ جار نەبێ کە لەبەرامبەر یەکێکین پایەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر بەرزی هەبێ.

لەکۆمیتە داوابکەم یەکێکی دیکە بنێرن جێگات بگرێتەوە.

هوگۆ: نەخۆش نیم.

هۆدێرێر: زۆر چاکە، سەرەنجام، بەجێتان دەهێڵم. لەو باوەڕەم حەز دەکەن بەتەنیابن. (بەرەو مێزەکە دەچێ و سەیری کتێبەکان دەکا.) هیگل، مارکس، زۆر باشە، لۆرکا! ئێلیەت ئەمەیان ناناسم. (کتێبەکان هەڵدەداتەوە).

هوگۆ: ئەمانە شاعیرن.

هۆدێرێر: (کتێبی دیکە بەدەست دەگرێ). شیعر، شیعر، شیعرێکی زۆر. تۆ هۆنراوان دەنووسی؟

هوگۆ: نە، نەخێر.

هۆدێرێر: سەرەنجام، تۆ هەندێکت نووسیوە. (لەمێزەکە دوور دەکەوێتەوە و لەکن تەختی نووستنەکە دەوەستێ.) ڕۆبی ماڵەوە، تۆ باش خۆت دەپۆشی. کە باوکت بەجێهێشت لەگەڵ خۆت هێنات؟

هوگۆ: بەڵێ.

هۆدێرێر: لەو باوەڕەم ئەم دوو دەستە جلەش؟ (جگەرەیەکی پێشکەش دەکا.)

هوگۆ: (ڕەتی دەکاتەوە.) سوپاس.

هۆدێرێر: تۆ جگەرە ناکێشی؟ (ئاماژەی نەفی هوگۆ.) باشە. کۆمیتە پێی ڕاگەیاندم کە تۆ قەت بەشداریت لەکردەیەکی ڕاستەوخۆ نەکردووە، ڕاستە؟

هوگۆ: ڕاستە.

هۆدێرێر: دەبێ هەوڵی بۆ بدەی. هەموو ڕۆشنبیرێک خەون بەکردەیەکەوە دەبینن.

هوگۆ: ڕۆژنامەکە لەئەستۆی من بوو.

هۆدێرێر: ئەوەیان پێ گوتم. ماوەی دوو مانگە هیچیم لێ بەدەست



نەگەیشتووە. ژمارەکانی پێشتر تۆ ئامادەت دەکردن؟

هوگۆ: بەڵێ.

هۆدێرێر: کارێکی شەرافەتمەند بووە. ئەم سەرنووسەرە باشەیان لەخۆیان کردووە تا بۆ منی بنێرن.

هوگۆ: بیریان بۆ ئەوە چووە کە من بۆ ئێوە دەگونجێم.

هۆدێرێر: ئەوان عاقل و ژیرن. ئەی تۆ؟ پێت خۆشە کاری خۆت بەجێ بهێڵی؟

هوگۆ: من...

هۆدێرێر: ڕۆژنامەکە تۆ بوویت، خەتەری و بەرپرسیاری تێدابوو، بەکورتی، دەشێ وەک کردەیەک وەربگیرێ. (سەیری هوگۆ دەکا.) سەرەنجام ئێستا سکرتێری. (وچانێک.) بۆچی ڕۆژنامەکەت بەجێهێشت؟ بۆچی؟

هوگۆ: وەک دیسپلینێک(١)

هۆدێرێر: بەردەوام ناوی دیسیپلین مەهێنە. من گومانم لەو کەسانە هەیە ک تەنیا ئەم وشەیان لەسەر زارە.

هوگۆ: چونکە من پێویستم بەدیسیپلینە.

هۆدێرێر: بۆچی؟

هوگۆ: (بەماندووبوونەوە). ئەفکارێکی زۆرم لەناو سەرە، دەبێ هەندێکیان فڕێ بدەم.

هۆدێرێر: چ جۆرە ئەفکارێک؟

هوگۆ: من چی دەکەم لێرە؟ ئایا بۆ ئەوەی دەمەوێ بەدەستی بهێنم، ڕاست دەکەم؟ ئایا من ئێستا خەریکی ئەوە نیم گاڵتە و بەزم بەخۆم بکەم؟ شتی لەم جۆرە.

(١) دیسپلین: دەشێ بەعەرەبی بەرامبەرەکەی ڕوونتربێ، کە دەکا (الضبط والربط الحزبي).

هۆدێرێر: (لەسەرخۆ.) بەڵێ، شتی لەمجۆرە. ئینجا، ئێستا سەرت پڕییەتی لەشتی وا؟

هوگۆ: نەخێر...، نەخێر...، ئێستا نا. (وچانێک.) بەڵام دەشێ هەمان حاڵەت بگەڕێتەوە. دەبێ بەرگری لەخۆم بکەم. بیری دیکە لەناو سەرم جێگیر بکەم. نیشانەی لەم جۆرە: «ئەمە بکە، بڕۆ، ڕاوەستە، ئەمە بڵێ.» پێویستم بەگوێڕایەڵی هەیە. گوێڕایەڵی و تەواو. خواردن، نووستن، گوێڕایەڵی کردن.

هۆدێرێر: باشە. ئەگەر گوێڕایەڵ بی دەتوانین بگونجێین. (دەست دەخاتە سەرشانی.) گوێ بگرە... (هوگۆ خۆی لێ دوور دەخاتەوە و پازێک بۆ دواوە دەدا. هۆدێرێر بەدیقەتەوە سەیری دەکا. دەنگی سەخت و بڵند دەبێ.) ئەهـ؟ (وچانێک.) هەی، هەی!

هوگۆ: من، من حەزناکەم دەستم لێ بدەن.

هۆدێرێر: (بەدەنگێکی توند و خێرا.) کە ئەم جانتایەیان پشکنی تۆ ترسای، بۆچی؟

هوگۆ: نەترسام.

هۆدێرێر: با، ترسای، چی تیایە؟

هوگۆ: پشکنیان و هیچی تێدانەبوو.

هۆدێرێر: هیچ؟ ئێستا دەبینین. (بەرەو جانتاکە دەچێ و دەیکاتەوە.) ئەوان بەدوای چەکێک دەگەڕان. دەتوانین چەکێک لەناو جانتایەک بشارینەوە لەهەمان کات دەتوانین کاغەزیشی تیا بشارینەوە.

هوگۆ: یانیش شتی زۆر تایبەت و شەخسی.

هۆدێرێر: لەو کاتەوەی تۆ لەژێر فرمانی منی، ئەوە لە مێشکت دابنێ هیچ شتێکت چیدیکە هی تۆ نییە. (دەگەڕێ.) کراس. دەرپێ، هەمووی نوێن. کەواتە تۆ پارەشت هەیە؟

هوگۆ: ژنەکەم هەیەتی.



هۆدێرێر: ئەم وێنانە چین؟ (هەڵیان دەگرێتەوە و سەیریان دەکا. بێدەنگی.) ئەمەیە، کەواتە ئەمەیە. (سەیری وێنەیەک دەکا.) دەستەجلێکی مەخمەلی... (سەیری یەکێکی دیکە دەکا.) جلی دەریاوانی و بێرییەک. چ پیاوێکی بچکۆلەی!

هوگۆ: ئەم وێنانەم بدەوە.

هۆدێرێر: بێدەنگ. (هوگۆ دوور دەخاتەوە.) کەواتە ئەمانەن شتە تایبەتە شەخسییەکان. دەترسای نەیدۆزنەوە.

هوگۆ: ئەگەر چوارپەلە پیسەکانیان لەسەردانابایە، ئەگەر وێڕای سەیرکردنیان گاڵتەیان بکردایە، دەمزانی...

هۆدێرێر: کەواتە، نهێنییەکە ئاشکرابوو. ئەمەیە بوونی سەر و کەللەیەکی تاوانبار، سوێندم خواردبوو دەمگوت بەلای کەمی تۆ نارنجۆکێکت شاردۆتەوە. (سەیری وێنەکان دەکا.) تۆ نەگۆڕاوی، سەیری ئەو لاقە لاوازانە بکە... بێگومان تۆ قەت شەهییەی خواردنت نەبووە. تۆ ئەوەندە بچووک بووی، سەرەنجام بەپێوە لەسەر کورسییێکیان داناوی، بازووەکانت تێکبڕیووە و وەک ناپولیۆنێک جیهانی خۆت هەڵدەسەنگێنێ. ڕووخۆشیت پێوە دیارنییە. نا... پێناچێ گاڵتەبێ هەموو ڕۆژێک کوڕی دەوڵەمەندێک بیت. ئەمەش سەرەتایەکی خراپە لە ژیاندا. بۆچی دەتەوێ ڕابردووی خۆت لەناو ئەم جانتایە بەدوای خۆت ڕاکێشی لەکاتێکدا دەتەوێ بینێژی؟ (ئاماژەیەکی ناتەواوی هوگۆ.) بەگشتی، تۆ زۆر خەریکی خۆتی.

هوگۆ: من هاتوومەتە ناو حزب تا خۆم لەبیربکەم.

هۆدێرێر: ئینجا لەهەموو چرکەیەک بەبیرت دێتەوە کە دەبێ خۆت لەبیربکەی. سەرەنجام، هەر کەسەو بەپێی توانای خۆی هەوڵدەدا. (وێنەکانی دەداتەوە.) باش بیانشارەوە،. (هوگۆ لێی وەردەگرێتەوە و دەیانخاتە گیرفانی باخەڵەی چاکەتەکەی.)... تابەیانی هوگۆ.

هوگۆ: تابەیانی.

هۆدێرێر: ئێوارەباش، ژێسیکا.
ژێسیکا: ئێوارەباش. (لەناو دەرگا هۆدێرێر خۆی وەردەسووڕێنێتەوە)
هۆدێرێر: پەنجەرەکان داخەن و کلیلیان بدەن. قەت نازانین کێ لەناو باخچەکە دەسووڕێتەوە. ئەمەش فرمانێکە.

## دیمەنی پێنجەم

(هوگۆ بەرەو دەرگاکە دەچێ و دووجار کلیلی دەدا.)
ژێسیکا: ڕاستە، کابرایەکی سووک و چرووکە. بۆینباغی خاڵداریشی نەبەستووە.
هوگۆ: دەمانچەکە لە کوێیە؟
ژێسیکا: تۆ نازانی چەندە کەیفم سازبوو هەنگە بچکۆڵەکەم. ئەمە یەکەم جارە ڕووبەڕوو لەگەڵ پیاوی ڕاستەقینە دەتبینم.
هوگۆ: دەمانچەکە لەکوێیە ژێسیکا؟
ژێسیکا: هوگۆ تۆ قانونەکانی ئەم یارییە نازانی، ئەی پەنجەرەکە؟ دەشێ لەدەرەوە بمان بینن.
(هوگۆ دەچێ پەنجەرەکان دادەخا و پەردەکە دادەداتەوە.)
هوگۆ: ئینجا؟
ژێسیکا: (دەمانچەکە لەناو کورسییەکەی دەردێنێ.) بۆ گەڕان و پشکنینی من دەبوایە هۆدێرێر ژنێکیش بەکرێ بگرێ. دەچم بۆ ئەم کارە خۆمیان پێشنیار دەکەم.
هوگۆ: کەی دەمانچەکەت دەرهێنا؟
ژێسیکا: کە تۆ چووی دەرگا لەو دوو پاسەوانە سەگانە بکەیەوە.
هوگۆ: چاک پێت ڕابواردووین، وام زانی تۆی خستۆتە داوی خۆی.
ژێسیکا: من؟ لەدەستم چوو ڕووبەڕوو گاڵتەی پێ بکەم: «باوەڕتان پێ دەکەم، باوەڕ بەهەمووکەسێک دەکەم. دەبا ئەمە فێرتان بکا باوەڕتان هەبێ...» بیر لەچی دەکاتەوە؟ مرۆڤ باوەڕپێکردن لەگەڵ



پیاوان فێری دەبێ.
هوگۆ: چیتر؟
ژێسیکا: دەتوانی بێدەنگ بی هەنگە بچکۆلەکەم، تۆ، تۆ شڵەژابووی.
هوگۆ: من؟ کەی؟
ژێسیکا: کە پێی گوتی باوەڕی پێت هەیە.
هوگۆ: نەخێر، نەشڵەژابووم.
ژێسیکا: با.
هوگۆ: نەخێر.
ژێسیکا: بەگشتی، ئەگەر هات و منت لەگەڵ کوڕێکی جوان بەجێهێشت، پێم نەڵێی باوەڕم پێت هەیە، لەبەرئەوە ئاگادارت دەکەمەوە ئەگەر حەزم لێ بێ ئەم شتە ڕێگام لێ ناگرێ خیانەتت لێ بکەم. بەپێچەوانەوە.
هوگۆ: من زۆر ئاسوودەم، ئەوسا وەک ئەوەی هیچم نەبینیبێ دەڕۆم.
ژێسیکا: تۆ لەو باوەڕەی بتوانن بەعاتیفەوە من بگرن.
هوگۆ: نەخێر پەیکەرە بەفرینەکەم. باوەڕم بەساردی بەفر هەیە. گەرمترین مێباز پەنجەکانی تێدا دەبەستێ. دڵنەوازیت دەکا بۆ ئەوەی کەمێک گەرمت بکاتەوە پاشان لەناو دەستەکانی دەتوێیتەوە.
ژێسیکا: گەلحۆ! چیتر ئەم یارییە ناکەم. (وچانێکی زۆر کورت.) تۆ زۆر ترسای.
هوگۆ: کەمێک پێش ئێستا؟ نەخێر. باوەڕم پێی نەبوو. سەیرم دەکرد ئەو ناوەیان دەپشکنی، منیش لەدڵی خۆم دەمگوت: (ئەمە کۆمێدیایەکە نمایشی دەکەین.)
هیچ شتێک تەواو ڕاست نایەتە بەرچاوم.
ژێسیکا: هەتا منیش؟
هوگۆ: تۆ؟ (کەمێک سەیری دەکا پاشان ڕووی وەردەسووڕێنێ.) بیڵێ، تۆ

ترست هەبوو، تۆش؟

ژێسیکا: کەزانیم دێن منیش دەپشکنن، مەسەلەکە وەک شێر و خەت هاتە بەرچاوم. لە ژۆرژ دڵنیابووم بەئاستەم دەستم دەگەیەنێتێ، بەڵام لەوانەبوو لەگەڵ سلیک شەڕ بکەم. ترسم لەوەنەبوو دەمانچەکە بدۆزنەوە، ترسم لەدەستەکانی هەبوو.

هوگۆ: نەدەبوایە من تۆ لەم مەسەلەیە وەردەم.

ژێسیکا: بەپێچەوانەوە، هەردەم خەونم بەوە بینیوە مل لەبەر ملی خەتەری بنێم.

هوگۆ: ژێسیکا، ئەمە یاری نییە، ئەمە پیاوێکی خەتەرناکە ئاگاداربە.

ژێسیکا: خەتەرناک؟ بۆ کێ؟

هوگۆ: بۆ حزب.

ژێسیکا: بۆ حزب؟ وام دەزانی سەرۆکی حزبە.

هوگۆ: یەکێ لەسەرۆکەکانە. هەڵبەت لەجێی خۆیەتی، ئەو...

ژێسیکا: بەتایبەتی ئەمەم بۆ لێک مەدەوە. باوەڕت پێدەکەم.

هوگۆ: باوەڕ بەچی دەکەی؟

ژێسیکا: (دەیڵێتەوە.) باوەڕدەکەم ئەم پیاوە خەتەرناکە و پێویستە لەناوبچێ و تۆش هاتووی بۆ لەناوبردنی...

هوگۆ: بێدەنگ! (وچانێک.) سەیری من کە. هەندێ جار لەگەڵ خۆم دەڵێم تۆ وا خۆت نیشان دەدەی باوەڕم پێدەکەی لەکاتێکدا بەڕاستی باوەڕم پێ ناکەی و هەندێ جاری دیکەش لەناخەوە باوەڕم پێ دەکەی بەڵام تۆ بەچەشنێک خۆت نیشان دەدەی باوەڕم پێ ناکەی. کامەیان ڕاستە؟

ژێسیکا: (بەپێکەنینەوە.) هیچ شتێک ڕاست نییە.

هوگۆ: ئەگەر پێویستیم بەتۆ هەبوایە تۆ چیت دەکرد؟

ژێسیکا: ئەی نەهاتووم بۆ یارمەتی دانت؟



هوگۆ: بەڵێ گیانەکەم، بەڵام من مەبەستم ئەو یارمەتییە نییە کە من دەمەوێ.

ژێسیکا: ناڕەسەن.

هوگۆ: (وێڕای سەیرکردن.) ئەگەر بمتوانیایە ناوسەرت بخوێنمەوە...

ژێسیکا: داوام لێ بکە.

هوگۆ: پیەهـ...! (وچانێک.) خودای گەورە، کە دەچین پیاوێک دەکوژین، دەبێ هەست بەوە بکەین لەشمان گران دەبێ وەک بەردێک. دەبێ بێدەنگی هەبێ لەناو سەرم. (هاوار دەکا.) بێدەنگی! (وچانێک.) بینیوتە چەندە توند و تۆڵە؟ چەندە زیندووە؟ (وچانێک.) ڕاستە، ڕاستە! ڕاستە دەیکوژم! هەفتەیەکی دیکە لەسەر ئەرز ڕادەکشێ و مردووە و پێنج گوللەش لەناو لەشیەتی. (وچانێک.) چ کۆمێدیایەکە!

ژێسیکا: (پێدەکەنێ). هەنگە بچکۆلە بێ وەیەکەم، ئەگەر دەتەوێ قەناعەت بەمن بهێنێ کە ماوەیەکی دیکە دەبیتە پیاوکوژ، چاکترە لە خۆت دەست پێ بکەی سەرەتا، قەناعەت بەخۆت بهێنی.

هوگۆ: چی، دیمەنێکی قەناعەتدارم نییە؟

ژێسیکا: بەهیچ شێوەیەک، تۆ خراپ ڕۆڵی خۆت دەگێڕی.

هوگۆ: بەڵام ژێسیکا من نمایش ناکەم.

ژێسیکا: با، تۆ نمایش دەکەی.

هوگۆ: نەخێر، تۆ وایت، هەمیشە تۆ وایت.

ژێسیکا: نەخێر، تۆ بەم جۆرەی. لەلایەکی دیکە تۆ چۆن دەتوانی بیکوژی، لەکاتێکدا دەمانچەکە لەکن منە.

هوگۆ: ئەو دەمانچەیەم بدەوە.

ژێسیکا: شتی وانییە قەت نایدەمەوە! بردوومەتەوە. بێ من بەدەمانچەکەوە دەیانگرتی.

هوگۆ: ئەو دەمانچەیەم بدەوە.

ژێسیکا: نەخێر، ناتدەمەوە، دەچم هۆدێرێر دەدۆزمەوە و پێی دەڵێم: هاتووم بەختەوەرت بکەم، لەوکاتەی ماچم دەکا... (هوگۆ کە خۆی وا نیشان دەدا گوێڕایەڵە، خۆی فڕێ دەداتە سەری، هەمان نمایشی دیمەنی یەکەم دەکەنەوە، هەردووکیان دەکەونە سەر تەختەکە و ڕکابەری یەکتر دەکەن و هاواردەکەن و پێدەکەنن. سەرەنجام هوگۆ دەمانچەکەی لەناو دەستی دەردێنێ و لەو دەمەش پەردە دادەبەزێ و



ژێسیکا هاوار دەکا:) ئاگاداربە، ئاگاداربە! دەمانچەکە دەتەقێ!

## تابلۆی چوارەم

*بیرۆی هۆدێرێر*

*ژوورێکی دیمەن سەخت بەڵام بەکەلوپەلی نەرم و نیان. لەلای ڕاست بیرۆیەک[1] هەیە، لەناوەڕاست مێزێک هەیە سەری پڕیەتی لەکتێب و کاغەز لەگەڵ مافوورێک کە تا سەر زەوییەکە شۆڕبۆتەوە. لەلای چەپ، لەلایەک پەنجەرەیەک هەیە و لێیەوە درەختەکانی باخچە دەبینرێ. لەبنەبان، لای ڕاستە، دەرگایەک هەیە: لەلای چەپی دەرگا مێزێکی مەتبەخ دەبینرێ، فڕنییەکی گازی لەسەرە. لەسەر ئەم فڕنییەش کتلییەکی تایبەت بەقاوەلێنان دەبینرێ.*

*چەند کورسییەکی پێک نەچوو دەبینرێ. پاش نیوەڕۆیە. هوگۆ بەتەنیایە. لەبیرۆکە نزیک دەبێتەوە، قەڵەم دانەکەی هۆدێرێر هەڵدەگرێ و دەستی لێ دەدا. پاشان تا لای فڕنییەکە دەچێ، دەست دەکاتە کتلییە تایبەتییەکەی قاوەلێنان وێڕای فیتەلێدان سەیری دەکا، ژێسیکا بەهێمنی دێتە ژوورەوە.*

### دیمەنی یەکەم

ژێسیکا: چی دەکەی لەگەڵ ئەم کتلی قاوەیە؟ (هوگۆ بەخێرایی دایدەنێتەوە.)

هوگۆ: ژێسیکا: ڕێگایان پێ نەداویت بێیتە ئەم بیرۆیە.

ژێسیکا: لەگەڵ ئەم کتلییەی قاوەلێنان چیت دەکرد؟

هوگۆ: ئەی تۆ، هاتووی چی بکەی لێرە؟

(١) بیرۆ: –Bureau– نووسینگە، مکتب.

ژێسیکا: تۆ ببینم گیانەکەم

هوگۆ: ئینجا ئێستا منت بینی. برۆ، هۆدێرێر ئێستا دادەبەزێ.

ژێسیکا: چەندە لە تۆ بێزارم هەنگە بچکۆلەکەم!

هوگۆ: وەختم نییە یاری بکەم ژێسیکا.

ژێسیکا: (تەماشای دەوروبەری خۆی دەکا.) هەڵبەت تۆ هیچت نەزانی بۆم وەسف بکەی. ئێرە بۆنی تووتنی ساردبووەوەی لێ دێ، هەروەک لەبیرۆی باوکم لەسەردەمی منداڵیم هەستم پێ دەکرد. دەبینی هەست دەکەم ئاسانە لەسەر بۆنێک قسە بکرێ.

هوگۆ: باش گوێم لێ بگرە...

ژێسیکا: بوەستە! (لەگیرفانی چاکەتەکەی دەگەڕێ.) هاتووم بۆ ئەوەی ئەمەت بۆ بێنم.

هوگۆ: ئەمە چییە؟

ژێسیکا: (دەمانچەکە لەگیرفانی دەردێنێ و لەناو لەپی دادەنێ و بۆ هوگۆی درێژ دەکا.) ئەمە، تۆ لەبیرت کردبوو!

هوگۆ: لەبیرم نەکردبوو، قەتیش هەڵی ناگرم.

ژێسیکا: هەر لەبەر ئەمەش، نابێ لەخۆتی جیاکەیتەوە.

هوگۆ: ژێسیکا: لەبەرئەوەی ناتەوێ تێ بگەی ڕاست و ڕەوان ڕێگات پێ نادەم جارێکی دیکە پێ لێرە بنێیتەوە. ئەگەر دەتەوێ یاری بکەی باخچە و تەواوی ئەو باڵاخانەت لەبەر دەستە.

ژێسیکا: هوگۆ تۆ وا قسەم لەگەڵ دەکەی وەک ئەوەی تەمەنم شەش ساڵانە بێ.

هوگۆ: خەتای کێیە؟ بەڕاستی هەراسان کەرە، تۆ ناتوانی بێ پێکەنین چیتر سەیرم بکەی. خۆمان جوان دەبینینەوە کە تەمەنمان دەگاتە پەنجا ساڵ. دەبێ لێی دەرچین، تەنیا عادەتێکە، تۆ باش دەزانی، عادەتێکی پیس کە بەیەکەوە وەرمان گرتووە. ئایا تێمدەگەی؟



ژێسیکا: زۆرباش.

هوگۆ: دەکرێ لەم بارەیەوە کەمێک خۆت ماندووکەی؟

ژێسیکا: بەڵێ.

هوگۆ: باشە. ئینجا بەگەڕانەوەی ئەم دەمانچەیە دەست پێ بکە.

ژێسیکا: ناتوانم.

هوگۆ: ژێسیکا!

ژێسیکا: هی تۆیە، دەبێ لەلای تۆ بێ.

هوگۆ: بەڵام من پێت دەڵێم لەلای من بێ چی لێ بکەم!

ژێسیکا: ئەی من، دەتەوێ چی لێ بکەم؟

هوگۆ: بەئارەزووی خۆت، پەیوەندی بەمنەوە نییە.

ژێسیکا: خۆ بەتەمانی ژنەکەت ناچارکەی بەدرێژایی ڕۆژ بسووڕێتەوە و دەمانچەیەکی لەگیرفانی دابێ؟

هوگۆ: بگەڕێوە شوێنی خۆمان و لەناو جانتاکەی دانێوە.

ژێسیکا: بەڵام دەعبا، حەزناکەم بگەڕێمەوە!

هوگۆ دەتتوانی نەیهێنی.

ژێسیکا: تۆش، دەتتوانی لەبیری نەکەی.

هوگۆ: پێت دەڵێم لەبیرم نەکردووە.

ژێسیکا: ناااا؟ کەواتە پرۆژەکانت گۆڕیوە.

هوگۆ: بێدەنگ!

ژێسیکا: هوگۆ، سەیری ناو چاوەکانم بکە. بەڵێ یان نەخێر، ئایا تۆ پرۆژەکانت گۆڕیون.

هۆگۆ: نەخێر نەم گۆڕیوون.

ژێسیکا: بەڵێ یان نەخێر، ئایا ئەو نیەتەت هەیە...

هوگۆ: بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، بەڵام ئیمڕۆ نا.

ژێسیکا: ئۆه! هوگۆ، هوگۆی بچکۆڵەم، بۆ ئەمڕۆ نەبێ؟ زۆر هەست

بەبێزاری دەکەم، هەموو ئەو ڕۆمانانەم تەواوکردن کە تۆ داتمێ، حەزیش ناکەم بەدرێژایی ڕۆژ وەک کەنیزەکێک لەسەر جێگاکەم درێژبم، ئەمە قەڵەوم دەکا. تۆ دەڵێی چی؟

هوگۆ: ژێسیکا، تۆ هێشتا یاری دەکەی.

ژێسیکا: بەپێچەوانەوە تۆ یاری دەکەی. ئەوە دە ڕۆژە تۆ خۆت خەریک کردووە بۆ ئەوەی سەرەنجی من ڕاکێشی کەچی ئەویتر هەمیشە لەژیاندایە، ئەگەر ئەمە یارییە، ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ: ئێمە بەردەوام بەدەنگی نزم قسە دەکەین لەترسی ئەوەی نەوەک گوێیان لێمان بێ و وەک ئەوەی تۆ ژنێکی سکپڕبی، دەبێ تەحەمولی هەموو خووێکت بکەم.

هوگۆ: تۆ زۆر باش دەزانی ئەمە یاری نییە.

ژێسیکا: (بەوشکی.) خراپتر: من زراوم لەوە دەڕژێ خەڵک ئەو شتە نەکەن کە بڕیاریان لەسەر داوە بیکەن. ئەگەر دەتەوێ باوەڕت پێ بکەم، دەبێ هەر ئەمڕۆ کۆتایی پێ بێنی.

هوگۆ: ئیمڕۆ گونجاو نییە.

ژێسیکا: (دەگەڕێتەوە سەر شێوەی ئاخاوتنی ئاسایی خۆی.) دەبینی.

هوگۆ: ئاه! تۆ هیلاکم دەکەی، چاوەڕێی میوان دەکا، لێرە!

ژێسیکا: چەند؟

هوگۆ: دوو.

ژێسیکا: ئەوانیش بکوژە.

هوگۆ: هیچ شتێک لەوە نابەجێ تر نییە یەکێک بەسەر سەختی درێژە بەگاڵتە جاری خۆی بدا لەکاتێکدا ئەوانیتر هیچ ئارەزوویان لێ نییە. داوای یارمەتیت لێ ناکەم، ئۆ، نا. تەنیا دەمەوێ تۆ هەراسانم نەکەی.

ژێسیکا: باشە! باشە! ئەوە بکە کە خۆت دەتەوێ، چونکە تۆ لەدەرەوەی



ژیانی خۆت ڕام دەگری. بەڵام ئەم دەمانچەیەم لێ وەرگرە چونکە ئەگەر لەلام بمێنێتەوە، گیرفانم تێکدەدا.

هوگۆ: ئەگەر وەریگرم تۆ دەڕۆی؟

ژێسیکا: سەرەتا وەری بگرە. (هوگۆ دەمانچەکە وەردەگرێ و لەگیرفانی دەنێ.)

هوگۆ: ئێستا، بڕۆ.

ژێسیکا: یەک دەقیقە! لەگەڵ ئەوەش مافی ئەوەم هەیە چاوێک لەو بیرۆیە بکەم کە مێردەکەم لێی کاردەکا. (دەچێتە پشت بیرۆیەکەی هۆدێرێر ئیشارەت بۆ مێزەکە دەکا.) کێ لێرە دادەنیشێ تۆ یا ئەو؟

هوگۆ: (بەڕقەوە.) ئەو (ئاماژە بەمێزەکە دەکا.) هەرچی منم لەسەر ئەم مێزە کاردەکەم.

ژێسیکا: (بێ ئەوەی گوێی لێ بگرێ.) ئەمەش خەتی ئەوە. (پەڕێک لەسەر مێزەکە بەرزدەکاتەوە.)

هوگۆ: بەڵێ.

ژێسیکا: (بەسەرنجدانەوە.) هەه، هەه، ها!

هوگۆ: داینێوە.

ژێسیکا: بینیوتە چۆن بەرزدەبێتەوە؟ پیتەکانیش ڕیز دەکا بێ ئەوەی لێکیان گرێ بدا؟

هوگۆ: ئینجا؟

ژێسیکا: چۆن ئینجا؟ ئەمە زۆر گرینگە.

هوگۆ: بۆ کێ؟

ژێسیکا: بگرە! بۆ ناسینی کەسایەتییەکەی. بۆ ئەوەی بزانی کێ دەکوژی. بێجگە لەمەش ئەو ڤالاییەی لەنێوان وشەکان بەجێدەهێڵێ! دەڵێی هەر پیتێک دورگەیەکی بچکۆلەیە. وشەکانیش کۆمەڵە دورگە. بێگومان ئەمە مانایەک دەگەیەنێ.

هوگۆ: چی؟

ژێسیکا: نازانم. بەڵام ورووژێنەرن: بیرەوەرییەکانی منداڵی، ئەو ژنانەی کە هەیبوە، ڕەفتاری خۆشەویستی، هەمووی لێرەن و نازانم بیانخوێنمەوە... وا چاکە هوگۆ کتێبێکی گرافۆلۆژی[١]م بۆ بکڕی، هەست دەکەم لەم بارەوە بەهرەم هەیە.

هوگۆ: یەکێکت بۆ دەکڕم بەمەرجێک هەر ئێستا لێرە بڕۆی.

ژێسیکا: دەڵێی ئەم کورسییە هی پیانۆیە؟

هوگۆ: خۆیەتی.

ژێسیکا: (لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ و دەیسووڕێنێتەوە.) چەند خۆشە! ئینجا لێرە دادەنیشێ و جگەرە دەکێشێ و دەدوێ و لەسەر ئەم کورسییە خۆی وەردەسووڕێنێ.

هوگۆ: بەڵێ. (ژێسیکا شووشەیەک لەسەر مێزەکە دەکاتەوە و بۆنی دەکا.)

ژێسیکا: دەخواتەوە؟

هوگۆ: وەک کونێک.

ژێسیکا: وێڕای کارکردن؟

هوگۆ: بەڵێ.

ژێسیکا: قەتیش سەرخۆش نییە؟

هوگۆ: قەت.

ژێسیکا: هیوادارم تۆ ئەلکحول نەخۆیتەوە، هەتا ئەگەر پێشکەشیشت بکا: تۆ تەحەمولی ناکەی.

هوگۆ: خۆت لێم مەکە خوشکی دینی، زۆرباش دەزانم نە ئەلکحول، نە جگەرە، نە گەرمی، نە ساردی، نە شێ، نە بۆنی گیاوگۆڵ، نەهی هیچ شتێک، بەلەشم ناکەوێ.

(١) گرافۆلۆژی – خەتناسی، زانستی ناسینی کەسایەتی یەکێک بەهۆی دەستخەتییەوە.



ژێسیکا: (لەسەرخۆ.) ئەوەتە لێرەیە، قسە دەکا، جگەرە دەکێشێ، دەخواتەوە، لەسەر کورسییەکەی خۆی دەسووڕێنێتەوە.

هوگۆ: بەڵێ و منیش...

ژێسیکا: (ئاماژە بۆ فڕنییەکە دەکا.) ئەمە چییە؟ خواردن بەخۆی دروستی دەکا؟

هوگۆ: بەڵێ.

ژێسیکا: (لەناکاو قاقا پێدەکەنێ.) بەڵام بۆچی؟ من دەتوانم هەروەک خواردن بۆ تۆ ئامادە دەکەم بۆ ئەویش بیکەم، دەتوانێ بێ لەگەڵ ئێمە نان بخوا.

هوگۆ: تۆ وەک ئەو باشی دروست ناکەی، بێجگە لەوەش ئەو کەیفی لێ وەردەگرێ. بەیانیان قاوەمان بۆ لێدەنێ. قاوەی زۆر خۆشی قاچاغ...

ژێسیکا: (ئاماژە بۆ کتلی تایبەت بەقاوەلێنان دەکا.) لەناو ئەمە؟

هوگۆ: بەڵێ.

ژێسیکا: بۆچی لەناو دەستت بوو؟ تێیدا لەچی دەگەڕای؟.

هوگۆ: نازانم. (وچانێک.) کە دەستی لێدەدا هەست دەکەی ڕاستەقینەیە. دەست لەهەر شتێک بدا ڕاستەقینە دێتە بەرچاو. قاوە لەفنجانەکان دەکا. دەخۆمەوە، سەیری دەکەم دەخواتەوە و هەست دەکەی کە تامی ڕاستەقینەی قاوە لەناو دەمی ئەوە. (وچانێک.) تامی ڕاستەقینەی قاوەیەکە نامێنێ، گەرمی ڕاستەقینە، ڕووناکی ڕاستەقینە. لەپاش ئەو تەنیا ئەمەم بۆ دەمێنێتەوە. (کتلی تایبەت بەقاوە لێنانەکە پیشان دەدا.)

ژێسیکا: ئەمە چییە؟

هوگۆ: (بەئاماژەیەکی دیکەی فراوانتر هەموو ژوورەکە پیشان دەدا.) ئەمە درۆی گەورە گەورەن. (کتلی قاوەکە دادەنێتەوە.) من لەناو دیکۆرێک دەژیم. (بەدەم بیرکردنەوە خەیاڵی دەڕوا.)

ژێسیکا: هوگۆ!

هوگۆ: (ڕادەچڵەکێ.) ها؟

ژێسیکا: کە دەمرێ بۆنی جگەرەکەی بزردەبێ. (لەناکاو.) مەیکوژە.

هوگۆ: جا تۆ لەو باوەڕەی دەیکوژم؟ وەڵامدەوە؟ لەو باوەڕەی؟

ژێسیکا: نازانم. هەموو شتێک ئارام دێتە بەرچاو. ئەمەش بۆنی منداڵیمی لێ دێ... هیچ شتێک ڕوونادا! نابێ هیچ شتێک ڕووبدا، تۆ گاڵتەم پێ دەکەی.

هوگۆ: ئەوەتە گەیشت، لەپەنجەرەکەوە بڕۆ. (بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ ڕایکێشێ.)

ژێسیکا: (بەرگری دەکا.) دەمەوێ کە بەتەنیان بتانبینم چۆنن.

هوگۆ: (وێڕای ڕاکێشانی.) خێرا وەرە.

ژێسیکا: (زۆر بەخێرایی.) کە لەلای باوکم بووم، خۆم لەبن مێزەکە دەنا و بۆ ماوەی چەندان سەعات سەیری کارکردنیانم دەکرد. (هوگۆ پەنجەرەی لای چەپ دەکاتەوە. ژێسیکا: لەبن دەستی ڕادەکا و خۆی دەخاتە بن مێزەکە. هۆدێرێر دێتە ژوورەوە.

## دیمەنی دووەم

هۆدێرێر: چی دەکەی لەژێرەوە؟

ژێسیکا: خۆم دەشارمەوە.

هۆدێرێر: لەبەرچی؟

ژێسیکا: بۆ ئەوەی بتانبینم چۆنن کە من لێرە نیم.

هۆدێرێر: ئەمە جوان نییە. (ڕوو لە هوگۆ دەکا.) کێ هێشتوویەتی بێتە ژوورێ؟

هوگۆ: نازانم.

هۆدێرێر: ژنی خۆتە، لەمە باشتر ڕایگرە.

ژێسیکا: ئاه، هەنگە بچکۆلە بەستەزمانەکەم، وا دەزانێ تۆ مێردی منی.



هۆدێرێر: مێردت نییە؟

ژێسیکا: نەخێر برای بچکۆلەمە.

هۆدێرێر: (ڕوو لە هوگۆ دەکا.) ڕێزت ناگرێ.

هوگۆ: نەخێر.

هۆدێرێر: ئەی باشە بۆچی هێنات؟

هوگۆ: چونکە ڕێزی نەدەگرتم.

هۆدێرێر: کە لەناو حزبین لەگەڵ یەکێکی ناو حزب زەواج دەکەین.

ژێسیکا: بۆچی؟

هۆدێرێر: چونکە ئەوها سادەترە.

ژێسیکا: چۆن دەزانن کە من لەناو حزب نیم؟

هۆدێرێر: دیارە (سەیری ژێسیکا دەکا.) تۆ لە خۆشەویستی زیاتر شتێکی دیکە نازانی بکەی...

ژێسیکا: خۆشەویستیش بەتەواوی نا. (وچانێک.) ئایا بیرتان بۆ ئەوە دەچێ وەک ئەندامێک خۆم ناونووس بکەم؟

هۆدێرێر: بەئارەزووی خۆت بکە: بەڵام من وەک حاڵەتێکی بێ ئومێدی دەیبینم.

ژێسیکا: ئەمەش خەتای منە؟

هۆدێرێر: چی بڵێم؟ لەو باوەڕەدام تۆش وەکو هەموو خەڵک، نیوەت قوربانییە و نیوەشت تاوانبار.

ژێسیکا: (وێڕای هەڵچوونێکی توندی لەناکاو.)نەخێر من یاوەری تاوانی هیچ کەسێک نیم. لەبارەی منەوە بڕیاریان داوە بێ ئەوەی ڕای من وەرگرن.

هۆدێرێر: زۆرباش ڕێی تێدەچێ. لەهەموو حاڵەتێکدا مەسەلەی بووژانەوەی ژنان سەرەنجم ڕاناکێشێ.

ژێسیکا: (ئاماژە بۆ هوگۆ دەکا.) لەو باوەڕەی ئازاری دەدەم؟

هۆدێرێر: هاتوویتە ئێرە داوای ئەمەم لێ بکەی؟
ژێسیکا: بۆ نا؟
هۆدێرێر: لەو باوەڕەم تۆ لایەنی ڕابواردن و خۆشی (لوکس) ئەویت. کوڕە بۆرژواکان کە دێنە لامان، شێتی ئەوەن هەندێک لە لوکسی ڕابردووی خۆیان، وەک یادگاری لەگەڵ خۆیان بهێنن، هەندێک ئازاری بیر کردنەوەیان دەهێنن، هەندێکی دیکە ئەو دەرزییەی لە بۆینباغ دەدرێ. هوگۆش ژنەکەی هێناوە.
ژێسیکا: بەڵێ، ئەی ئێوە، هەڵبەت ئێوە پێویستیتان بەلوکس نییە.
هۆدێرێر: هەڵبەت نەخێر. (سەیری یەکتر دەکەن.) دەی، دەرچوو، ون بە، چیتر پێ لێرە نەنێیتەوە.
ژێسیکا: باشە. بۆ برادەرایەتی پیاوانەی خۆتان بەجێتان دێڵم. (بەسەربەرزییەوە دەردەچێ.)

**دیمەنی سێیەم**

هۆدێرێر: دڵت لەلایەتی؟
هوگۆ: بێگومان.
هۆدێرێر: کەواتە، ڕێگای پێ مەدە جارێکی دیکە بێتە ئێرە. لەنێوان کوڕێک و ژنێکی باش، کوڕەکە هەڵدەبژێرم، بەڵام لەگەڵ ئەمەش نابێ کارم لێ زۆر ئاڵۆز بکەن.
هوگۆ: کێ داوات لێ دەکا هەڵبژێری؟
هۆدێرێر: گرینگ نییە. لەهەموو حاڵەتێک من تۆم هەڵبژاردووە.
هوگۆ: (بەپێکەنینەوە.) ئێوە ژێسیکا: ناناسن.
هۆدێرێر: لەوانەیە. ئینجا، باشتر. (وچانێک.) لەگەڵ ئەوەش پێی بڵێ نەگەڕێتەوە ئێرە. (لەناکاو.) سەعات چەندە؟
هوگۆ: چوار و دە دەقیقە.
هۆدێرێر: ئەوانە تاخیربوون. (دەچێتە بەر پەنجەرەکە، تەماشایەکی دەرەوە



دەکا و دەگەڕێتەوە.)
هوگۆ: هیچتان نییە پێم بنووسنەوە؟
هۆدێرێر: نەخێر ئیمڕۆ نا. (لەگەڵ بزووتنەوەیەکی هوگۆ.) نا، بمێنەوە. سەعات چوار و دە دەقیقەیە؟
هوگۆ: بەڵێ.
هۆدێرێر: ئەوانە ئەگەر نەیێن، پەشیمان دەبنەوە.
هوگۆ: کێ بێ؟
هۆدێرێر: دەیانبینی. خەڵکێکی وەک تۆ. (کەمێک دەڕوا.) حەزناکەم چاوەڕێ بکەم. (بەرەو هوگۆ دەگەڕێتەوە.) ئەگەر بێن مەسەلەکە دەبەینەوە، بەڵام، ئەگەر لەدوا چرکە ترسابن، سەرلەنوێ دەبێ دەست پێ بکەینەوە، بەگشتی، بۆ ئەمەش لەو باوەڕەم وەختم بۆ نییە. تۆ تەمەنت چەندە؟
هوگۆ: بیست و یەک ساڵ.
هۆدێرێر: تۆ وەختت لەپێشە.
هوگۆ: ئێوەش ئەوەندە پیرنین.
هۆدێرێر: پیر نیم بەڵام نیشان کراوم. (باخچەی پیشان دەدا.) لەودیوی ئەم دیوارانە، کەسانێک هەن شەو و ڕۆژ بیرلەوە دەکەنەوە بەرمەدەنەوە. جا هەروەکو منیش بەردەوام بیر لەوە ناکەمەوە خۆم بپارێزم، سەرەنجام بەدڵنیاییەوە ڕۆژێک دەمکوژن.
هوگۆ: چۆن دەزانی شەو و ڕۆژ بیری لێ دەکەنەوە؟ هۆدێرێر چونکە دەیانناسم. قسەی خۆیان دەگەیەننە سەر.
هوگۆ: دەیانناسی؟
هۆدێرێر: بەڵێ. گوێت لەدەنگی هیچ ماشێنێک بوو؟
هوگۆ: نەخێر. (گوێدەگرن.) نەخێر.
هۆدێرێر: ئێستا وەختی ئەوەیە یەکێک لەوکەسانە لەسەر دیوار ئاودیوو

بێ. فرسەتی ئەوەی دەبێ کارێکی جوان بکا.

هوگۆ: (لەسەرخۆ.) ڕەنگە کاتی ئەوە...

هۆدێرێر: (سەیری دەکا.) دەبینی، باشترە بۆ ئەوان نەتوانم پێشوازی لەو میوانانە بکەم. (دەچێتە کن بیرۆکە و هەندێک خواردنەوە لەپەرداخ دەکا.) دەتەوێ؟

هوگۆ: نەخێر (وچانێک.) دەترسێن؟

هۆدێرێر: لەچی؟

هوگۆ: لەمردن.

هۆدێرێر: نەخێر، بەڵام پەلەم. بەردەوام پەلەم. پێشان بەلامەوە ئاسایی بوو چاوەڕێ بکەم. بەڵام ئێستا لەتوانامدا نەماوە.

هوگۆ: دەڵێی ڕقت لێیان دەبێتەوە.

هۆدێرێر: بۆچی؟ شتێکم نییە دژی کوشتنی سیاسی. ئەمە لەناو هەموو حزبێک دەکرێ.

هوگۆ: بمدێ بخۆمەوە.

هۆدێرێر: (واقی وڕدەمێنێ.) بگرە! (بۆی لەپەرداخێک دەکا و هوگۆ وێڕای خواردنەوە بەردەوام تەماشای دەکا.) ئێنجا، چی؟ تۆ قەت منت نەبینیوە؟

هوگۆ: نەخێر. من قەت تۆم نەبینیوە.

هۆدێرێر: بۆ تۆ من لەهەنگاوێک زیاتر نیم، وانییە؟ ئەمەش شتێکی سروشتییە. تۆ لەبەرزایی ئایندەی خۆت سەیرم دەکەی. لەگەڵ خۆت دەڵێی: «دوو یان سێ ساڵ لەکن ئەو پیاوە باشە بەرێ دەکەم و کە دەرزێتەوەش دەچمە لایەکی دیکە و شتێکی دیکە دەکەم...».

هوگۆ: نازانم ئایا شتێکی دیکە دەکەم.

هۆدێرێر: پاش بیست ساڵی دیکە بەهاورێکانت دەڵێی: «ئەو کاتەبوو کە سکرتێربووم لای هۆدێرێر.» پاش بیست ساڵی دیکە. دڵگیرە!



هوگۆ: پاشی بیست ساڵی...

هۆدێرێر: ئینجا؟

هوگۆ: دوورە.

هۆدێرێر: بۆچی؟ تۆ سیلداری؟

هوگۆ: نەخێر. کەمێکی دیکەش ئەلکحولم بدێ. (هۆدێرێر بۆی تێدەکا بخواتەوە.) منیش قەت ئەو هەستەم نەبووە ماوەیەکی زۆر دەژیم. منیش پەلەمە.

هۆدێرێر: ئەمە هەمان شت نییە.

هوگۆ: نەخێر. (وچانێک.) هەندێ جار ئامادە بوومە قۆڵێکی خۆم ببڕمەوە لەپێناوی ئەوەی یەکسەر ببمە پیاوێک، پێشانیش لەو باوەڕەدابووم نامەوێ لاوێتی خۆم تەواو بکەم.

هۆدێرێر: نازانم ئەمە چی دەگەیەنێ.

هوگۆ: چۆن؟

هۆدێرێر: نازانم لاوێتی چی دەگەیەنێ: (ڕاستەوخۆ لەمنداڵییەوە گەیشتمە تەمەنی پیاو.

هوگۆ: بەڵێ. ئەمە نەخۆشییەکی بۆرژوازییە. (پێدەکەنێ.) گەلێک هەن بەم نەخۆشییە دەمرن.

هۆدێرێر: دەتەوێ یارمەتیت بدەم؟

هوگۆ: چی؟

هۆدێرێر: ئەو دیمەنەت هەیە کە زۆر خراپ دەستت پێکردووە. دەتەوێ یارمەتیت بدەم؟

هوگۆ: (وێڕای پێکەنین.) ئێوە نەخێر! هیچ کەسێک ناتوانێ یارمەتیم بدا.

هۆدێرێر: گوێ بگرە کوڕەکەم. (هوگۆ دەوەستێ و گوێ دەگرێ.) ئەوەتە گەیشتن. (بەرەو پەنجەرەکە دەچێ، هوگۆش بەدوای دادەچێ.)

بەرزەکەیان کارسکی-یە، سکرتێرە لە پەنتاگۆن. قەڵەوەکەیان میرپۆل-ە.

هوگۆ: کوڕی سەرۆک حکومەت؟

هۆدێرێر: بەڵێ. (ڕوخساری گۆڕیوە، بێ باک دیارە، سەخت بەڵام دڵنیا لەخۆی.) تۆ زۆرت خواردۆتەوە. پەرداخەکەتم بدێ. (لەناو باخچەکە دەیڕێژێ.) بڕۆ دانیشە، گوێ لەهەموو ئەو شتانە بگرە کە دەیڵێین، ئەگەر ئاماژەشم بۆ کردی تێبینی دەنووسی. (پەنجەرەکە پێوە دەداتەوە و دەچێ لەسەر مێزەکەی دادەنیشێ.)

## دیمەنی چوارەم

(سلیک و ژۆرژ تفەنگ لەناو دەست هەردوو مێوانەکەیان داوەتە پێش خۆیان و دێنە ژوورەوە.)

کارسکی: من کارسکی-یم.

هۆدێرێر: (بێ ئەوەی هەڵسێ.) دەتناسمەوە.

کارسکی: دەزانی کێم لەگەڵە؟

هۆدێرێر: بەڵێ.

کارسکی: کەواتە پاسەوانە سەگەکانت دوورخەوە.

هۆدێرێر: باشە کوڕینە، بڕۆن. (سلیک و ژۆرژ دەردەچن.)

کارسکی: (بەتەوسەوە.) ئێوە باش پارێزراون.

هۆدێرێر: ئەگەر لەم دواییەدا هەندێ ئامادەییم وەرنەگرتبا، بەختی ئەوەم نەدەبوو پێشوازی لەئێوە بکەم.

کارسکی: (ڕووی خۆی بەرەو هوگۆ وەردەگێڕێ.) ئەی ئەمە؟

هۆدێرێر: ئەمە سکرتێری خۆمە. لەگەڵ ئێمە دەمێنێتەوە.

کارسکی: (کارسکی لێی نزیک دەبێتەوە.) ئێوە هوگۆ بارین-نین؟ (هوگۆ وەڵام ناداتەوە.) ئێوە لەگەڵ ئەم خەڵکانە دەڕۆن؟

هوگۆ: بەڵێ.



کارسکی: هەفتەی ڕابردوو باوکتم بینی. پێتان خۆشە هێشتاش دەنگوباسیان بزانن؟

هوگۆ: نەخێر.

کارسکی: زۆر ڕێی تێدەچێ مردنی ئەو لەئەستۆی ئێوەدا بێ.

هوگۆ: بەهەمان شێوە ڕاستە بەرپرسیاری ژیانی منیش لەئەستۆی ئەوە. سەرەنجام کەسمان لەکەس.

کارسکی: (بێ ئەوەی دەنگ بەرزکاتەوە.) ئێوە منداڵێکی بەدبەختن.

هوگۆ: پێم بڵێن...

هۆدێرێر: بێدەنگ بە. تۆ. (ڕوو لە کارسکی دەکا.) ئێوە نەهاتوونەتە ئێرە نەفرەت لەسکرتێری من بکەن، وانییە؟ تکاتان لێ دەکەم فەرموون دانیشن. (دادەنیشن.) کۆنیاک دەخۆنەوە؟

کارسکی: سوپاس.

میر: پێم خۆشە. (هۆدێرێر بۆی تێدەکا.)

کارسکی: سەرەنجام ئەمەتە هۆدێرێر-ی بەناوبانگ. (تەماشای دەکا.) پێرێ پیاوەکانت جارێکی دیکە تەقەیان لەهی ئێمە کرد.

هۆدێرێر: بۆچی؟

کارسکی: هەندێ چەکمان لەگەراجێک دانابوو و پیاوەکانی ئێوە دەیانویست بیبەن، مەسەلەکە زۆر بەسادەیی ئەمەیە.

هۆدێرێر: چەکەکانیان برد؟

کارسکی: بەڵێ

هۆدێرێر: ئافەرین!

کارسکی: شتێکی وای تێدانییە پێی سەربڵندی بن، دە بەرامبەر بەیەک بوون.

هۆدێرێر: کە مەسەلەکە بردنەوە بێ، باشترە دە کەس بەرامبەر بەیەک کەس بوەستن، ئەوها ئەنجام دڵنیاترە.

کارسکی: بەم شێوە نابێ درێژە بەم گفتوگۆیە بدەین، لەو باوەڕەداین قەت تێکناگەین: ئێمە هەمان ڕەگەزمان نییە.

هۆدێرێر: لەهەمان ڕەگەزین بەڵام لەهەمان چین نین.

میر: بەڕێزان، با لەبارەی کاروبارمان بدوێین.

هۆدێرێر: باشە، گوێم لێتانە.

کارسکی: ئێمە لەئێوە دەگرین.

هۆدێرێر: پێدەچێ تێکنەگەیشتنێک لەگۆڕێدا بێ.

کارسکی: لەوانەیە. ئەگەر باوەڕم نەکردایە کە ئێوە پێشنیارێکی دیارتان هەیە بۆ ئێمە، خۆم ئەزیەت نەدەدا بۆ بینینی ئێوە.

هۆدێرێر: هیچ پێشنیارێکم نییە.

کارسکی: زۆرباشە. (هەڵدەستێتەوە.)

میر: بەڕێزان، تکاتان لێ دەکەم. دانیشنەوە کارسکی. ئەمە سەرەتایەکی خراپە. ئایا ناتوانین هەندێ لەراستگۆیی بخەینە ناو ئەم گفتوگۆیە.

کارسکی: (ڕوو لەمیر دەکا.) ڕاستگۆیی؟ چاوەکانی ئەو دوو پاسەوانە سەگانەت بینیبوو ئێمەیان دابووە پێش خۆیان و بەتفەنگەکانیان پاڵیان پێوە دەنایین؟ ئەمانە ڕقیان لێمان دەبێتە. لەسەر پێداگرتنی ئێوە ملم بۆ ئەم بینینەدا، بەڵام من دڵنیام چ شتێکی باشی لێ بەئەنجام ناگا.

میر: کارسکی، ساڵی پار ئێوە دوو تەقینەوەتان دژی باوکم ئەنجامدا، لەگەڵ ئەمەش من قبوڵم کرد چاوم پێتان بکەوێ. لەوانەیە هۆیەکی زۆری ئەوتۆمان نەبێ یەکترمان خۆش بوێ، بەڵام کە مەسەلەی بەرژەوەندی نیشتمانی دێتە گۆڕێ، هەست و سۆزمان چیتر حسێبی بۆ ناکرێ. (وچانێک.) دەربارەی ئەم بەرژەوەندییەش مەسەلەکە واکەوتەوە ئێمە بەهەمان شێوە لەسەری کۆک نەبین. ئێوە، هۆدێرێر، لەوانەیە ئێوە لەپێویست گەلێک زیاتر خۆتان کردبێتە تاقە دەمڕاستی داواکارییە شەرعییەکانی چینی کارگەران. باوکم و من، ئێمە هەردەم لایەنگیری ئەم داواکارییانەمان کردووە، بەڵام ناچاربووین بەرامبەر هەڵوێستی ترسناکی ئەڵمانیا، ئەم داواکارییانە بەپلەی دووەم وەرگرین، چونکە تێگەیشتین یەکەمین ئەرکی سەرشانی ئێمە بەهەر نرخێکی نامیللیش بێ، پارستنی سەربەخۆیی ئەم خاکەیە.

هۆدێرێر: مەبەستتان ئەعلانی جەنگە دژی یەکێتی سۆڤیات.

میر: (قسەکانی لەگەڵ ئەوەی پێشوو لێک گرێ دەداتەوە.) کارسکی و هاوڕێکانی، ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە، دەربارەی سیاسەتی دەرەوە هەمان ڕوانینی ئێمەیان نەبوو، لەوانەیە بەهەڵە ئەو پێویستیەیان لێکدابێتەوە کە دەبێ وڵاتی ئیلیری یەکگرتوو و بەهێز بەرامبەر بەبیانی خۆی پیشان بدا، وەک یەک گەل لەپشت سەرۆکێک. سەرەنجام، حزبێکی نهێنی بەرگریکەریان دروست کرد. ئیتر دەبینن چۆن مەسەلەکە دەگاتە ئەو ئاستەی، پیاوی بەشەرەف و دڵسۆز بۆ حزبەکەی، لەئەنجامی ئەو ڕوانینە جیاوازانەی بۆ ئەرکەکانیان هەیە، بەوەختی لێکدادەبڕێن. (هۆدێرێر بەناشرینی پێدەکەنێ). ببەخشە گۆتت چی؟

هۆدێرێر: هیچ، بەردەوام بن.

میر: ئیمڕۆ، لەناکاو پێگە و بۆچوونمان لێک نزیکبوونەتەوە و پێدەچێ هەریەک لەئێمە تێگەیشتنێکی فراوانتری لەڕوانگەی ئەوانی دیکە هەبێ. باوکم پێی خۆش نییە درێژە بەم جەنگە بێ سوود و بەهایە بدا. بێگومان ئێمە لە تواناماندا نییە بە تەنیا ئاشتی بکەین، بەڵام دەتوانم قەولتان بدەمێ کە ئۆپەراسیۆنە سوپاییەکان بێ وەستان بەرێوەدەچن. کارسکیش لەلایەن خۆیەوە وای بۆ دەچێ کە یەکە سوپاییەکانی ناوەوە تەنیا ئەو ئیشەی پێدەکرێ لەخزمەتی مەسەلەی وڵاتەکەمان بێ، بەو ئومێدەین هەموو لایەک بەیەکەوە ئاشتی سبەینێ دروست بکەین، ئەمەش بەدیهێنانی یەکێتی

نیشتمانی لەمڕۆدا. بێگومان ئەم یەکێتییە بەئاشکرا ناکرێ بێ ئەوەی گومانەکانی ئەڵمانیا بەئاگانەهێنینەوە، بەڵام چوارچێوەی خۆی لەناو ڕێکخراوە نهێنییەکان دەدۆزێتەوە کە پێشتر هەن.

هۆدێرێر: ئینجا؟

میر: ئینجا، تەواو، من و کارسکی دەمانەویست ئەو خەبەرە خۆشەتان پێ ڕابگەیەنین کە لەڕووی مەبدەئییەوە پێکهاتووین.

هۆدێرێر: لە چ ڕوویێکەوە ئەمە پەیوەندی بەمنەوە هەیە؟

کارسکی: لەمەوە ئیتر بەسە: وەختی خۆمان بەفیڕۆ دەدەین.

میر: (قسەکانی لێک گرێ دەداتەوە.) بەهەمان شێوە ئەم یەکێتییە دەبێ هەرچەند بکرێ فراوان بێ. ئەگەر حزبی پرۆلیتاریا حەز بکا بێتە ڕیزی ئێمە.

هۆدێرێر: چیمان پێشکەش دەکەن؟

کارسکی: دوو دەنگتان دەبێ لە «کۆمیتەی نیشتمانی» کە دەبێ دروستی بکەین.

هۆدێرێر: دوو دەنگ لەسەر چەند؟

کارسکی: لەسەر دوانزە.

هۆدێرێر: (نمایشی ڕێزێکی سەرنج ڕاکێش دەکا.) دوو دەنگ لەسەر دوانزە؟

کارسکی: سەرۆک، چوار ڕاوێژکەر نوێنەرایەتی دەکەن و شەش دەنگەکەی دیکەش لەپەنتاگۆنەوە دێن. سەرۆکیش هەڵدەبژێردرێ.

هۆدێرێر: (بەپێکەنینێکی گاڵتە ئامێز.) دوو دەنگ لەسەر دوانزە.

کارسکی: پەنتاگۆن نوێنەرایەتی بەشی هەرە زۆری جوتیاران دەکا. واتە پەنجا و حەفت لەسەدی دانیشتوان، هەروەها تەواوی چینی بۆرژواش، چینی پرۆلیتاریای کارگەران بەئاستەم بیست لەسەدی دانیشتوانی وڵات پێکدەهێنن، هەر هەمووشیان پشتگیری ئێوە



ناکەن و سەر بەئێوەنین.

هۆدێرێر: باشە. پاشان؟

کارسکی: لەسەر بنچینەی هەردوو ڕێکخراوە نهێنییەکانی ئێمە، گۆڕانێک وتێکەڵاوکردنێک دروست دەکەین. پیاوەکانی ئێوە دێنە ناو ئامادەیی و پێگەی پەنتاگۆن.

هۆدێرێر: دەتانەوێ بڵێین کە سوپای ئێمە لەلایەن پەنتاگۆن قووت دەدرێ.

کارسکی: ئەمە باشترین چوارچێوەیە بۆ یەک ڕیزی و ئاشتبوونەوە.

هۆدێرێر: ڕاستە؛ ئاشتبوونەوە بەلەناوبردنی یەکێ لە نەیارەکان. پاش ئەوە، شتێکی تەواو لۆژیکییە لە دوو دەنگ زیاترمان نەدەنێ لەکۆمیتەی ناوەندی. هێشتاش زۆرە: ئەم دوو دەنگەش نوێنەرایەتی هیچیان پێ ناکرێ.

کارسکی: ئێوە ناچارنین قبوڵی بکەن.

میر: (بەشەتاوی.) بەڵام ئەگەر ئێوە قبوڵی بکەن، هەڵبەت، حکومەت ئامادەیی خۆی پیشان دەدا قانونی ٣٩ نەهێڵێ لەسەر ڕۆژنامەگەری و یەکێتی سەندیکا و کارتی کارگەران.

هۆدێرێر: هەروەکو چۆن مەسەلەکە هەوڵدانێکە! (دەست لە مێزەکە دەکوتێ.) باشە، سەرەنجام، یەکترمان ناسی؛ ئێستاش با دەست بەکاربکەین. ئەمەش مەرجەکانی منە: کۆمیتەیەکی بەڕێوەبەر لەشەش ئەندام دروست دەکرێ. حزبی پرۆلیتاریا سێ دەنگی دەبێ. ئێوەش بەئارەزووی خۆتان سێیەکەی دیکە دابەش دەکەن. ڕێکخراوە نهێنییەکان بەوردی لێک جیاواز دەمێنێتەوە و کردەی هاوبەشیش ناکەن تەنیا بەدەنگدان نەبێ لەکۆمیتەی ناوەندی. ئەمەیە، یا قبوڵی دەکەن یان وازی لێ دەهێنن.

کارسکی: ئێوە گاڵتەمان پێ دەکەن؟

هۆدێرێر: ناچارنین قبولی بکەن.

کارسکی: (ڕوو لەمیر دەکا.) پێم گوتن کە ناتوانین لەگەڵ خەڵکی وا

رێک بکەوین. ئێمە دوو بەش لەسێ بەشی ولاتمان لەبن دەستە، پارە، جۆرەها چەک، گرووپی نیمچە سوپایی لەسەرپێ، بێجگە لەپشتگیری ئەخلاقی شەهیدەکانمان، کەچی چەند کەسانێکی بێ پارەوپوول، بەئارامی داوای زۆربە دەکا لە کۆمیتەی ناوەندی.

هۆدێرێر: ئینجا؟ نایکەن؟

کارسکی: نایکەین. ئێمە پشت گوێتان دەخەین.

هۆدێرێر: کەواتە، لێرە برۆن. (کارسکی کەمێک دوو دڵە پاشان بەرەو دەرگا دەچێ. میر لەجێی خۆی ناجوولێ.) سەیری میر بکە کارسکی: لەئێوە فێڵزانترە و دەمێکە تێگەیشتووە.

میر: (ڕوو لەکارسکی-یە و بەهێمنی قسە دەکا.) ئێمە ناتوانین بێ وردبوونەوە ئەم پێشنیارانە ڕەفز بکەینەوە.

کارسکی: (بەتوورەیی.) ئەمانە پێشنیار نین. ئەمانە فەرمانی بێ مانان و ڕەفزی دەکەمەوە قسەیان لەسەر بکەم. (بەڵام لە شوێنی خۆی بێ جووڵە دەوەستێ.)

هۆدێرێر: ساڵی ١٩٤٢ پۆلیس ڕاوی پیاوەکانی ئێوە و ئێمەی دەنا، ئێوە تەقینەوەتان دژی سەرۆک ڕێکدەخست ئێمەش ڕێگامان لەڕوودانی شەڕ دەگرت: کە یەکێکی سەر بەپەنتاگۆن دەکەوتە بەرامبەر یەکێکی ئێوە، هەردەم یەکێک لەم دوانە دەبوایە بەپێوە بمێنێتەوە. کەچی ئیمڕۆ، لەناکاو، دەتانەوێ هەموو خەڵک باوەش لەیەکتری بکەن و یەکتری ماچ بکەن. بۆچی؟

میر: بۆ چاکەی نیشتمان.

هۆدێرێر: بۆچی هەمان چاکە نییە وەک ساڵی ١٩٤٢؟ (بێدەنگی.) ئایا مەسەلەکە لەبەر ئەوەنییە کە ڕووسەکان پۆلوس-یان لەستالینگراد شکاند و ئەڵمانەکانیش خەریکن جەنگ دەدۆڕێنن؟

میر: شتێکی ئاساییە کە گەشەسەندنی ناکۆکی حاڵەتی دیکەی نوێی دروست کردووە. بەڵام من ئەوە نابینم...



هۆدێرێر: من دڵنیام، بەپێچەوانەوە، ئێوە باش دەبینن... ئێوە دەتانەوێ ئیلیری ڕزگاربکەن، لەوە دڵنیام. بەڵام دەتانەوێ وەکو خۆی چۆنە ئەوها ڕزگاری بکەن، بەخۆیی و بەڕژێمە نایەکسانە کۆمەڵایەتییەکەی و تایبەتمەندییە چینایەتییەکەی. کە ڕێی تێدەچوو ئەڵمانەکان سەرکەوتووبن، باوکتان خۆی خستە ڕیزیان، ئیمڕۆ کە فرسەتەکە پێچەوانەیە، دەیەوێ خۆی لەگەڵ ڕووسەکان بگونجێنێ. ئەمەیان سەختترە.

کارسکی: هۆدێرێر: بەخەبات کردن دژی ئەڵمانەکان ئەو هەموو پیاوەمان لێ بەربوونەوە، ڕێگاشت پێ نادەم بڵێی ئێمە پەیمانمان لەگەڵ دوژمن بەستووە بۆ پاراستنی ئیمتیازەکانمان.

هۆدێرێر: ئەمە دەزانم کارسکی؛ پەنتاگۆن هەردەم دژی ئەڵمان بووە. لەمەیان بەشی گەورەی خۆتان هەبوو. سەرۆک پەیمانی دەدایە هیتلەر بۆ ئەوەی ئیلیری داگیر نەکا. ئەوکاتە ئێوە دژی ڕووسەکان بوون، چونکە ئەوان دووربوون. ئیلیری، ئیلیری، هەر تەنیا ئیلیری، ئەم گۆڕانییە دەزانم. بۆ ماوەی دوو ساڵ ئەم گۆرانییەتان لەسەر شێوازی بۆرژوازی ناسیۆنالیست لێدا. بەڵام ڕووسەکان نزیک دەبنەوە، ساڵێکی دیکە دەگەنە ئێرە. چیتر ئیلیری ئەوەندە بەتەنیا نابێ. ئینجا؟ سەرەنجام دەبێ گەرانتی بدۆزێتەوە. چ بەختێکتان دەبێ ئەگەر بتوانن پێیان بڵێن: پەنتاگۆن بۆ ئێوە کاری دەکرد و سەرۆک لەسەر دوو پەتان یاری دەکرد. لێرەوە مەسەلەکە تەنیا ئەوەندەیە ناچارنین باوەڕتان پێ بکەن. چی دەکەن؟ پێم بڵێن؟ چی دەکەن؟ سەرەنجام پاش هەموو شتێک لەدژیان ئێمە بانگی شەڕماندا.

میر: گیانەکەم هۆدێرێر، کاتێ کە یەکێتی سۆڤیات تێدەگا ئێمە بەدڵسۆزییەوە...

هۆدێرێر: کاتێ کە تێدەگا دیکتاتۆرێکی فاشیست و حزبێکی کۆنەپارێز

(کۆنزێر ڤـاتۆر) بەدڵسـۆزییـەوە هاتوونەتە هانای سـەرکـەوتنی،
گـومـانم هەیە زۆر بۆیان سـوپاسگوزاربێ. (وچانێـک.) تەنیـا یەک
حزب جێگای متمانەی یەکێتی سۆڤیاتەکانە، تەنیا یەکێک زانی
بەدرێژایی جەنگ درێژە بەپەیوەندی خۆی بدا لەگەڵی، تەنیا یەک
حزب دەتوانێ نمایندان بنێرێتە خەتەکانی بەرە، تەنیـا یەک حزب
دەتوانێ گەرانتی تەگبیرە گچکەکەتان بکا: ئەمەش هی ئێمەیە.
کاتێ کە ڕووسەکان دەگەنە ئێرە، بەچاوانی ئێمە هەموو شتێک
دەبینن. (وچانێک.) دەی، ئەوکاتەش بەو شێوەی خۆمان حەز
دەکەین ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەین.

کارسکی: دەبوایە نەهێمە ئێرە.

میر: کارسکی!

کارسکی: دەبوایە هەڵیبێنم کە ئێوە بەهەرەشەی بێ مانا وەڵامی پێشنیارە
ماقوولەکانی ئێمە دەدەنەوە.

هۆدێرێر: هاواربکەن؛ من هەستیارنیم، زوو هەڵناچم. وەک بەرازێک کە
دەیکوژنەوە هاواربکەن. بەڵام ئەمە لەگوێی خۆتان دابنێن؛ کاتێ کە
سوپای سۆڤیاتەکان دەگەنە سەر خاکی ئێمە، ئەگەر بەیەکەوە
کاربکەین، ئێمە و ئێوە، بەیەکەوە فەرمانڕەوایی دەکەین. بەڵام
ئەگەر لەگەڵ ئێوە نەگەینە هاوپەیمانییەک، لەکۆتاییی جەنگ
حزبەکەی ئێمە بەتەنیا فەرمانڕەوایی دەکا. ئێستاش دەبێ یەکێک
هەڵبژێرن.

کارسکی: من...

میر: (بەکارسکی دەڵێ.) توندوتیژی چارەسەری هیچ شتێک ناکا؛ دەبێ
نیگایەکی واقیعیمان هەبێ بۆ مەسەلەکە.

کارسکی: (بەمیر دەڵێ.) ئێوە کابرایەکی ترسنۆکن: منتان خستۆتە ناو
تەڵەیەک بۆ ڕزگارکردنی سەری خۆتان.

هۆدێرێر: کامە تەڵە؟ ئەگەر ئارەزووتان لێیە لێرە برۆن. من پێویستیم



بەئێوە نییە بۆ ئەوەی لەگەڵ میر ڕێککەوم.

کارسکی: (بەمیر دەڵێ.) خۆ بەتەمانین...

میر: جا بۆچی؟ ئەگەر ئەم تەگبیرەت بەدڵ نییە، ئێمە نامانەوێ ناچارتان
بکەین بەشداری بکەن، بەڵام بڕیاری من لەسەر هی ئێوە ناوەستێ.

هۆدێرێر: ئاساییە کە هاوپەیمانێتی حزبەکەی ئێمە لەگەڵ حکومەتی سەرۆک
لەدوا مانگەکانی شەڕ پەنتاگۆن دەخاتە ناو بارێکی سەخت،
هەروەها ئاساییشە کە ئەڵمانەکان دەشکێن بەیەکجارەکی پەنتاگۆن
ناهێڵین. بەڵام چونکە ئێوە دەتانەوێ بەپاکی بمێننەوە...

کارسکی: سێ ساڵ لەپێناوی سەربەخۆیی وڵات خەباتمان کردووە، هەزاران
لاومان خۆیان بەکوشتدا، بەهێز ڕێز و ستایشی جیهانمان بردۆتەوە،
هەموو ئەمانە لەپێناوی ئەوەی لەڕۆژێکی ڕووناکدا حزبی ئەڵمانی
و حزبی ڕووسی ڕێککەون و لەگۆشەیەکی دارستان تیرۆرمان
بکەن.

هۆدێرێر: کاتی عاتیفە ڕژاندن نییە کارسکی: ئێوە دۆڕاندتان چونکە
دەبوایە بدۆڕێن. هاوارتان دەکرد: (ئیلیری، ئیلیری، تەنیا
ئیلیری...) ئەمەش دروشمێک بوو خراپ وڵاتێکی بچکۆلە
دەپارێزێ کە هاوسێی زلی هەبێ. (وچانێک.) مەرجەکانی من
قبووڵ دەکەن؟

کارسکی: من ئەو سیفەتەم نییە قبوولی بکەم، چونکە تەنیا نیم.

هۆدێرێر: من بەپەلەم کارسکی.

میر: گیانەکەم هۆدێرێر، لەوانەیە بشێ ئێمە بتوانین بواری بدەینێ
بیربکاتەوە: جەنگ تەواو نەبووە و بەم نزیکانەش تەواو نابێ.

هۆدێرێر: بۆ من بەم نزیکانە تەواو دەبێ. کارسکی من باوەڕم بەئێوە هەیە.
هەردەم باوەڕ بەهەموو کەسێک دەکەم، ئەمەش پرەنسیپێکە. دەزانم
دەبێ ڕاوێژ بەهاوڕێکانت بکەی بەڵام ئەوەش دەزانم کە دەتوانی
قەناعەتیان پێ بهێنێ. ئەگەر ئێوە ئیمڕۆ قەول و قەراری خۆتانم

بدەنێ، سبەی لەگەڵ هەڤاڵانی حزب قسە دەکەم.

هوگۆ: (لەناکاو قیت دەبێتەوە.) هۆدێرێر!

هۆدێرێر: چی؟

هوگۆ: چۆن جورئەت دەکەن...؟

هۆدێرێر: بێدەنگ بە.

هوگۆ: ئێوە مافی ئەوەتان نییە. ئەمانە... ئەی خودای گەورە! ئەمانە هەمان کەسن. هەمان ئەو کەسانەن کە دەهاتنە لای باوکم... هەمان دەمی ڕەش و بێ مانان و تا ئێرە بەدوای مندا هاتوون. ئێوە مافی ئەوەتان نییە، خۆیان دەخزێننە هەموو جێگایەک، هەمووی بۆگەن دەکەن، ئەمانە لەهەموویان بەهێزترن...

هۆدێرێر: بێدەنگ دەبی!

هوگۆ: ئێوە هەردووکتان باش گوێ بگرن: بۆ ئەم پێکهاتنە حزب پشتی هودێرێر ناگرێ! بۆ ساغ کردنەوەی خۆتان پشت بەئەو مەبەستن، ئەو حزبی لەپشت نابێ.

هۆدێرێر: (بەئارامی بۆ دوانەکەی دیکە.) هیچ گرینگییەکی نییە. ئەمە ڕای تەواو شەخسی خۆیەتی.

میر: بەڵێ، بەڵام ئەم هاوارکردنانە ناخۆشە. ئایە ناتوانین داوا لە پاسەوانەکانی خۆت بکەین ئەم گەنجە ببەنە دەرەوە؟

هۆدێرێر: بەڵام چۆن! ئەو بۆ خۆی دەردەچێ. (هەڵدەستێتەوە و بەرەو هوگۆ دەچێ.)

هوگۆ: (دەکشێتەوە.) دەستم لێ نەدەن. (دەست لەو گیرفانە دەنێ کە دەمانچەکەی تیایە.) ناتانەوێ گوێم لێ بگرن؟ ناتانەوێ گوێم لێ بگرن؟

(لەو دەمەدا دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە دێ، شووشەی پەنجەرەکان دەبنە برووش، ڕێسمەکانی دێنە دەرەوە.)

هۆدێرێر: درێژبە! (شانی هوگۆ دەگرێ دەیخاتە سەر ئەرز. دووەکەی دیکەش درێژ دەبن.)



## دیمەنی پێنجەم

سلیک: بریندار بووی؟

هۆدێرێر: (وێڕای قیت بوونەوە.) نەخێر، کەس بریندار نەبووە؟ (ڕوو لە کارسکی دەکا هەڵساوەتەوە.) خوێنت لێ دێ؟

کارسکی: هیچ نییە، پارچەیەک شووشەم پێکەوت.

ژۆرژ: نارنجۆک بوو؟

هۆدێرێر: نارنجۆک یان تۆنترەقە. دیارە نیشانەیان کورتی هێناوە. باخچەکە بگەڕێن.

هوگۆ: (بەرەو پەنجەرەکە دەچێ و لەبەرخۆیەوە). هیچ و پووچینە! هیچ و پووچینە!

(لیۆن و ژۆرژ لەپەنجەرەکەوە ئاودیو دەبن).

هۆدێرێر: (ڕووی لەمیرە.) چاوەڕێی شتێکی لەم جۆرەم دەکرد، بەڵام پێم ناخۆشە ئەم کاتەیان هەڵبژاردووە.

میر: بەه! ئەمەیان کۆشکی باوکم بەبیردێنێتەوە. کارسکی! ئەمانە پیاوەکانی خۆتان بوون ئەم هێرشەیان کردووە؟

کارسکی: ئێوە شێتن؟

هۆدێرێر: لەم هۆرشە مەبەستیان من بوو، ئەم مەسەلەیە تەنیا پەیوەندی بەمنەوە هەیە. (ڕوو لەکارسکی دەکا.) دەبینن: باشترە مرۆڤ ئاگاداری خۆی بێ. (سەیری دەکا.) خوێنت زۆر لێ دێ. (ژێسیکا دێتە ژوورەوە، پەشۆکاوە.)

ژێسیکا: هۆدێرێر کوژرا؟

هۆدێرێر: مێردەکەت ساغ و سەلامەتە. (دوو لەکارسکی دەکا.) لیۆن دەتانباتە ژوورەکەی من و برینەکەتان تیمار دەکا و پاشان دەگەڕێینەوە سەر گفتوگۆکەمان.

سلیک: دەبێ هەمووتان سەرکەون، چونکە دەتوانن هەمان شت بکەنەوە.

ئەو دەمەی لیۆن برینەکەی تیمار دەکا ئێوەش قسان دەکەن.

هۆدێرێر: باشە. (ژۆرژ و لیۆن لەپەنجەرەکەوە دێنە ژوورەوە.) چی بوو؟

ژۆرژ: تۆنترەقە بوو. لەباخچەکەوە فڕێیانداوە و پاشان هەڵاتوون. هەمووی بەر دیوار کەوتوون.

هوگۆ: هیچ و پووچانە.

هۆدێرێر: باسەرکەوین. (هەموویان بەرەو دەرگا دەچن. هوگۆش بەدوایاندا دەچێ.) تۆ نا. (سەیری یەکتر دەکەن، پاشان هۆدێرێر ڕووی خۆی وەردەگێڕێ و دەردەچێ.)

هوگۆ: (بەددان داگرتن.) هیچ و پووچینە.

سلیک: مەبەستت؟

هوگۆ: ئەوانەی ئەو تۆنترەقەیان هاوێشتووە هیچ و پووچن. (دەچێ خواردنەوە بۆ خۆی تێدەکا).

سلیک: کەمێک تووڕەی، وانییە؟

هوگۆ: بەھ!

سلیک: شەرمی تێدانییە. ئەمە نەبەردی یەکەمینە، لەگەڵی ڕادێی.

ژۆرژ: دەبێ ئەوەشت پێ بڵێین: بەگشتی، خەریکمان دەکا. وانییە سلیک؟

سلیک: دەمانگۆڕێ، وریامان دەکاتەوە، قاچەکانمان سووکتر دەکا.

هوگۆ: تووڕەنیم بەڵام هەست بەنفرین دەکەم.

ژێسیکا: لەکوێ، هەنگە بچکۆلەکەم.

هوگۆ: لەو هیچ و پووچانە کە ئەو تۆنترەقەیان هاوێشت.

سلیک: لەگەڵ ئەوەش تۆ میهرەبانی: هەرچی ئێمەین، ماوەیەکی زۆرە هەست بەنفرین ناکەین.

ژۆرژ: نانمان لەسەر ئەمەیە: ئەگەر ئەم دوانەی دیکە نەبوونایە، جێگامان ئێرە نەبوو.



هوگۆ: دەبینی: هەموو خەڵک ئارامە، هەموو خەڵک دڵخۆشن. وەک بەراز خوێنی لێ دەهات. بەزەردەخەنەوە ڕوومەتی دەسڕییەوە و دەیگوت: «هیچ نییە.» ئەمانە ئازان. ئەمانە گەورەترین کوڕانی قەحپەی سەرزەوین و ئازان، تەنیا بایی ئەوەندە ئازایەتیان هەیە ڕێگات لێ بگرن و تا سەر ڕقت لێیان نەبێتەوە. (بەخەمبارییەوە.) ئەمە کەللەڕەقییە. (دەخواتەوە.) فەزیلەت و شەڕەنگێزییان بەیەکسانی دابەش نەکراوە.

ژێسیکا: تۆ ترسنۆک نیت، گیانەکەم.

هوگۆ: ترسنۆک نیم، بەڵام ئازاش نیم، زۆر تووڕەم. دەمەوێ بنووم و خەون ببینم کە من سلیک-م. سەیرکە: سەد کیلۆ گۆشتە و بادامێکی لەناو کەللەی سەریەتی، هەهەنگێکی ڕاستەقینەیە بادامەکە لەسەرەوە، ئاماژەی ترس و تووڕەیی دەنێرێ، بەڵام لەناو ئەم ئاپۆڕەیە خۆی بزر دەکا. ئەمەش ختووکەی دەدا، تەواو.

سلیک: (بەپێکەنینەوە.) تۆ گوێت لێیەتی.

ژۆرژ: (بەپێکەنینەوە.) ڕاست دەکا. (هوگۆ دەخواتەوە.)

ژێسیکا: هوگۆ.

هوگۆ: ها؟

ژێسیکا:: چیدیکە مەخۆوە.

هوگۆ: لەبەرچی؟ هیچ نەماوە بیکەم. لەکارەکەی خۆم وەلانرام.

ژێسیکا: هۆدێرێر لەکارەکەتی لابردووی؟

هوگۆ: هۆدێرێر؟ کێ لەبارەی هۆدێرێر دەدوێ؟ هەرچی بەدڵت دادێ دەتوانی بەهۆدێرێری بڵێی، بەڵام ئەو پیاوێکە باوەڕی پێ کردووم. خەڵکی دیکە ناتوانن ئەوەندەشی لەبارەوە بڵێین. (دەخواتەوە، پاشان بەرەو سلیک دەڕوا.) خەڵک هەیە کارێکی جێی باوەڕت پێ دەسپێرن، وانییە، تۆش، خۆت دەدڕێنی بۆ جێبەجێ کردنی، پاشان لەودەمەی کە تۆ خەریکیت سەردەکەوی، هەست دەکەی، فشە و گاڵتەیان

پێت دێ و دەبینی کارەکەیان ڕاسپاردۆتە کەسانی دیکە و تەواویان کردووە.

ژێسیکا: دەتوانی بێدەنگ بی! خۆ بەتەما نیت کێشەکانی نێوان من و خۆتیان بۆ بگێڕیتەوە.

هوگۆ: کێشەکانمان؟ هەها! (گەش دەبێتەوە). بەخوا زۆر جوانی!

ژێسیکا: لەسەر من قسە دەکا. ئەوە دوو ساڵە لەسەر ئەوە لۆمەم دەکا کە باوەڕی پێ ناکەم.

هوگۆ: (ڕوو لە سلیک دەکا.) زانایە، دەڵێی چی؟

(ڕوو لەژێسیکا دەکا.) نەخێر، تۆ جێگای باوەڕم نی. ئایا تۆ باوەڕم پێ دەکەی؟

ژێسیکا: بێ شک ئێستا نا.

هوگۆ: باوەڕ بەهیچ کەسێک ناکەم. دەشێ زمانم بەپێچەوانەوە بجووڵێ. پێم بڵێ خۆشم دەوێی.

ژێسیکا: لەپێش ئەمانە نایڵێم.

سلیک: لەبەر ئێمە خۆتان هەراسان مەکەن.

هوگۆ: خۆشی ناوێم. نازانێ مانای خۆشەویستی هەیە. فریشتەیەکە بۆ خۆی. پەیکەرێکە لەخوێ.

سلیک: پەیکەرێکە لە خوێ؟

هوگۆ: نەخێر، مەبەستم ئەوەیە بڵێم پەیکەرێکە لەبەفر. ئەگەر دەستی پێدابهێنێ دەتوێتەوە.

ژۆرژ: بێ گاڵتە.

ژێسیکا: وەرە، هوگۆ، بچینەوە.

هوگۆ: بووەستە، ئامۆژگارییەکم بۆ سلیک هەیە. سلیک من خۆشم دەوێ، دڵگیرە، چونکە بەهێزە و بیرناکاتەوە. ئامۆژگارییەکت دەوێ سلیک؟



سلیک: ئەگەر نەتوانم خۆمی لێ لادەم.

هوگۆ: گوێ بگرە، لەهەڕەتی لاویدا ژن مەهێنە.

سلیک: هیچ مەترسییەکی نییە.

هوگۆ: (خەریکە سەرخۆش دەبێ.) نەخێر، بەس گوێ بگرە: لەهەڕەتی لاویدا ژن مەهێنە. تۆ تێدەگەی دەمەوێ چی بڵێم، وانییە؟ لەهەڕەتی لاویدا ژن مەهێنە. بارێک مەخە سەر شانت کە ناتوانی هەڵی بگری. پاشان، زۆر قورس دەبێ. هەموو شتێک گەلێک قورسە. نازانم هەستتان پێ کردووە: خورت و لاوی ئاسوودەیی نییە. (پێدەکەنێ.) کارێک جێگای باوەڕ. بڵێ! باوەڕ لەکوێیە؟

ژۆرژ: چ کارێک؟

هوگۆ: ئاه! کارێکم پێ ڕاسپێردراوە.

ژۆرژ: چ کارێک؟

هوگۆ: دەیانەوێ قسەم پێ بکەن، بەڵام ئەمە لەگەڵ من وەخت بەفیڕۆدانە. من تەواو داخراوم. (لەئاوێنە سەیری خۆی دەکا.) تەواو داخراو! دەمێکی تەواو بێ تەعبیر. دەمی هەموو خەڵکێک. دەبێ ببینرێ، خوای گەورە، دەبێ ببینرێ.

ژۆرژ: چی؟

هوگۆ: کە من کارێکی جێگای باوەڕم پێ سپێردراوە.

ژۆرژ: سلیک؟

سلیک: هم م م...

ژێسیکا: سەری خۆتان مەیەشێنن: مەبەستی لەوەیە کە من منداڵێکم دەبێ. لەئاوێنەکە سەیری خۆی دەکا بۆ ئەوەی ببینێ دیمەنی باوکی خێزانێکی هەیە.

هوگۆ: نایابە! باوکی خێزان! ئەمەیە. بەڕاستی تەواو خۆیەتی. باوکی خێزان. من و ئەو خێرا لە یەکتری دەگەین. تەواو داخراو! دەشێ

وەک باوکێکی... خێزان خۆی بناسێتەوە. بەشتێک، وەک سیمایەک لە ڕوخسار، تامێک لەناوزار، دڕکێک لەناو دڵ. (دەخواتەوە.) بەداخەوە بۆ هۆدیرێر. چونکە. ئەمەتە پێتان دەڵێم، دەیتوانی یارمەتیم بدا. (پێدەکەنێ.) بەڕاست ئەمەتان لەسەرەوەن و گفتوگۆ دەکەن و لیۆن-یش ڕوخساری پیسی کارسکی دەشوا. بەڵام ئێوە چین، تەختەدارن ناجووڵێن؟ لەسەر ئەمە لامبەن.

سلیک: (ڕوو لەژێسیکا دەکا.) ئەو کوڕە نابێ بخواتەوە.

ژۆرژ: لێی ناکەوێ.

هوگۆ: بمکوژن، پێتان دەڵێم، بمکوژن، ئەمەیان پیشەی خۆتانە. کەواتە گوێ بگرن: باوکی خێزانێک هیچ کاتێک باوکێکی ڕاستەقینەی خێزان نییە. پیاوکوژێک هیچ کاتێک تەواو پیاوکوژ نییە. یاری دەکەن، تێدەگەن. هەرچی مردووێکە، ئەمەیان مردووی ڕاستەقینەیە. بوون یان نەبوون، دەڵێی چی؟ دەزانن مەبەستم چییە. هیچ شتێک نییە بۆ ئەوەی بتوانم ببمەئەوە. یانیش مردووێک لە قووڵایی شەش پێ لەناو زەوی. هەموو ئەمە، بۆتان دەیلێمەوە، لەکۆمێدی زێدەتر نییە. (لە ناکاو دەوەستێ.) ئەمەشیان کۆمێدییە. هەموو ئەمە! ئێوە لەو باوەڕەدان ڕەنگە من نائومێدبم؟ بەهیچ شێوەیەک: نمایشی کۆمێدی نائومێدی دەگێڕم. ئایا دەتوانین لێی ڕزگاربین؟

ژێسیکا: دەتەوێ بگەڕێیتەوە؟

هوگۆ: چاوەڕێکە، نەخێر. نازانم... چۆن دەتوانین بڵێین: دەمەوێ یان نامەوێ؟

ژێسیکا: (پەرداخێکی بۆ پڕ دەکا.) کەواتە بخۆوە.

هوگۆ: باشە. (دەخواتەوە.)

سلیک: ئێوە شێت نین خواردنەوەی دەدەنێ؟

ژێسیکا: بۆ ئەوەیە خێراتر لە خواردنەوە ببینەوە. ئێستا، تەنیا چاوەڕێکردنمان لەپێشە. (هوگۆ پەرداخەکە هەڵدەقوڕێنێ و



ژێسیکاش پڕی دەکاتەوە.)

هوگۆ: (سەرخۆشە.) دەمگوت چی؟ باسی پیاوکوژم دەکرد؟ من و ژێسیکا دەزانین ئەوە مانای چییە. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئاپۆڕەیەکی زۆر دەخاتە ناو سەرم. (لەنێوچەوانی خۆی دەدا.) پێویستتیم بەبێدەنگییە.

(ڕوو لەسلیک دەکا.) ئەوەی دەبێ خۆش بێ لەناوسەرت، ئەوەیە هیچ دەنگێک نەبێ، شەوی تاریک، بۆ ئەوەندە بەخێرایی خۆت وەردەسووڕێنییەوە؟ پێ مەکەنن: دەزانم سەرخۆشم، دەزانم بێ مانام. ئێستا پێتان دەڵێم: نامەوێ لە جێگای من بێ. ئاه، بەڵام نەخێر. جێگایەکی باش نییە. ڕووی خۆتان وەرمەگێڕن! هەموو مەسەلەکە ئەوەیە فتیلەکە داگیرسێنی. ئەمە دیمەنێکی ئەوتۆی نییە بەڵام هیوای ئەوەتان بۆ ناخوازم کارێکی واتان پێ ڕاسپێردرێ. پاشان، هەموو خەڵک دەتەقنەوە، منیش لەگەڵیان. ئەوکاتەش چیدی پێویستیمان بەشاهێدی و حوجەت نامێنێ، بێدەنگی و شەو هەمو شتێک دادەپۆشێ. ئەگەر بەلای کەمی ئەمەش کۆمێدییەک نەبێ مردووەکان بیگێڕن. وادانێین دەمرین و پاشان دەبینین مردووەکان زیندوون و نمایشی مردووان دەکەن! دەبینین، دەبینین، تەنیا ئەوە دەمێنێتەوە، دەبێ فتیلەکە داگیرسێنین. ئەمەش ساتێکی سایکۆلۆژییە. (پێدەکەنێ.) بەڵام ڕووی خۆتان وەرمەگێڕن نامەخوا! یانیش منیش ڕووی خۆم وەردەگێڕم. (هەوڵدەدا ڕووی خۆی وەربگێڕێ، کەچی دەکەوێتە سەر کورسییەک.) ئەمەش ئەنجامی چاکی پەروەردەیەکی بۆرژوازی. (سەری دێ و دەچێ. ژێسیکا لێی نزیک دەبێتەوە و تەماشای دەکا.)

ژێسیکا: باشە. تەواوبوو. ئەتوانن یارمەتیم بدەن هەڵیگرین بۆ سەر تەختەکەی ببەین.

سلیک: مێردەکەت قسان زۆر دەکا.

ژێسیکا: ئێوە نایناسن. هیچ لەو قسانەی کردی گرینگی نییە. (سلیک و ژۆرژ شان و پێیەکانی دەگرن و بەرزی دەکەنەوە.)

(پەردە)



## تابلۆی پێنجەم

*لەژوورەوە*

*هوگۆ لەسەر تەخت درێژبووە و تەواو پۆشتەیە و لەبن لێفێکە. نوستووە. دەجوولێتەوە و نارەحەتە. ژێسیکا لەبن سەری، بێ جوولە دانیشتووە. هوگۆ هێشتا نارەحەتە. ژێسیکا هەڵدەستێ و دەچێتە توالێت. گوێمان لە ڕژانی ئاو دەبێ، ئۆلگا لەپشت پەردەی پەنجەرەکە خۆی شاردۆتەوە. لە درزی پەردەکە تەنیا سەری دەردێنێ. جورئەت دەداتە خۆی و لە هوگۆ نزیک دەبێتەوە. سەیری دەکا. هوگۆ نارەحەتە. ئۆلگا سەری بەرزدەکاتەوە و بالیفەکە باشتر دەگونجێنێ. لەو دەمە ژێسیکا دەگەڕێتەوە و ئەم دیمەنە دەبینێ. ژێسیکا پەرۆکێکی تەڕی گوشراوی لەدەستە.*

### دیمەنی یەکەم

ژێسیکا: چ دڵسۆزییەکە! ڕۆژباش خانم.

ئۆلگا: هاوار مەکەن، من...

ژێسیکا: ئارەزووی هاوارکردنم نییە. کەواتە دانیشن. زیاتر ئارەزووی پێکەنینم هەیە.

ئۆلگا: من ئۆلگا لۆرام-م.

ژێسیکا: گومانم نەبوو کە ئەون.

ئۆلگا: هوگۆ لەبارەی منەوە قسەی بۆ کردوون؟

ژێسیکا: بەڵێ.

ئۆلگا: بریندارە؟

ژێسیکا: نەخێر: سەرخۆشە. (بەپێش ئۆلگا تێدەپەڕێ.) بێ زەحمەت؟ (پەرۆکە گوشراوەکە لەسەر نێوچەوانی هوگۆ دادەنێ.)

ئۆلگا: ئەوها نا. (پەڕۆیەکە ڕێکدەخا.)
ژێسیکا: ببەخشە.
ئۆلگا: ئەی هۆدێرێر؟
ژێسیکا: هۆدێرێر؟ تکاتان لێ دەکەم دانیشن. (ئۆلگا دادەنیشێ.) ئەوە ئێوەبوون ئەو نارنجۆکەتان هاوێشت خانم؟
ئۆلگا: بەڵێ.
ژێسیکا: کەس نەکوژراوە. جارێکی دیکە بەختتان یار دەبێ. چۆن هاتنە ژوورەوە؟
ئۆلگا: بەدەرگاکە. ئێوە کە ڕۆیشتن لەدوای خۆتان بەکراوەیی هێشتتانەوە. نابێ قەت دەرگاکان بەکراوەیی بهێڵنەوە.
ژێسیکا: (ئاماژە بۆ هوگۆ دەکا.) دەتانزانی لەناو بیرۆیەکەیە؟
ئۆلگا: نەخێر.
ژێسیکا: بەڵام دەتانزانی ڕەنگە لەوێ بێ؟
ئۆلگا: ئەمەش ترسناکیەک بوو، دەبوایە خۆی لێ بدەین.
ژێسیکا: کەمێکی دیکە بەختت هەبوایە، کوشتبووتان.
ئۆلگا: ڕەنگە ئەمە باشترین شتێک بێ دووچاری بێ.
ژێسیکا: بەڕاست؟
ئۆلگا: حزب خائینانی زۆر خۆش ناوێ.
ژێسیکا: هوگۆ خائین نییە.
ئۆلگا: منیش لەو باوەڕەم. بەڵام ناتوانم ئەوانی دیکە ناچار بکەم ئەمە باوەڕبکەن کە خائین نییە. (وچانێک.) ئەم مەسەلەیە زۆری خایاند: هەشت ڕۆژە دەبوایە کۆتایی پێ بێ.
ژێسیکا: دەبێ فرسەتێک بدۆزێتەوە.
ئۆلگا: فرسەت، ئێمە دروستی دەکەین.
ژێسیکا: حزب ئێوەی ناردووە؟



ئۆلگا: حزب نازانێ من لێرەم، من بۆ خۆم هاتووم.
ژێسیکا: تێدەگەم: نارنجۆکێکتان لەناو جانتای دەستی خۆتان ناوە و بەعاقلی هاتوون بەهوگۆی دادەی بۆ ڕزگارکردنی شەرەفی.
ئۆلگا: ئەگەر سەرکەوتبام ڕەنگبوو وای لێکبدەنەوە کە لەگەڵ هۆدێرێر خۆیان تەقاندۆتەوە.
ژێسیکا: بەڵێ، بەڵام ئەوکاتە دەمردن.
ئۆلگا: بەهەر شێوازێک خۆی لەم کارەبدا، ئێستا ئیدی بەختی زۆر یارنابێ خۆی لەمە ڕزگاربکا.
ژێسیکا: شێوازێکی سەیرت هەیە لە پیشاندانی برادەرایەتی خۆت.
ئۆلگا: بێگومان سەیرتر لە خۆشەویستییەکەی ئێوە. (تەماشای یەکتر دەکەن.) ئێوەن ڕێگاتان لێ گرتووە کاری خۆی بکا؟
ژێسیکا: ڕێگام لە هیچ نەگرتووە.
ئۆلگا: بەڵام یارمەتیشتان نەداوە.
ژێسیکا: بۆ دەبێ یارمەتی بدەم؟ ئایا پێش ئەوەی بێتە ناو حزب پرسی بەمن کردووە؟ ئەی ئەو کاتەی بڕیای دا لەوە باشتر هیچی نەبوو لە ژیانی بیکا تەنیا ئەوە نەبێ نەناسراوێک بکوژێ، ئایا پرسی بەمن کرد؟
ئۆلگا: بۆ دەبێ پرستان پێ بکا؟ ئەو کاتە دەتان توانی چ ڕاوێژێکی بۆ بکەن؟
ژێسیکا: بێگومان.
ئۆلگا: ئەو بۆ خۆی ئەم حزبەی هەڵبژاردووە و داوای ئەم کارەی کردووە و دەبێ ئەمەندەشتان پێ هەموو شتێک بێ.
ژێسیکا: ئەمەندەم پێ هەموو شتێک نییە. (هوگۆ نارەحەتە.)
ئۆلگا: دیارە نارەحەتە. نەدەبوایە ئێوە ڕێگای پێ بدەن بخواتەوە.
ژێسیکا: هەڵبەت هێشتا ئازاری زۆرتر دەبوو ئەگەر پارچەیەک لەو

نارنجۆکەی ئێوەی بەچڕوچاوی بکەوتایە. (وچانێک.) چ داخێکە
کە ئێوە ژنی ئەو نین: ئەو پێویستی بەژنێکی سەر ئاسن هەبوو. بۆ
خۆی لە ژوورەکەتان دەمایەوە خەریکی ئوتووکردنی فستانەکانتان
دەبوو و ئێوەش لەو کاتەدا لە چوارڕیانەکان خەریکی فڕێدانی
نارنجۆک دەبوون، هەمووشمان زۆر دڵخۆش دەبووین. (سەیری
دەکا.) وامدەزانی ژنێکی بەرز و پڕ لە ئێسکی.

ئۆلگا: بەسمێڵێش.

ژێسیکا: بێ سمێڵ بەڵام بالووکەیەک لەبن لووت. بەردەوام دیمەنێکی زۆر
گرینگی هەبوو کاتێ کە لەلای ئێوە دەردەچوو و دەیگوت: لەبارەی
سیاسەتەوە قسەمان دەکرد.

ئۆلگا: هەڵبەت لەگەڵ ئێوە قەت لەم بارەیەوە قسەی نەدەکرد.

ژێسیکا: باش بزانە کە لەبەر ئەوە منی نەهێناوە. (وچانێک.) ئێوە
خۆشتان دەوێ، وانییە؟

ئۆلگا: ئایا خۆشەویستی دێ لێرە چی دەکا؟ ئێوە زۆر ڕۆمان دەخوێننەوە؟

ژێسیکا: ئیدی کە سیاسەت ناکەین، دەبێ خۆمان بەشتێک خەریک
بکەین.

ئۆلگا: دڵنیاین: خۆشەویستی ژنی سەر ئاسن هەراسان ناکا، ئەمە خۆراکی
ئێمە نییە.

ژێسیکا: هەرچی منم تێیدا دەژیم و خۆراکمە؟

ئۆلگا: هەروەک هەموو ژنێکی ناسک.

ژێسیکا: بەڵێ، ئەمەم پێ گونجاوە. دڵی خۆم خۆشتر دەوێ لە سەری ئێوە.

ئۆلگا: هوگۆی بەستەزمان!

ژێسیکا: بەڵێ. هوگۆی بەستەزمان! دەبێ چۆن ڕقتان لێم بێتەوە، خانم.

ئۆلگا: من؟ وەختی ئەوەم نییە بەفیرۆی بدەم. (بێدەنگی.) بەئاگای
بهێنەوە، دەبێ قسەی لەگەڵ بکەم.



ژێسیکا: (ژێسیکا لە هوگۆ نزیک دەبێتەوە و هوگۆ دەهەژێنێ.) هوگۆ
هوگۆ، هەستە مێوانت هەیە.

هوگۆ: چ! (قیت دەبێتەوە.) ئۆلگا، ئۆلگا. هاتی! پێم خۆشە کە تۆ لێرەی،
دەبێ یارمەتیم بدەی. (لە لێواری تەختەکە دادەنیشێ.) ئای
خودای گەورە کە سەرم ژان دەکا. ئێمە لەکوێین؟ دەزانی، دڵخۆشم
کە لێرەی. بوەستە: شتێک ڕوویداوە، کە کێشەیەکی گەورە. تۆ
ناتوانی چیتر یارمەتیم بدەی. ئێستاش، تۆ ناتوانی چیتر یارمەتیم
بدەی. تۆ تۆنترەقەکەت هاوێشت، وانییە؟

ئۆلگا: بەڵێ.

هوگۆ: ئێوە بۆچی باوەڕتان پێ نەکردم؟

ئۆلگا: هوگۆ، چارەکێکی دیکە هەڤاڵێک گوریسێک دەخاتە سەر دیوار و
دەبێ زووکەم بڕۆم. پەلەم، دەبێ تۆ گوێم لێ بگری.

هوگۆ: ئێوە بۆچی باوەڕتان پێ نەکردم؟

ئۆلگا: ژێسیکا، ئەو پەرداخە و سوراحییەم بدەنێ. (ژێسیکا دەیانداتێ.
ئۆلگا پەرداخەکە پڕ دەکا و بەڕوخساری هوگۆی دادەکا.)

هوگۆ: پ، پ، پفف...!

ئۆلگا: گوێم لێ دەگری؟

هوگۆ: بەڵێ. (دەم و چاوی دەسڕێتەوە.) چ ئازارێکم لەناو سەرە.
دۆڵکەکە ئاوی تێداماوە؟

ژێسیکا: بەڵێ.

هوگۆ: بێ زەحمەت هەندێک ئاوم بدێ. (پەرداخەکەی بەپڕی بۆ درێژ دەکا
و دەخواتەوە.) هەڤاڵان ڕایان چۆنە؟

ئۆلگا: دەڵێن تۆ خائینی.

هوگۆ: قسەی زیاد و بێ مانا دەکەن.

ئۆلگا: تەنیا یەک ڕۆژت لەپێش ماوە. مەسەلەکە دەبێ پێش سبەی ئێوارە

جێبەجێ کرابێ.

هوگۆ: تۆ نەدەبوایە ئەم تۆنترەقەیە بهاوێژی.

ئۆلگا: هوگۆ تۆ ویستت کارێکی سەختت پێ ڕاسپێرین و بەتەنیاش بیکەی. سەرەتا باوەڕم پێت هەبوو لە کاتێکدا سەدان هۆ هەبوون پێتی نەدەم و ئەم باوەڕەشم بەئەوانی دیکەش گەیاندووە. بەڵام ئێمە دیدەوان و گێلۆکە نین و حزبیش بۆ ئەوە دروست نەکراوە بواری پاڵەوانیت بۆ بڕەخسێنێ. کارێک هەیە دەبێ بکرێ و بەئەنجام بگەیەنرێ. گرینگ نییە بەکێ. ئەگەر تا بیست و چوار سەعاتی دیکە تۆ ئەرکی خۆت بەجێ نەگەیاند، یەکێکی دیکە دەنێرین لەجیاتی تۆ تەواوی بکا.

هوگۆ: ئەگەر یەکێکی دیکەم لەجیاتی دابنێن، حزب بەجێ دەهێڵم.

ئۆلگا: خەیاڵتان بۆچی دەچێ؟ لەو باوەڕەدای بتوانرێ حزب بەجێ بهێڵرێ؟ ئێمە لەجەنگداین هوگۆ، هەڤاڵانیش گاڵتە ناکەن. حزب تەنیا بەمردن بەجێدەهێڵرێ.

هوگۆ: ترسم لەمردن نییە.

ئۆلگا: مردن هیچ نییە. بەڵام مردن بەو جۆرە بێ مانایە دوای ئەوەی هەموو شتێکت لەدەست دەچێ، مردنێکی خائینانەیە. هێشتا خراپتر، وەک ئەو منداڵە گێلە وایە کە لەترسی هەڵەکانی لەخۆمانی دوور دەخەینەوە. ئەمەیە کە تۆ دەتەوێ؟ ئەمە بوو کە دەتەویست کاتێ کە بۆ یەکەم جار هاتیە لای من، ئەوەندە بەختەوەر و سەربڵندبووی؟ دەئێوەش پێی بڵێن! ئەگەر کەمێکت خۆش بوێ، حەزناکەی وەک سەگ بیکوژن.

ژێسیکا: خانم ئێوە باش دەزانن کە من چاوەڕێی هیچ ناکەم لە سیاسەت.

ئۆلگا: چی بڕیار دەدەی؟

هوگۆ: تۆ نەدەبوایە ئەم تۆنترەقەیە باوێی.

ئۆلگا: چی بڕیاردەدەی؟



هوگۆ: سبەی دەیزانین.

ئۆلگا: باشە. خواحافیز هوگۆ.

هوگۆ: خواحافیز ئۆلگا.

ژێسیکا: خواحافیز خانم.

ئۆلگا: بکوژێننەوە. نابێ ببینن کە دەردەچم.

(ژێسیکا چراکە دەکوژێنێتەوە. ئۆلگا دەرگا دەکاتەوە و دەردەچێ.

## دیمەنی دووەم

ژێسیکا: چراکە پێکەمەوە؟

هوگۆ: بوەستە لەوانەیە ناچار بێ بگەڕێتەوە. (لەناو تاریکی چاوەڕێ دەکەن.)

ژێسیکا: دەتوانین پەردەکان لادەین بۆ بینین.

هوگۆ: نەخێر. (بێدەنگی.)

ژێسیکا: ئازارت هەیە؟ (هوگۆ وەڵام ناداتەوە.) لەم تاریکییە وەڵامدەوە.

هوگۆ: سەرم ژان دەکا، ئیتر تەواو. (وچانێک.) شتێکی ئەوەندە گرینگ نییە، ئەم باوەڕپێکردنە، کاتێ کە بەرگری هەشت ڕۆژ چاوەڕێکردن ناکا.

ژێسیکا: شتێکی ئەوەندە گرینگ نییە، نا.

هوگۆ: ئەی باشە چۆن دەتوانی بژی ئەگەر یەکێک باوەڕت پێ نەکا؟

ژێسیکا: قەت هیچ کەسێک باوەڕی پێ نەکردووم، تۆش کەمتر لەوانی دیکە. لەگەڵ ئەمەش خۆم گونجاندووە.

هوگۆ: ئەمەیان تاقە کەسێک بوو کە هەندێک باوەڕی بەمن هەبوو.

ژێسیکا: هوگۆ...

هوگۆ: تاقەکەس، تۆ زۆرباش ئەمە دەزانی. (وچانێک.) دەبێ ئێستا لە ئەمان و ئاسایشدا بێ. ئێستا دەتوانین چراکە داگیرسێنینەوە.

(چراکە پێدەکاتەوە، لە ناکاو ژێسیکا خۆی وەردەگێڕێ.) چی بووە؟

ژێسیکا: بینینت لەبەر ڕووناکی ئازارم دەدا.

هوگۆ: دەتەوێ بیکوژێنمەوە؟

ژێسیکا: نەخێر. (بەرەو ئەو دەگەڕێتەوە.) تۆ، تۆ، تۆ، یەکێک دەکوژی.

هوگۆ: ئایا من دەزانم چی دەکەم.

ژێسیکا: دەمانچەکەی پێ نیشاندە.

هوگۆ: بۆ؟

ژێسیکا: دەمەوێ بزانم چۆنە.

هوگۆ: بەدرێژایی پاش نیوەڕۆ لەگەڵ خۆت هەڵتگرتبوو.

ژێسیکا: ئەو دەمە لە لەیستۆکێک زیاتر نەبوو.

هوگۆ: (دەمانچەی بۆ درێژ دەکا.) ئاگاداربە.

ژێسیکا: بەڵێ. (سەیری دەکا.) سەیرە.

هوگۆ: چی سەیرە؟

ژێسیکا: هەنووکە لێی دەترسێم. بگرە. (وچانێک.) تۆ پیاوێک دەکوژی.

(هوگۆ پێدەکەنێ.)

ژێسیکا: بۆچی پێدەکەنی.

هوگۆ: ئێستا تۆ باوەڕ دەکەی. گەیشتوویتە ئەو قەناعەتە باوەڕ بکەی؟

ژێسیکا: بەڵێ.

هوگۆ: تۆ باش کاتی خۆت هەڵبژاردووە: کەس چیدی باوەڕی پێ ناکا. (وچانێک.) هەشت ڕۆژ پێشتر لەوانەبوو گونجاوتر بێ بۆم...

ژێسیکا: خەتای منی تێدانییە. باوەڕ بەهیچ ناکەم تەنیا بەوەی دەیبینم نەبێ. هەتا ئەم بەیانیەش. نەمدەتوانی باوەڕ بەوە بهێنم کە دەمرێ. (وچانێک.) تازە چوومە بیرۆکە، ئەو پیاوەی لێ بوو کە خوێنی لێ دەهات، گشتتان وەک مردوو دەهاتنە بەرچاوم. هۆدێرێر مردبوو،



ئەوەشم لەسەر ڕوخساری بینی. ئەگەر تۆ نەیانکوژی، یەکێکی دیکە دەنێرن.

هوگۆ: ئەو بکوژە من دەبم. (وچانێک.) ئەو پیاوەی کە خوێنی لێ دەهات، پیس بوو، وانییە؟

ژێسیکا: بەڵێ، پیس بوو.

هوگۆ: هودێرێر-یش خوێنی لێ دێ.

ژێسیکا: بێدەنگ بە.

هوگۆ: وێڕای دیمەنێکی گێلانە دەکەوێتە سەر ئەرزەکە و جلوبەرگی خڵتانی خوێن دەبێ.

ژێسیکا: (بەدەنگێکی نزم و گێلانە) دەڵێم بێدەنگ بە.

هوگۆ: ئۆلگا تۆنترەقەیەکی هاوێشتە بن دیوارەکە. ئەمە دەبێ چ سەربڵندییەکی تێدابێ: ئێمەی هەر نەشدەبینی. هەموو کەسێک دەتوانێ بکوژێ ئەگەر ناچاری نەکەین.

بزانین چی دەکا. من دەمویست دەمانچەکەم دەربێنم و بیهاوێژم. لەناو بیرۆیەکە بووم، لە بەرامبەرم بوون و سەیرم دەکردن و دەمویست دەمانچەکەم دەربێنم و گوللە بارانیان بکەم، بەڵام ئۆلگا فرسەتەکەی لێ کوشتم.

ژێسیکا: بەڕاستی دەتویست تیربارانیان بکەی؟

هوگۆ: دەستم لەناو گیرفانم بوو و پەنجەم لەسەر پەلاپیتکەکە بوو،

ژێسیکا: ئینجا دەتویست بیهاوێژی! تۆ دڵنیای کە دەتتوانی بیهاوێژی؟

هوگۆ: من... من بەختم یاربوو ئەو دەمە تووڕە بووم. هەڵبەت، دەمهاوێشت. ئێستا دەبێ لە سفرەوە دەست پێ بکەینەوە. (پێدەکەنێ.) تۆ گوێت لێ بوو: من بەخائین لە قەڵەم دەدەن. یارییەکی خۆشیان هەیە: لەوێ، ئەوان کە بڕیار دەدەن یەکێک لەناو بەرن، لەلایان وەکو ئەوە وایە ناوێک لە کەتەلۆگ ڕەش بکەنەوە.

هەڵبەت ئەمەیان پاک و زیبا و ناسکە. لێرە، مردن پێویستییەکە.
قەسابخانە ئێرەیە. (وچانێک.) دەخواتەوە، جگەرە دەکێشێ،
دەربارەی حزب قسەم بۆ دەکا. پرۆژان دادەنێ و منیش لە خەیاڵی
ئەو تەرمانەم کە پەیدا دەبن، بەڕاستی ئەمە چەپەڵییە. تۆ
چاوەکانیت بینی؟

ژێسیکا: بەڵێ.

هوگۆ: بینیت چەندە گەش و سەخت و زەق بوون؟

ژێسیکا: بەڵێ.

هوگۆ: لەوانەیە گوللە لە چاوەکانی بگرم. خۆی بۆ سک دەهاوێژن، بەڵام
چەک خۆی قیت دەکاتەوە.

ژێسیکا: حەزم لەچاوەکانیە.

هوگۆ: (لەناکاو) چاوەکانی ئەبستریێن.(١)

ژێسیکا: چی؟

هوگۆ: تاوانێک، دەڵێم ئەبستریێتە. پاڵ بەپەلاپیتکەکەوە دەنێی، پاش
ئەوە چیدی لەوە ناگەی چی ڕوویدەدا. (وچانێک.) ئەگەر
بمانتوانیایە لەکاتی گوللە هاوێشتن ڕوو وەرسووڕێنین. (وچانێک.)
لەخۆم دەپرسم بۆچی لەم بارەیەوە قسەت بۆ دەکەم.

ژێسیکا: منیش لەخۆم دەپرسم.

هوگۆ: داوای لێبووردن دەکەم. (وچانێک.) لەگەڵ ئەوەش ئەگەر لەناو ئەو
جێگایەش بم و خەریک بم بڕژێمەوە خۆ بەتەمانیت بەجێم بهێڵی؟

ژێسیکا: نەخێر.

هوگۆ: ئەمە هەمان شتە. بکوژی، بمری، هەمان شتە. بەهەمان شێوە
تەنیاین. ئەو جورئەتی هەیە تەنیا یەک جار دەمرێ. منیش، ئەوە
دە ڕۆژە لە هەموو دەقیقەیەک دەیکوژم. (لە ناکاو.) تۆ چی دەکەی

(١) Abstrait: ڕووت، مجرد.



ژێسیکا؟

ژێسیکا: چۆن؟

هوگۆ: گوێبگرە؛ ئەگەر سبەی نەمکوشت، دەبێ خۆم بزربکەم یانیش ئەوەتە
دەچم دەیانبینمەوە و پێیان دەڵێم: چیم لێ دەکەن بیکەن. ئەگەر
کوشتم... (ساتێک بەدەستەکانی ڕوخساری خۆی دەشارێتەوە.)
ئایا چی پێویستە بیکەم؟ تۆ چی دەکەی؟

ژێسیکا: من؟ تۆ داوای ئەوەم لێ دەکەی چی دەکەم ئەگەر لە جێگای تۆ
بم؟

هوگۆ: ئەی دەتەوێ داوا لە کێ بکەم؟ تەنیا تۆم هەیە لە جیهان.

ژێسیکا: ڕاستە. تۆ تەنیا منت هەیە. تەنیا من. بەدبەخت هوگۆ.
(وچانێک.) دەچم هۆدێرێر دەبینمەوە و پێی دەڵێم: ئەوەندە، منیان
ناردۆتە ئێرە بۆ ئەوەی بتکوژم بەڵام ڕام گۆڕیوە و دەمەوێ لەگەڵ
ئێوە کاربکەم.

هوگۆ: بەدبەخت ژێسیکا!

ژێسیکا: مەحاڵە ناشێ وابێ؟

هوگۆ: بێگومان خیانەتی تەواو ئەمەیە.

ژێسیکا: (بەخەمبارییەوە.) دەبینی! ناتوانم هیچ لەگەڵ تۆ بڵێم.
(وچانێک.) بۆچی مەحاڵە و ناشێ؟ چونکە بیرکردنەوەی وەکو تۆ
نییە؟

هوگۆ: ئەگەر حەز بکەی. چونکە هەمان بیرکردنەوەی منی نییە.

ژێسیکا: ئینجا دەبێ ئەو خەڵکانە بکوژن کە وەکو ئێوە بیرناکەنەوە؟

هوگۆ: هەندێ جار ئا.

ژێسیکا: بەڵام بۆچی تۆ بیری لوی و ئۆلگا-ت هەڵبژارد؟

هوگۆ: چونکە ڕاست بوون.

ژێسیکا: بەڵام هوگۆ، وا دانێ کە تۆ ساڵی پار لەجیاتی لوی هۆدێرێر-ت

ناسی. ئەم بیرانەی تۆ باسی دەکەی هی هۆدێرێر-ە کە بەلای تۆوە ڕاستن.

هوگۆ: تۆ شێتی.

ژێسیکا: بۆچی؟

هوگۆ: کە گوێت لێ دەگرین وا دەزانین هەموو بیرێک وەکو یەکە و وەک نەخۆشی دەیانگرین.

ژێسیکا: من بیر لەوە ناکەمەوە، من... نازانم بیر لە چی دەکەمەوە. هوگۆ، ئەو ئەوەندە بەهێز، هەر تەنیا دەمی بکاتەوە هەموو شتێکە بۆ ئەوەی دڵنیابین کە ڕاست دەکا. پاشان لەو بڕوایە دابووم دڵسۆز و چاکەی حزبی دەوێ.

هوگۆ: ئەوەی ئەو دەیەوێ، ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە، من گاڵتەم پێ دێ. ئەوەی حسێبی بۆ دەکرێ ئەوەیە کە چی دەکا.

ژێسیکا: بەڵام...

هوگۆ: لە ڕاستیدا، وەک سۆسیۆ - خائینێک ڕەفتار دەکا.

ژێسیکا: (بێ ئەوەی تێ بگا.) لەڕاستیدا؟

هوگۆ: بەڵێ.

ژێسیکا: ئێ؟ (وچانێک.) ئەی ئەو، ئەگەر بیزانیبایە کە تۆ چیت لەبن سەرە، ئایا بیری لەوە دەکردەوە کە تۆ سۆسیۆ - خائینێکی؟

هوگۆ: هیچی لێ نازانم.

ژێسیکا: بەڵام ئایا بیری لێ دەکردەوە؟

هوگۆ: چ گرینگیەکی هەیە؟ بەڵێ، لەوانەیە.

ژێسیکا: ئینجا، کێ ڕاست دەکا؟

هوگۆ: من.

ژێسیکا: تۆ چۆن دەزانی؟

هوگۆ: سیاسەت زانستێکە. تۆ دەتوانی پیشانی بدەی کە تۆ لەسەر ڕاستی



ئەوانی دیکە بەهەڵەدا چوون.

ژێسیکا: لەم حاڵەتەدا تۆ بۆچی دوودڵی؟

هوگۆ: لێکدانەوەی ئەمە زۆر دەخایەنێ.

ژێسیکا: شەومان لەپێشە.

هوگۆ: ساڵان و مانگانی دەوێ.

ژێسیکا: ئێ؟ (بەرەو کتێبەکان دەچێ.) هەمووی لەناو ئەمانە نووسراوە؟

هوگۆ: بەمانایەک، بەڵێ، هەر ئەوەندە بەسە بزانی بخوێنییەوە.

ژێسیکا: خودای گەورە! (کتێبێک بەدەست دەگرێ، دەیکاتەوە. سەرنجی شاگەشکەیی پێوە دیارە، وێڕای هەناسەدانێک دایدەنێتەوە.) خودای گەورە!

هوگۆ: ئێستا بەجێم بهێڵە. بنوو یانیش چی دەکەی بیکە.

ژێسیکا: ئایا ئەمە؟ چیم گوت؟

هوگۆ: هیچ، تۆ هیچت نەگوت. منم کە تاوانبارم. شێتییە داوای یارمەتی لە تۆ بکرێ. ئامۆژگارییەکانت لە جیهانێکی دیکەوە دێن.

ژێسیکا: خەتای کێیە؟ بۆچی هیچیان فێرنەکردووم؟ تۆ بۆچی هیچت بۆ لێکنەداومەتەوە؟ تۆ گوێت لێ بوو چی گوت؟ کە من سەرچاوەی خۆشی تۆ بووم.

ئەوە نۆزدە ساڵە منیان لەناو جیهانی پیاوانەی ئێوە داناوە مافی ئەوەم نییە دەست بۆ شتە دیارەکان ببەم ئێوەش دڵنیاتان کردم کە هەموو شتێک بەباشی دەڕوا و لەگوڵ دانان لەناو گوڵدان هەقم بەسەر هیچەوە نییە. بۆچی درۆتان لەگەڵ کردم؟ لەبەرچی لەناو نەزانین بەجێتان هێشتم، ئەگەر بۆ ئەوە بووە دان بەوەدابنێم ڕۆژێک دادێ ئەم جیهانە لە هەموو لایەکەوە سەرەنگوون دەبێ و ئێوەش بێ توانان و سەرەنجام بۆ ئەوە بووە ناچارم بکەن لەنێوان خۆکوشتن و پیاوکوژێک یەکێکیان هەڵبژێرم. نامەوێ هەڵبژێرم: من نامەرێ

دەست لە خۆت بشۆی بتکوژن، ناشمەوێ تۆ بیانکوژی. بۆچی ئەم بارەتان لەسەر شان داناوم؟ هیچ لە مەسەلەی ئێوە نازانم و هەقیشم بەسەر هیچەوە نییە. من نەچەوسێنەرم، نەسۆسیۆ – خائینم، نەشۆڕشگێڕم، هیچم نەکردووە، من لە هەموو شتێک بێگوناهم.

هوگۆ: داوای هیچی دیکەت لێ ناکەم ژێسیکا.

ژێسیکا: تازە بەتازە، ئەمە بەسەرچوو هوگۆ؛ تۆ لەناو مەسەلەکەت دانام. ئێستاش دەبێ هەڵبژێرم. بۆ تۆ و بۆ خۆم: ژیانی خۆم هەڵدەبژێرم لەگەڵ هی تۆ... ئۆه! خودای گەورە! ناتوانم.

هوگۆ: دەبینی. (بێدەنگی. هوگۆ لەسەر تەختەکە دانیشتووە، سەیری بۆشایی دەکا. ژێسیکا لەنزیک ئەو دادەنیشێ و دەست لەملی دەئاڵێنێ.)

ژێسیکا: هیچ مەڵێ. لەمن گەڕێ. قسەت بۆ ناکەم. ڕێگای تبیرکردنەوەت لێ ناگرم، بەڵام لێرە دەبم. بەیانیان سادە: تۆ دڵخۆش دەبی هەندێ لەگەرمی خۆمت پێشکەش بکەم، چونکە هیچ شتێکی دیکەم نییە بتدەمێ. سەرت هەر ژان دەکا؟

هوگۆ: بەڵێ.

ژێسیکا: لەسەر شانی منی دانێ. نێوچەوانت گەرمە. (دەست بەپرچی دادێنێ.) سەر بەدبەخت!

هوگۆ: (لەناکاو خۆی قیت دەکاتەوە) بەسە!.

ژێسیکا: (بەئارامی.) هوگۆ!

هوگۆ: لێمان بوویە دایک، نمایش دەکەی.

ژێسیکا: نمایش ناکەم. قەت چیدی نمایش ناکەم.

هوگۆ: لەشت ساردە و تۆ گەرمیت نییە بمدەیێ. وێڕای دیمەنێکی دایکانە زەحمەت نییە خۆت بەسەر پیاوێک شۆڕکەیتەوە و دەست بخەیتە ناو پرچی، هەر کچکۆڵەیەکی دەگری خەون بەجێگای تۆوە دەبینێ. بەڵام کە لەباوەشم گرتی و داوام لێ کردی ببیە ژنم، خۆت زۆرباش



لێی نەکێشاوە.

ژێسیکا: بێدەنگ بە.

هوگۆ: بۆچی دەبێ بێدەنگ بم. ئایا تۆ نازانی کە خۆشەویستییەکەمان کۆمێدییەک بوو؟

ژێسیکا: ئەوە ئەم شەوە حسێبی بۆ دەکرێ، خۆشەویستییەکەمان نییە، بەڵکو ئەوەیە کە تۆ سبەی دەیکەی.

هوگۆ: هەمووی لەجێی خۆی دەبێ. ئەگەر دڵنیابوومایە... (لەناکاو.) سەیری من کە ژێسیکا. دەتوانی پێم بڵێی خۆشم دەوێی؟ (سەیری دەکا. بێدەنگی.) دەبینی. من ئەوەشم نەبووە.

ژێسیکا: ئەی تۆ، هوگۆ؟ لەو باوەڕەی کە تۆ منت خۆشەویستووە؟ (وەڵام ناداتەوە.) دەبینی. (وچانێک. لەناکاو.) بۆچی هەوڵ نادەی تۆ قەناعەتی پێ بهێنی؟

هوگۆ: قەناعەتی پێ بهێنم؟ بەکێ؟ بەهۆدێرێر؟

ژێسیکا: لەبەرئەوەی لەسەر هەڵەیە، تۆ دەتوانی بۆی بسەلمێنی.

هوگۆ: لەوباوەڕەی! پیاوێکی سەیر و ئالۆزە.

ژێسیکا: تۆ چۆن دەزانی کە فکری تۆ ڕاست و دروستە ئەگەر نەتوانی پیشانیان بدەی؟ هوگۆ، ئەگەر تۆ هەموویانت ئاشت بکەیەوە گەلێک باش دەبێ، هەموو خەڵک دڵخۆش دەبن، دەتوانن بەیەکەوە کاربکەن. هەوڵدە، هوگۆ، تکات لێ دەکەم. بەلای کەمی جارێک هەوڵبدە پێش ئەوەی بیکوژی. (لەدەرگا دەدەن. هوگۆ هەڵدەستێتەوە و چاوەکانی دەبریقێتەوە.)

هوگۆ: ئۆلگایە. گەڕاوەتەوە. تەواو دڵنیابووم کە دەگەڕێتەوە. چراکە بکوژێنەوە و بڕۆ بکەوە.

ژێسیکا: تۆ چەندە پێویستیت بەئەوە! (چراکە دەکوژێنێتەوە و دەرگا دەکاتەوە. هۆدێرێر دێتە ژوورەوە. کە دەرگاکە دادەخرێتەوە هوگۆ چراکە دادەگیرسێنێتەوە.)

## دیمەنی سێیەم

ژێسیکا: (هۆدێرێر دەناسێتەوە.) هەه!

هۆدێرێر: لێم ترسای؟

ژێسیکا: ئەم ئێوارەیە. تووڕەم، خەتای ئەو تەقینەوەیەبوو...

هۆدێرێر: بەڵێ، هەڵبەت. لەکەیەوە کردووتانە عادەت لەناو تاریکی بن؟

ژێسیکا: ناچارم. چاوەکانم ماندوون.

هۆدێرێر: ئا! (وچانێک) دەتوانم کەمێک دانیشم؟ (لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێ.) خۆتان بۆ من ناڕەحەت مەکەن.

هوگۆ: شتێکتان هەیە بەمنی بڵێن؟

هۆدێرێر: نا، نا، نا، نەخێر. دەمێ دی پێکەنینم پێت هات، لەتووڕەییان سووربووبوویەوە.

هوگۆ: داوای...

هۆدێرێر: داوای لێ بووردن مەکە: چاوەڕێی ئەوەم دەکرد. ئەگەر پرۆتێستۆت نەکردبایە ڕەنگ بوو نیگەرانیش بم. گەلێک شت هەیە پێویستە بۆت ڕوون بکەمەوە. بەڵام سبەی. سبەی هەردووکمان قسان دەکەین. ئێستاش ڕۆژەکەت تەواوبوو، بێگومان هی منیش. ڕۆژێکی سەیربوو، دەڵێی چی؟ بۆ هەندێ دیمەن لەدیوارەکان هەڵناواسن؟ ئەوەندە ڕووت خۆیان پیشان نادەن. لەمەخزەنەکە هەندێک هەیە. سلیک بۆتان دەهێنێ.

ژێسیکا: ئەم دیمەنانە چۆنن؟

هۆدێرێر: لەهەموو چەشنێکن. دەتوانی هەڵبژێری.

ژێسیکا: سوپاست دەکەم. سەرەنجم ڕاناکێشن.

هۆدێرێر: بەدڵی خۆت بکە. شتێکتان نییە بخۆینەوە؟

ژێسیکا: نەخێر. بەداخەوە.

هۆدێرێر: هیچ! هیچ! پێش ئەوەی بگەم چیتان دەکرد؟



ژێسیکا: قسەمان دەکرد.

هۆدێرێر: دەباشە، قسەبکەن! قسەبکەن! بەمنەوە خەریک مەبن. (پایپەکەی پڕ دەکا و دایدەگیرسێنێ. بێدەنگییەکی قورس دروست دەبێ. پێدەکەنێ.) بەڵێ، هەڵبەت.

ژێسیکا: زۆر گونجاو نییە خەیاڵی ئەوە بکەین کە ئێوە لێرە نین.

هۆدێرێر: دەتوانن زۆرباش بەدەرێم نێن. (ڕوو لەهوگۆ دەکا.) تۆ ناچارنی پێشوازی سەرۆکەکەت بکەی کە هەواو هەوەسی هەبێ. (وچانێک.) نازانم لەبەرچی هاتم. خەواڵوو نەبووم. هەوڵمدا کاربکەم... (شانەکانی هەڵدەتەکێنێ.) ناتوانین هەموو دەم هەر کاربکەین.

ژێسیکا: نەخێر.

هۆدێرێر: ئەم مەسەلەیەش تەواو دەبێ...

هوگۆ: (چالاکانە.) کام مەسەلە؟

هۆدێرێر: ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ کارسکی. بەئاسانی نەهاتە ڕایێ، بەڵام نەم دەزانی مەسەلەکە خێراتر دەچێتە پێشەوە.

هوگۆ: (بەتوندییەوە.) ئێوە...

هۆدێرێر: وس، بەیانی! بەیانی! (وچانێک.) کاتێ کە مەسەلەیەک خەریکە تەواو دەبێ، لەناوەوە هەست بەبێکاری دەکەین. کەمێک بەر لەئێستا ڕووناکیتان هەبوو؟

ژێسیکا: بەڵێ.

هۆدێرێر: لەبەر پەنجەرەکە، لەتاریکایی وەستابووم نەوەک ببمە نیشانە. بینیتان شەو چەند ڕەش و ئارامە؟ ڕووناکی لەدرزی پەردەی پەنجەرەکەتان دەبینرا. (وچانێک.) ئێمە مەرگمان لەنزیکەوە بەچاوی خۆمان بینی.

ژێسیکا: بەڵێ.

هۆدێرێر: (وێڕای پێکەنینێکی گچکە.) لەزۆر نزیکەوە. زۆر بەئەسپایی لەژوورەکەی خۆم دەرچووم. سلیک لەدالانەکە نووستبوو، لەسالۆنەکەش ژۆرژ. لیۆنیش لەپرسگایەکە نووستبوو. حەزم دەکرد بەخەبەری بهێنم، پاشانیش... هەها! (وچانێک.) سەرەنجام ئەوەتەم: هاتم. (ڕوو لە ژێسیکا دەکا.) چییە؟ تۆ ئەم پاش نیوەڕەیە دیمەنێکی کەمتر ترساوت هەبوو.

ژێسیکا: ئەمەیان پەیوەندی بەو دیمەنەوەیە کە ئێوە هەتانە.

هۆدێرێر: کام دیمەن؟

ژێسیکا: وام دەزانی ئێوە پێویستیتان بەکەس نییە.

هۆدێرێر: پێویستیم بەکەس نییە. (وچانێک.) سلیک پێی گوتم کە تۆ سکت هەیە؟

ژێسیکا: ( بە توندی). ئەمە ڕاست نییە.

هوگۆ: باشە، ژێسیکا، ئەگەر تۆ بەسلیک-ت گوتبێ بۆ لە هۆدێرێر-ی دەشاریتەوە؟

ژێسیکا: گاڵتەم بەسلیک کرد.

هۆدێرێر: (ماوەیەکی درێژ سەیری دەکا.) دەی. (وچانێک.) کە ئەندامی پەرلەمان بووم لەلاندستاگ، لەماڵی فییتەرێک دەژیام. ئێواران دەهاتمەوە هۆڵی نان خواردنیان پایپم دەکێشا. ڕادیۆیەکی لێ بوو، منداڵان یارییان دەکرد... (وچانێک.) دەباشە، دەچم دەخەوم. سەرابێک بوو.

ژێسیکا: چی سەرابێک بوو؟

هۆدێرێر: (بەئاماژەیەک.) هەموو ئەم شتانە. ئێوەش دەبێ کاربکەن، ئەمە هەموو شتێکە بتوانین بیکەین. سبەی تەلەفۆن بۆ گوند دەکەی تا دارتاش بێ پەنجەرەی بیرۆیەکە چاک بکاتەوە. (سەیری دەکا.) تۆ ماندوو دیاری. دیارە خۆت سەرخۆش کردووە؟ ئەم شەوە بخەوە. ناچار نیت پێش سەعات نۆ بێیت. (هەڵدەستێتەوە. هوگۆ



هەنگاوێک دەنێ. ژێسیکا خۆی دەخاتە نێوان هەردووکیان.)

ژێسیکا: هوگۆ، ئێستا وەختیەتی.

هوگۆ: چی؟

ژێسیکا: تۆ قەوڵت پێدام قەناعەتی پێ بێنی.

هۆدێرێر: قەناعەتم پێ بێنێ؟

هوگۆ: بێدەنگ بە. (دەیەوێ ژێسیکا بداتە لایەک. کەچی لەبەرامبەری دەوەستێ.)

ژێسیکا: هەمان ڕوانینی ئێوەی نییە.

هۆدێرێر: (بەسەرگەرمییەوە.) هەستی پێدەکەم.

ژێسیکا: دەیەوێ بۆتان ڕوون بکاتەوە.

هۆدێرێر: بەیانی، بەیانی!

ژێسیکا: بەیانی درەنگ دادێ.

هۆدێرێر: بۆچی؟

ژێسیکا: (هێشتا لەپێش هوگۆیە.) ئەو... ئەو دەڵێ چیدی نایەوێ وەک سکرتێر خزمەتتان بکا ئەگەر گوێی لێ ڕانەگری. هیچ کامتان خەواڵوو نین و تەواوی شەوتان لەپێشە و... کە مەرگیشتان لەنزیکەوە بینی، ئەمەیان ئارامتری دکا.

هوگۆ: دەڵێم وازبێنە.

ژێسیکا: هوگۆ، تۆ قەولت پێدام! (ڕوو لە هۆدێرێر دەکا.) ئەو ئێوە بەسۆسیۆ - خائین تاوانبار دەکا.

هۆدێرێر: سۆسیۆ - خائین! هەر ئەمە!

ژێسیکا: گوتی بەشێوەیەکی مەوزوعی.

هۆدێرێر: (دەنگ و ڕەنگی دەگۆڕێ.) باشە. ئینجا، کوڕی گچکەم، کە ناتوانین ڕێگا لەوەی لەسەر دڵ هەیە بگرین، پێم بڵێ چی لەسەر دڵت هەیە. پێش ئەوەی بڕۆم بخەوم دەبێ ئەم کێشەیە چارەسەر

بکەم. بۆ دەبێ من خائینێک بم؟

هوگۆ: چونکە مافی ئەوەتان نییە، حزب ڕاکێشیتە ناو بەزمەکانی خۆت.

هۆدێرێر: بۆ نا؟

هوگۆ: حزب ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕە و ئێوەش دەیکەنە لایەنێک لەحکومەت.

هۆدێرێر: حزبە شۆڕشگێڕەکان بۆ ئەوە دروست کراون دەستەلات بگرنە دەست.

هوگۆ: بۆ گرتنە دەست بەڵێ. بۆ دەست بەسەرداگرتنی، نەک بۆ کڕینی بەفرتوفێڵ.

هۆدێرێر: تۆ خەم لەخوێن ڕشتن دەخۆی؟ بەلاّم دەبێ بزانی ئێمە ناتوانین بەزەبری هێز خۆمان بسەپێنین، لەم ڕووشەوە من ناڕەحەتم. ئەگەر شەڕی براکوژی ڕوویدا، پەنتاگۆن چەک و ئەفسەرانی هەیە. دەتوانن وەک چوارچێوەیەکی هێزی دژە - شۆڕشگێڕ بەکاری بهێنن.

هوگۆ: کێ باسی شەڕی براکوژی کردووە؟ هۆدێرێر، من تێتان ناگەم. کەمێک ئارام گرتنی پێویستە. ئێوە خۆشتان گوتتان: سوپای سوور سەرادووی سەرۆک دەنێ و دەسەلات دەکەوێتە دەست خۆمان بەتەنیا.

هۆدێرێر: ئەی چۆن دەتوانین بیپارێزین؟ (وچانێک.) کە سوپای سوور لە سنوورەکانمان ئاودیوو دەبێ دڵنیات دەکەم کاتی سەختمان دێتەڕێ.

هوگۆ: سوپای سوور...

هۆدێرێر: بەڵێ، بەڵێ، دەزانم. منیش چاوەڕێی دەکەم. ئۆقرەم نەماوە. بەلاّم دەبێ تۆ خۆت بیلێی: هەموو سوپایەک لەکاتی جەنگ ڕزگارکەر بن یان بەپێچەوانەوە، بەیەکتری دەچن. هەموویان لەسەر وڵاتە داگیرکراوەکە دەژین. جوتیارەکانمان ڕقیان لە ڕووسەکان دەبێتەوە، ئەمەش ترسناکە، تۆ چۆن دەتەوێ خۆشیان بوویێن کە بەیارمەتی ڕووسەکان دەخرێینە سەر حوکم؟ ئەوکاتە ناومان



لێدەنێن حزبی بێگانە، لەوانەیە خراپتریش. پەنتاگۆنیش دەگەڕێتەوە بۆ ناو چالاکی نهێنی و پێویستی بەوەش نابێ دروشمەکانی بگۆڕێ.

هوگۆ: پەنتاگۆن، من...

هۆدێرێر: پاشان شتێکی دیکەش هەیە: وڵات ڕماوە، لەوانەشە بێتە گۆڕەپانی جەنگێکی فراوان. ئەو حکوومەتەی هەر چییەک بێ کە لەدوای سەرۆک فەرمانڕەوایی دەکا، دەبێ کۆمەڵێک پێوەر و حسێبی ترسناک بگرێتە بەرچاو، ئەمەش وایان لێ دەکا خەڵک ڕقیان لێ بێتەوە. سەرەنجام دوای ڕۆیشتنی سوپای سوور بەراپەڕینێک گسکمان لێ دەدەن.

هوگۆ: ڕاپەڕین، ئەمەیان دەکرێ بشکێنرێ، نیزامێکی پاراستن بەرقەرار دەکەین.

هۆدێرێر: نیزامێکی پاراستن؟ بەچی؟ هەتا پاش شۆڕشیش چینی پرۆلیتاریا بە هەرە لاوازترین چین دەمێنێتەوە، ئەمەش بۆ ماوەیەکی درێژ. نیزامێکی پاراستن؟ لەگەڵ حزبێکی بۆرژوا کە کەمینان دادەنێتەوە؟ لەگەڵ دانیشتوانێکی جووتیار کە بەرهەمەکانیان دەسووتێنن بۆ ئەوەی برسیمان بکەن؟

هوگۆ: ئینجا پاشان؟ پارتی بۆلشەڤیک لەساڵی ١٩١٧ لەمەشی زیاتر بینیوە.

هۆدێرێر: بەلاّم ئەو بەیارمەتی بێگانە نەخرابووە سەر حوکم. ئێستا گوێ بگرە کوڕم، هەوڵ بدە تێبگە: ئێمە لەگەڵ لیبرالەکانی کارسکی و کۆنەپارێزەکانی سەرۆک دەستەلات دەگرینە دەست. ئیتر پێویست بەڕووداو و دوو لەت بوون ناکا: تەنیا یەکێتی نیشتمانی. ئەوسا کەس ناتوانێ لۆمەمان بکا کە بەیارمەتی بێگانە هاتووینەتە سەر حوکم. داوای نیوەی دەنگەکانی کۆمیتەی بەرگرییم کردووە، بەلاّم ئەو هەڵەیە ناکەم داوای نیوەی وەزارەتەکانیش بکەم.

کەمایەتییەک، دەبێ ئێمە وەک کەمایەتییەک بمێنینەوە. کەمایەتییەک کە بەرپرسیاری بەرامبەر پێوەرە نامیللییەکان بۆ حزبەکانی دیکە جێدەهێڵێ و هەوڵ دەدا دانیشتوان لەرێگای مانەوە وەک ئۆپۆزیسیۆن لەناو حکومەت بباتەوە. سەرەنجام چاریان نامێنێ: دوای دوو ساڵ دەبینی چۆن سیاسەتی لیبرال مایە پووچ دەردەچێ و ئەو کاتە تەواوی وڵات داوامان لێ دەکا ئێمە فەرمانڕەوایی بکەین.

هوگۆ: ئینجا لەو دەمە دەست لە حزب بشۆ.

هۆدێرێر: دەست شووشتن؟ بۆچی؟

هوگۆ: حزب پرۆگرامێکی هەیە: وەک جێبەجێ کردنی ئابوورییەکی سۆسیالیست و بەکارهێنانی خەباتی چینایەتی. ئێوە ئەم پرۆگرامە بەکاردەهێنن بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی هاوکاری چینایەتی لەچوارچێوەی ئابوورییەکی کەپیتالیست دا. بۆ ماوەی دەیان ساڵ درۆیان دەکەی، فێڵ دەکەی و ئاراستەت دەگۆڕی، لەسازشێکەوە دەچیتە سەر سازشێکی دیکەوە، لەپێش هەڤالانمان بەرگری لەکارە کۆنەپەرستەکانی حکوومەتێک دەکەی کە خۆت بەشێکی لێی. هیچ کەسێک تێت ناگا: ئەندامە توندڕەوەکان بەجێت دەهێڵن، ئەوانی دیکە ئەو کلتوورە سیاسییەیان نامێنێ کە ئەوەندە نییە وەریان گرتووە. ئێمەش تووشی هەمان دەرد دەبین، خاو دەبینەوە و وێڵ دەبین، دەبینە ڕێفۆرماتیست و ناسیۆنالیست. سەرەنجام حزبە بۆرژوازەکان تەنیا ئەوەیان لەپێشدا بۆ دەمێنێتەوە ئازارێک بدەنە خۆیان و لەناومان بەرن. هۆدێرێر! ئەم حزبە، حزبی خۆتە، ئێوە ناتوانن ئەو ئازارە لەبیر بکەن کە بۆ دروست کردنی کێشاوتانە، ئەو هەموو قوربانییانەی لەپێناوی سەرف کراوە، ئەو هەموو دیسیپلینەی بۆ سەپاندنی کراوە. تکاتان لێ دەکەم: مەیکە قوربانی دەستەکانی خۆت.



هۆدێرێر: قسەی هەلەق و بەلەق! ئەگەر ناتەوێ دووچاری ترسناکی ببیەوە پێویست بەوە ناکا سیاسەت بکەی.

هوگۆ: من نامەوێ ئەو ترسناکییانەی سەرەوە ببینم.

هۆدێرێر: زۆرباشە؛ ئەی چۆن دەسەڵات بپارێزین؟

هوگۆ: بۆچی دەبێ دەسەڵات بگرینە دەست؟

هۆدێرێر: تۆ شێت نی؟ سوپایەکی سۆسیالیست وڵات داگیردەکا و تۆش لێدەگەڕێی بڕوا بێ ئەوەی یارمەتییەکی لێ نەقۆزیتەوە؟ ئەمە فرسەتێکە قەت جارێکی دیکە هەڵناکەوێتەوە: من پێت دەڵێم کە ئێمە زۆر بەهێزنین بۆ ئەوەی بەتەنیا شۆڕش بکەین.

هوگۆ: بەنرخێکی ئەوها نابێ دەسەڵات بگرینە دەست.

هۆدێرێر: دەتەوێ چی بکەیت بەحزب؟ ئەستەبلێک بۆ غارغارێن؟ چ سوودی هەیە چەقۆیەک هەموو ڕۆژێک تیژی بکەینەوە ئەگەر قەت بەکاری نەهێنین بۆ بڕین؟ حزب، حزب، هەردەم لەهۆیەک، داردەستێک زیاتر نییە. تەنیا یەک ئامانجیش هەیە: ئەویش دەسەڵاتە.

هوگۆ: تەنیا یەک ئامانج هەیە: ئەویش سەرخستنی بیروباوەڕەکانمانە، جگە لە هەموو بیروباوەڕەکانمان هیچی ترنا.

هۆدێرێر: ڕاستە: تۆ ئەفکارت هەیە تۆ، دەگۆڕێی.

هوگۆ: لەو باوەڕەی من تاقە کەسێکم بیروباوەڕی وام هەبێ؟ لەپێناوی بیروباوەڕ نەبوو هەڤالانمان بەدەستی پۆلیسی سەرۆک خۆیان بەکوشت دا؟ لەو باوەڕەی ئێمە خیانەتیان لێ ناکەین ئەگەر لەرێگای شایانی لێنانەوە لەپیاوکوژەکانیان خزمەتی حزب بکەین؟

هۆدێرێر: گاڵتەم بەمردووەکان دێ. ئەوان بۆ حزب مردن و حزبیش بڕیار لەوەدەدا چی دەوێ و ناوێ. من سیاسەتێکی زیندوو دەکەم و بۆ زیندووانیشە.

هوگۆ: ئینجا لەو باوەڕەی زیندووەکان بەزمەکانی ئێوە قبوڵ دەکەن؟

هۆدێرێر: بەئەسپایی پێیان قووت دەدەین.

هوگۆ: بەپیشاندانیان؟

هۆدێرێر: بەپیشاندانیان هەندێجار.

هوگۆ: ئێوە... ئێوە دیمەنێکی زۆر ڕاست و زۆر قایمتان هەیە! ناشێ ئێوە ئەوە قبوڵ بکەن بۆ ئەوەی درۆ لەگەڵ هەڤاڵان بکەن.

هۆدێرێر: بۆچی ئێمە لەجەنگداین و نەریتیش نییە سەرباز سەعات بەسەعات لەڕێڕەوی ئۆپەراسیۆنەکان ئاگادار بکەینەوە.

هوگۆ: هۆدێرێر: من،... من لەئێوە باشتر دەزانم درۆ یانی چی. لەکن باوکم هەموو خەڵک درۆی دەکرد، هەموو کەس درۆی لەگەڵ دەکردم. تەنیا لەو کاتەوەی هاتوومەتە ناو حرب هەناسە دەدەم. بۆیەکەمجار بینیم پیاوان هەن درۆ لەگەڵ پیاوانی دیکە ناکەن. هەر کەسێک دەیگری دەتوانێ باوەڕی بە هەموو کەسێک هەبێ و هەمووش بەکەسێکی دیکە، ناچیزەترین چەکدار ئەو هەستەی هەبوو کە فەرمانی سەرۆکەکان ئیرادەی قووڵی ئەو پیشان دەدەن و ئەگەر دەرچوون و کارێکی سەخت هەبایە، دەیان زانی بۆ دەبێ مردن قبوڵ بکەن. ئێوەش ناچن...

هۆدێرێر: بەڵام تۆ دەربارەی چی قسە دەکەی؟

هوگۆ: دەربارەی حزبەکەمان.

هۆدێرێر: حزبەکەمان؟ بەڵام هەردەم کەمێک درۆمان کردووە. وەکو گشت شوێنێکی دیکە. ئەی تۆ هوگۆ. تۆ دڵنیای کە قەت درۆت لەگەڵ نەکراوە و قەت درۆت نەکردووە و لەم چرکەیەشدا درۆناکەی؟

هوگۆ: من قەت درۆم لەگەڵ هەڤاڵان نەکردووە. من... سوودی چییە خەبات بکەی بۆ ڕزگارکردنی ئینسان، ئەگەر تەواو ڕقمان لێیان بێتەوە و سەریان پڕ لە درۆ بکەین.

هۆدێرێر: لەکاتی پێویست درۆ دەکەم و ڕقیشم لەکەس نابێتەوە. من درۆم دانەهێناوە: لەناو کۆمەڵێک لەدایک بووە کە دابەشی چەند چین



بووە و هەریەکە لەئێمە لەگەڵ لەدایکبوون بۆمان ماوەتەوە. بەرەفزکردنەوەی درۆش درۆ لەناونابەین: بەڵکو بەبەکارهێنانی هەموو هۆیەک بۆ لەناوبردنی چینایەتی.

هوگۆ: هەموو هۆیەک گونجاونین.

هۆدێرێر: هەموو هۆیەک گونجاوە کاتی کە کاریگەرە.

هوگۆ: جا بە چ مافێک سیاسەتی سەرۆک تاوانبار دەکەن؟ ئەو شەڕی ڕاگەیاند دژی یەکێتی سۆڤیات، چونکە هۆیەکی هەرە کاریگەر بوو بۆ پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانی.

هۆدێرێر: تۆ لەو باوەڕەی کە من تاوانباری دەکەم؟ ئەو شتێکی کرد، هەر کەسێکی دیکە بایە لەگرووپی خۆی لەجیاتی ئەو دەیتوانی هەمان شت بکا. ئێمە خەبات ناکەین نە دژی ئینسان نە دژی سیاسەتێک، بەڵام دژی چینێک کە ئەم ئینسانە و ئەم سیاسەتەی بەرهەم هێناوە.

هوگۆ: ئینجا باشترین هۆ کە دۆزیبێتتانەوە بۆ خەبات کردن دژی ئەو چینە، پێشکەش کردنی ئەو دابەش کردنەی دەسەڵاتە لەگەڵ ئێوە؟

هۆدێرێر: زۆر تەواوە. بۆ ئیمڕۆ، ئەمە باشترین هۆیە. (وچانێک.) چەند دەست بەپاکی خۆت دەگری، کوڕی گچکەم! چەند ترست لەوەیە دەستەکانت پیس بکەی. دەباشە، بەپاکی بمێنەوە. ئەمە سوودی کێی تیدایە و بۆچی تۆ هاتوویتە ناو ئێمە؟ پاکی بیری سۆفی و ڕەبەنەکانە. ئێوەش، ڕۆشنبیرەکان، ئەنارشیستە بۆرژوازەکان، حوجەتی خۆتان لەمە دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی هیچ نەکەن. هیچ نەکردن، مانەوە بێ جووڵە، دەستەوئەژنۆ دانیشتن، پەنجەوانە لەدەست کردن هەرچی منم دەستەکانم پیسن، تا ئانیشک. لەناو گوو و خوێنم ڕاکردووون. ئینجا پاشان؟ تۆ لەو باوەڕەی دەتوانین بەپاکی و بێ گوناهی فەرمانڕەوایی بکەین؟

هوگۆ: لەوانەیە ڕۆژێک بەدیارکەوێ کە من ترسم لەخوێن نییە.

هۆدێرێر: بەتیللا پەنجەوانەی سوور کەشخەیە. ئەوەی دیکەیە کە دەتترسێنێ. ئەوەی دی کە لەبن کەپووە ئەریستۆکراسییە گچکەکەت بۆنی دێ.

هوگۆ: ئینجا هاتینەوە سەر مەبەستی سەرەکی: من کوڕێکی ئەریستۆکراسم و قەت برسیم نەبووە! بەداخەوە بۆ ئێوە، هەر من بەتەنیا نیم لەم ڕایەی خۆم.

هۆدێرێر: بەتەنیانی؟ کەواتە تۆ شتێکت لەبارەی گفتوگۆکانی من دەزانی پێش ئەوەی بێیە ئێرە؟

هوگۆ: نـ، نەخێر. لەسەرەوە، لەناو حزب باسمان کرد، زۆربەیان لەگەڵ ئەوە نەبوون و دەتوانم سوێندتان بۆ بخۆم کە ئەریستۆکرات نەبوون.

هۆدێرێر: کوڕم، ئەمە تێکنەگەیشتنێکی تێدایە: دەیانناسم، خەڵکانی ناو حزب ئەوانەی لەگەڵ سیاسەتی من نین لەجۆری منن نەک لەجۆری تۆ، تۆش بەم نزیکانە دەیانناسی. ئەگەر ڕایان لەم گفتوگۆیانەی من نەبێ، زۆر بەسادەیی، لەبەرئەوەیە لەکاتی خۆی نییە. لەباری گونجاوتر هەر ئەوان یەکەمین کەسن پەیڕەوی دەکەن. هەرچی تۆی، تۆ وەک مەسەلەیەکی مەبدەئی وەری دەگری.

هوگۆ: کێ باسی مەبدەئی[1] کردووە؟

هۆدێرێر: تۆ تەنیا وەک مەسەلەیەکی مەبدەئی سەیری دەکەی. باشە. ئەمە دەبێ قەناعەتت پێ بێنێ ئەوەیە: ئەگەر ئێمە لەگەڵ سەرۆک پەیمان ببەستین، شەڕ دەوەستێنێ: سوپای ئیلیرییەکان بەژێری چاوەڕێی هاتنی ڕووسەکان دەکەن چەکیان بکەن، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئێمە گفتوگۆ بوەستێنین، دەزانێ لەناو دەچێ لەبەر ئەوە وەک سەگێکی هار دەجەنگێ: سەدان هەزاران پیاو گیانی خۆیان تێدا لەدەست دەدەن. تۆ ڕات لەمبارەیەوە چییە؟ (بێدەنگی.) وانییە؟ دەڵێی

(١) Principe: مبدأ، بروا، باوەڕ.



چی؟ تۆ دەتوانی بەنووکە قەڵەمێک ناوی سەد هەزار مرۆڤ مەحف بکەیتەوە؟

هوگۆ: (بەئازارەوە.) ئێمە شۆڕش بەگوڵ ناکەین. ئەگەر پێویست بەوە بکا تێیدا بێننەوە...

هۆدێرێر: ئینجا؟

هوگۆ: ئینجا، قیرۆسیا!

هۆدێرێر: دەبینی! دەبینی! تۆ مرۆڤت خۆش ناوێ هوگۆ. تۆ تەنیا مەبدەئەکانت خۆش دەوێن.

هوگۆ: مرۆڤ؟ بۆ دەبێ خۆشم بوێن؟ ئەوان منیان خۆش دەوێ؟

هۆدێرێر: کەواتە تۆ بۆ هاتوویتە ناو ئێمە؟ ئەگەر مرۆڤمان خۆش نەوێ ناتوانین خەباتیشیان بۆ بکەین.

هوگۆ: من هاتمە ناو حزب چونکە خەبات بۆ کێشەیەکی ڕاست و دروست دەکا و ئەوکاتە دەردەچم کە ئەو خەباتە ڕاستی و دروستییەکەی نەمێنێ. هەرچی دەربارەی مرۆڤەکانە، لەبەرئەوە نییە ئەمانە چین سەرەنجم ڕادەکێشن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە دەتوانن ببنەچی.

هۆدێرێر: هەرچی منم، وەکو خۆیان خۆشم دەوێن. وێڕای گشت بەدفەساڵی و ناچیزەییەکیان. دەنگ و دەستە گەرمەکانیانم خۆش دەوێن کە درێژی دەکەن، پێستەکانیان، ئەو پێستەی لەهەموو پێستێک ڕووتترە، نیگای نیگەرانیان و ئەو خەباتە بێ هیوایەی کە هەریەکەیان بەنۆبەت دژی مەرگ و ڕاڕایی دەیکەن. بۆ من، ئەمە وەک مرۆڤێکی زیاتر یان کەمتر وایە لەجیهاندا. ئەمەش بەهای خۆی هەیە. هەرچی تۆی، من باشت دەناسم کوڕەکەم تۆ مرۆڤێکی گێرەشێوێن و تێکدەری. تۆ ڕقت لە مرۆڤە چونکە ڕقت لەخۆتە. پاکییەکەت بەمەرگ دەچێ و ئەو شۆڕشەی خەونیشی پێ دەبینی هی ئێمە نییە: تۆ ناتەوێ جیهان بگۆڕی، تۆ دەتەوێ بیتەقێنییەوە.

هوگۆ: (هەڵدەستێتەوە.) هۆدێرێر!

هۆدێرێر: خەتای تۆ نییە: ئێوە هەمووتان بەیەک دەچن. ڕۆشنبیرێک شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە نییە. تەنیا بەکەڵکی ئەوە دێ پیاوکوژێکی لێ دروست بکەی.

هوگۆ: پیاوکوژێک. بەڵێ!

ژێسیکا: هوگۆ! (ژێسیکا خۆی دەخاتە نێوانیان. دەنگی سووڕانی کلیل دێ لەناو کێلۆنی دەرگا. دەرگا دەکرێتەوە. ژۆرژ و سلیک دێنە ژوورەوە.)

## دیمەنی چوارەم

ژۆرژ: ئەوە لێرەی، دنیامان بەدواتدا کرد.

هوگۆ: کێ کلیلی منی پێداون؟

سلیک: کلیلی هەموو دەرگاکانمان لایە. مەگەر پاسەوان نین!

ژۆرژ: (ڕوو لە هۆدێرێر دەکا.) تۆ زەندەقت بردین. سەرەتا سلیک بەخەبەرهات، بینی هۆدێرێر نەماوە. تۆ دەبێ پێشتر ئاگادارمان بکەیەوە کە بۆ هەناسە وەرگرتنێک دەردەچی.

هۆدێرێر: ئێوە نووستبوون.

سلیک: (وێڕای گێژبییەک.) ئینجا. لەکەیەوە تۆ لێمان دەگەڕێی بخەوین لەکاتێکدا تۆ حەز بەوە دەکەی بەخەبەرمان بێنی.

هۆدێرێر: (بەپێکەنینەوە.) هەڵبەت، نازانم بۆچی؟ (وچانێک.) ئێستا لەگەڵ ئێوە دەگەڕێمەوە. تا بەیانی گچکەڵ، سەعات نۆ. لەسەر هەموو ئەمانە قسە دەکەینەوە. (هوگۆ وەڵام ناداتەوە.) خواحافیز ژێسیکا.

ژێسیکا: تا بەیانی، هۆدێرێر. (دەچنە دەرەوە).



## دیمەنی پێنجەم

(بیدەنگییەکی درێژ.)

ژێسیکا: ئینجا!

هوگۆ: ئینجا تۆ لێرەبووی و گوێت لێ بوو.

ژێسیکا: چی دەڵێی؟

هوگۆ: دەتەوێ چی بڵێم؟ پێم گوتی کە کابرایەکی سەیر و ئاڵۆزە.

ژێسیکا: هوگۆ! ئەو ڕاستی دەکرد.

هوگۆ: ئای ژێسیکای بەستەزمان! دەتەوێ چی لێ بزانی؟

ژێسیکا: ئەی تۆ، تۆ چی لێ دەزانی؟ تۆ بەرامبەر بە ئەو کورتت دەهێنا.

هوگۆ: بەخوا! لەگەڵ من جوانی هێنا. حەزم دەکرد بەرامبەر بەلوی بێ، بەم ئاسانییە خۆی ڕزگار نەدەکرد.

ژێسیکا: لەوانەیە ئەویشی لەناو گیرفانی خۆی نابێ.

هوگۆ: (بەپێکەنینەوە.) هەها! لوی! تۆ نایناسی: لوی ناتوانێ هەڵەبکا.

ژێسیکا: بۆچی؟

هوگۆ: چونکە، چونکە ئەو لوی-یە!

ژێسیکا: هوگۆ! تۆ دژی دڵی خۆت قسان دەکەی. کە لەگەڵ هۆدێرێر قسەت دەکرد سەیرم دەکردی: قەناعەتی بەتۆ هێنا.

هوگۆ: قەناعەتی پێ نەهێناوم. بەدرۆکردن لەگەڵ هەڤاڵان هیچ کەسێک ناتوانێ قەناعەتم پێ بهێنێ. بەڵام ئەگەر قەناعەتی پێ هێنابم، ئەمەش بۆ خۆی هۆکارێکی دیکەی زیاترە بۆ ئەوەی لەناوی بەرین، چونکە ئەمە بەڵگەیە بۆ قەناعەت پێهێنانی خەڵکی دیکە. سبەی بەیانی، کارەکە تەواو دەکەم.

(پەردە)

## تابلۆی شەشەم

*هەردوو لا ڕێسمە پەنجەرەکە کە بەتەقینەوەکە دەرهاتبوون، بەدیوار هەڵپەسێررابوون، گەسک لەپارچە شووشەکان دراوە، پەنجەرەکە بەپەڕۆیەک داپۆشراوە و تا سەر ئەرزەکە شۆڕبۆتەوە.*

### دیمەنی یەکەم

لەپێشەوەی شانۆ، هۆدێرێر لەپێش تەباخەکە وەستاوە، وێڕای کێشانی پایپ قاوە بۆ خۆی دەکا. لەدەرگا دەدەن و سلیک سەری خۆی لەدرزی دەرگایەکە دەردێنێ.

سلیک: ئەو ژنە لێرەیە دەیەوێ بتان بینێ.

هۆدێرێر: نامەوێ.

سلیک: دەڵێ کارێکی زۆر گرینگم لەگەڵی هەیە.

هۆدێرێر: باشە. دەبا بێتە ژوورەوە. (ژێسیکا دێتە ژوورەوە. سلیک دەڕوا.) ئینجا؟ (ژێسیکا بێدەنگ دەبێ.) نزیک بەرەوە. (ژێسیکا لەپێش دەرگاکە دەوەستێ و تەواوی قژی بەسەر ڕوخساریدا پەرت بووە. هۆدێرێر بەرەو ئەو دەچێ.) لەو باوەڕەم دەبێ شتێکت هەبێ بەمنی بڵێی؟ (ژێسیکا بەسەر دەڵێ بەڵێ.) دەباشە، بیڵێ و پاشان بڕۆ.

ژێسیکا: ئێوە هەردەم زۆر پەلەتانە.

هۆدێرێر: کاردەکەم.

ژێسیکا: کارتان نییە: خەریکی قاوە ئامادەکردن بوون. فنجانێکم لێی دەدەنێ؟

هۆدێرێر: بەڵێ. (وچانێک.) ئینجا؟

ژێسیکا: باکەمێک هەناسە بدەم. قسەکردن لەگەڵ ئێوە سەختە. چاوەڕێی هوگۆ دەکەن و هێشتا هەر ڕیشیشی نەتراشیوە.



هۆدێرێر: باشە. پێنج دەقیقەت لەپێشە بۆ ئەوەی بێیەوە سەرەخۆ. ئەمەش قاوە.

ژێسیکا: قسەم بۆ بکە.

هۆدێرێر:چی؟

ژێسیکا: بۆ ئەوەی بێمەوە سەرەخۆ، قسەم بۆ بکە.

هۆدێرێر: هیچم لانییە پێت بڵێم و ناشزانم لەگەڵ ژنان قسە بکەم.

ژێسیکا: بەپێچەوانەوە، زۆرباش دەزانی.

هۆدێرێر: ئۆ...؟ (وچانێک.)

ژێسیکا: دوێنێ ئێوارە...

هۆدێرێر: ئینجا؟

ژێسیکا: هەستم کرد ئێوە ڕاست دەکەن.

هۆدێرێر: مەبەستت؟ ئۆ...! (وچانێک.) سوپاست دەکەم، تۆ هانم دەدەی.

ژێسیکا: ئێوە گاڵتەم بێ دەکەن.

هۆدێرێر: بەڵێ. (وچانێک.)

ژێسیکا: ئەگەر بێمە ناو حزب چی لەمن دەکەن؟

هۆدێرێر: سەرەتا دەبێ لێت بگەڕێین ببیتە ئەندام.

ژێسیکا: بەڵام ئەگەر لێم گەڕێن ببمە ئەندام چی لەمن دەکەن؟

هۆدێرێر: چۆن بیزانم (وچانێک.) هاتووی ئەوەم پێ بڵێی؟

ژێسیکا: نەخێر.

هۆدێرێر: کەواتە؟ ئەو شتە چییە؟ لەگەڵ هوگۆ عاجزیت بووە و دەتەوێ بڕۆی؟

ژێسیکا: نەخێر. پێتان ناخۆش نییە ئەگەر بڕۆم؟

هۆدێرێر: بەپێچەوانەوە دڵم خۆش دەبێ، دەتوانم بەئارامی ئیش بکەم.

ژێسیکا: ئێوە بیر لەوە ناکەنەوە کە دەیڵێین.

هۆدێرێر: نا؟

ژێسیکا: نەخێر. (وچانێک.) دوێنێ ئێوارە کە ئێوە هاتنە ژوورەوە هەستم کرد دیمەنێکی زۆر تەنیاتان هەیە.

هۆدێرێر: ئینجا؟

ژێسیکا: کە پیاوێک بەتەنیایە پێم جوانە.

هۆدێرێر: ئەوەندە جوانە ڕاستەخۆ ئەو حەزەمان هەیە دەست لەناو دەستی بنێین. لەناکاو هەست بەتەنیایی ناکا: جیهان خراپ دروست کراوە.

ژێسیکا: ئۆ! لەگەڵ من، دەتانتوانی زۆرباش تەنیا خۆتان بپارێزن. من هەراسانکەر نیم.

هۆدێرێر: لەگەڵ تۆ؟

ژێسیکا: ئەمەش شێوازێکی قسەکردنە (وچانێک.) پێشتر ژنتان هێناوە؟

هۆدێرێر: بەڵێ.

ژێسیکا: ژنەکەتان وەک ئێوە لەناو حزب بوو؟

هۆدێرێر: نەخێر.

ژێسیکا: ئێوە دەتانگوت پێویستە هەردەم لەگەڵ ژنانی ناو حزب زەواج بکرێ.

هۆدێرێر: بێ شک.

ژێسیکا: جوان بوو؟

هۆدێرێر: ئەمەیان پەیوەندی بەڕۆژان و بەڕوانینەکانەوە هەیە.

ژێسیکا: ئەی من، هەست دەکەن من جوانم؟

هۆدێرێر: تۆ گەمەم پێ ناکەی؟

ژێسیکا: (بەپێکەنینەوە.) بەڵێ.

هۆدێرێر: پێنج دەقیقەکە تێپەڕی. یان قسە بکە یان بڕۆ.

ژێسیکا: ئێوە ئازاری نادەن.

هۆدێرێر: ئازاری کێ؟

ژێسیکا: هی هوگۆ! هەستی برادەرایەتیتان بەرامبەر بەئەو هەیە، وانییە؟



هۆدێرێر: ئۆ! بێ عاتیفە تکایە! چییە، ئەو دەیەوێ بمکوژێ؟ ئەمەیە چیرۆکەکەت؟

ژێسیکا: ئازاری مەدەن.

هۆدێرێر: بەڵام نا، ئازاری نادەم.

ژێسیکا: ئێوە... ئێوە دەتانزانی؟

هۆدێرێر: لەدوێنێوە. بەچی دەیەوێ بمکوژێ؟

ژێسیکا: چۆن؟

هۆدێرێر: بەکامە چەک؟ نارنجۆک، دەمانچە، تەور، شیر، ژەهر؟

ژێسیکا: دەمانچە.

هۆدێرێر: ئەمەم پێ خۆشترە.

ژێسیکا: ئەم بەیانییە کە دەگا، دەمانچەکەی هەڵگرتووە.

هۆدێرێر: باشە، باشە، باشە، بۆچی تۆ خیانەتی لەگەڵ دەکەی؟ ڕقت لێی دەبێتەوە؟

ژێسیکا: نەخێر، بەڵام...

هۆدێرێر: دەڵێی چی؟

ژێسیکا: داوای یارمەتی منی کرد.

هۆدێرێر: جا بەم جۆرە تۆ ڕەفتار دەکەی یارمەتی بدەی؟ سەیرم پێت دێ.

ژێسیکا: حەز ناکا بتکوژێ. بەهیچ شێوەیەک. زۆری خۆش دەوێی. تەنیا ئەوەندەیە فەرمانی پێدراوە. خۆی نایڵێ بەڵام دڵنیام سەرەنجام دڵخۆش دەبێ ئەگەر ڕێگای لێ بگرین فەرمانەکەی جێبەجێ بکا.

هۆدێرێر: ئەمە دەوەستێتە سەر شتێک.

ژێسیکا: بەتەمان چی بکەن؟

هۆدێرێر: هێشتا نازانم.

ژێسیکا: بەهێمنی بەسلیک چەکی بکەن. تەنیا دەمانچەیەکی پێیە. ئەگەر لێی بستێنن، ئیتر مەسەلەکە تەواو دەبێ.

هۆدێرێر: نەخێر. ئەمەیان وای لێ دەکا هەست بەسەر شۆڕی بکا. نابێ خەڵک شەرمەزار بکرێ. من خۆم قسەی لەگەڵ دەکەم.

ژێسیکا: لێی دەگەڕێن بەچەکەوە بێتە ژوورەوە؟

هۆدێرێر: بۆچی نا؟ دەمەورێ قەناعەتی پێ بهێنم. تەنیا پێنە دەقیقە خەتەری تێدایە، لەمە زۆرتر نییە. ئەگەر ئەم بەیانییە تیربارانم نەکا، دواتر قەت نایکا.

ژێسیکا: نامەوێ ئەو بتانکوژێ.

هۆدێرێر: پێت ناخۆش نییە ئەگەر خۆم خۆم بکوژم؟

ژێسیکا: من؟ ئەمەیان دڵفڕێنم دەکا. (لەدەرگا دەدەن.)

سلیک: هوگۆ-یە.

هۆدێرێر: دەقیقەیەک. (سلیک دەرگایەکە پێوە دەداتەوە.) لەپەنجەرەکەوە برۆ.

ژێسیکا: نامەوێ بەجێتان بهێڵم.

هۆدێرێر: ئەگەر تۆ بمێنییەوە، دڵنیابە تیربارانم دەکا. لەپێش تۆ خۆی خاوناکاتەوە. دەی برۆ، لاچۆ!

(ژێسیکا لەپەنجەرەکەوە دەچێتە دەرەوە و لەدواوەی پەرۆیەکە بەردەبێتەوە.) بیهێنە ژوورەوە.

**دیمەنی دووەم**

هوگۆ دێتە ژوورەوە. هۆدێرێر تا لای دەرگا دەچێ پاشان تا کن مێزەکەی لەگەڵ هوگۆ دەگەڕێتەوە. لەزۆر نزیکی ئەوەوە دەمێنێتەوە. وێڕای قسەکردن لەگەڵی تێبینی جووڵەکانی هوگۆ دەکا و ئامادەیە دەستی هوگۆ بگرێ ئەگەر ویستی دەمانچەکەی دەربێنێ.

هۆدێرێر: باشە. باش نووستی؟

هوگۆ: یانی.

هۆدێرێر: گێژ و هوڕی؟



هوگۆ: تەنیا.

هۆدێریر: تۆ تەواو بڕیارت داوە؟

هوگۆ: (بەڕاچڵەکینەوە.) بڕیار بۆچی؟

هۆدێرێر: دوێنێ ئێوارە پێت گوتم بەجێم دەهێڵی ئەگەر نەتوانی ڕام پێ بگۆڕی.

هوگۆ: بەردەوام لەسەر ڕای خۆمم.

هۆدێرێر: باشە. دەمێکی دیکە دەبینین. بەدەم چاوەڕێ کردنەوە با کاربکەین. دانیشە. (هوگۆ لەسەر مێزی کارکردنی دادەنیشێ.) لەکوێی ئەم مەسەلەیە بووین؟

هوگۆ: (تێبینییەکانی دەخوێنێتەوە.) «بەپێی ڕەنووسەکانی ئاماری پیشەیی لەساڵی ١٩٠٦ ژمارەی کرێکارە کشتوکاڵییەکان لەهەشت ملیۆن و حەفت سەد و حەفتا و یەک هەزار دابەزیوە بۆ...».

هۆدێرێر: بەبیرم هاتەوە: دەزانی ئەوەی تۆنترەقەکەی هاویشت ژنێک بوو؟

هوگۆ: ژنێک؟

هۆدێرێر: سلیک لەناو باخچەکە شوێن پێی هەڵگرتووە. تۆ دەیناسی؟

هوگۆ: لەکوێ بیناسم؟ (بێدەنگی.)

هۆدێرێر: سەیرە، تۆ دەڵێی چی؟

هوگۆ: زۆر.

هۆدێرێر: تۆ پێتەوە دیارنییە سەیری ببینی. چیتە؟

هوگۆ: نەخۆشم.

هۆدێرێر: دەتەوێ ئەم بەیانیە بۆ خۆت ئازاد بی؟

هوگۆ: نەخێر، با کاربکەین.

هۆدێرێر: باشە، لەسەرەتای ڕستەکەوە دەست پێ بکەوە. «هوگۆ دەگەڕێتەوە بۆ تێبینییەکانی و دەخوێنێتەوە.»

هوگۆ: «بەپێی ڕەنووسەکانی ئاماری...» (هۆدێرێر پێدەکەنی. هوگۆ لەناکاو

سەری بەرزدەكاتەوە).

هۆدێرێر: تۆ دەزانی بۆچی ئەو ژنە ئێمەی نەپێکا؟ گرەو دەکەم تۆنترەقەکەی بەچاو نووقاندن هاویشتووە.

هوگۆ: (بەئاوارەیی.) بۆچی؟

هۆدێرێر: لەبەر دەنگەکەی. ژنان بۆ ئەوەی گوێیان لێ نەبێ چاو دادەخەن. ئەمەش بەئارەزووی خۆت لێکبدەوە. هەموویان ترسیان لەدەنگ و تەقینەوە هەیە. ئەگەر ئەم لایەنەیان نەبێ بکوژی نایابن. کەللەرەقن، تێدەگەی، ئەفکاری حازریان بەدەست دەگا وەک باوەڕهێنان بەخودا باوەڕ دەکەن. هەرچی ئێمەین، لەبەر مەسەلەی پرەنسیپ لامان خۆش نییە. تیربارانی پیاوێک بکەین، چونکە ئێمەین ئەو ئەفکارانە دروست دەکەین و چێشتەکە دەناسین: بۆیە قەت بەتەواوی دڵنیانین لەسەر ڕاستین. تۆ دڵنیای کە لەسەر ڕاستی، تۆ؟

هوگۆ: دڵنیام.

هۆدێرێر: لەهەموو حاڵەتێکدا تۆ ناتوانی ببیتە بکوژێک. ئەمەیان مەسەلەیەکە ئامادەیی و گیانێکی دەوێ.

هوگۆ: ئەگەر حزب داوا بکا هەر کەسێک دەیگری دەتوانێ بکوژێ.

هۆدێرێر: ئەگەر حزب بیەوێ تۆ لەسەر پەتێکی توند سەما بکەی، لەو باوەڕەی بتوانی؟ بکوژێک کە لەدایک دەبێ بەبکوژی لەدایک دەبێ. هەرچی تۆی، تۆ زۆر بیر دەکەیەوە، تۆ ناتوانی ئەمە بکەی.

هوگۆ: ئەگەر بڕیارم دابێ دەتوانم بیکەم.

هۆدێرێر: هەر لەبەرئەوەی لەڕووی سیاسییەوە هاوڕانین، دەتەوێ بێ هەڵچوون گوللەیەک بەنێوچەوانمەوە بنێی و بەرم بدەیەوە؟

هوگۆ: بەڵێ، ئەگەر بڕیارم دابێ و حزب فرمانی پێ کردبم.

هۆدێرێر: سەیرم پێت دێ. (لەم کاتەدا هوگۆ دەیەوێ دەست لەگیرفانی بنێ بەڵام هۆدێرێر دەستی دەگرێ و لەسەرخۆ لەسەر مێزەکەی دادەنێ.)



وادانێ ئەم دەستە دەمانچەیەکی گرتووە و ئەم پەنجەیەش لەسەر پەلاپیتکەکەیەتی...

هوگۆ: دەستم بەردەن.

هۆدێرێر: (بێ ئەوەی دەستی بەربدا) وا دانێ بەم چەشنە من لەبەرامبەرتم و تۆش دەتەوێ بمکوژی...

هوگۆ: بەرمدەن، با کارەکەمان بکەین.

هۆدێرێر: لەو کاتەی گوللەم تێدەگری ڕاستەوخۆ بیردەکەیتەوە: ئەگەر ئەو لەسەر ڕاستی بێ؟ بیرت لەوەکردۆتەوە؟

هۆگۆ: بیری لێ ناکەمەوە. بێجگەلە کوشتن بیر لە هیچ شتێی دیکە ناکەمەوە.

هۆدێرێر: بیری لێ دەکەیتەوە: ڕۆشنبیرێک، دەبێ بیر لەمە بکاتەوە. هەتا پێش ئەوەی فشار بخەیتە سەر پەلاپیتکەکەش تۆ تەواو ئەنجامی کردەکەی خۆتت هاتۆتە بەرچاو. تەواوی کاری ژیانێک دەبێتە کەلاوە، سیاسەتێک کە لەعەرز دراوە، هیچ کەسێک نابێ شوێنم بگرێتەوە، لەم حاڵەتەش ڕەنگە حزب سەرەنجامی ئەوەبی قەت دەسەڵات بەدەستەوە نەگرێ...

هوگۆ: پێتان دەڵێم کە بیری لێ ناکەمەوە!

هۆدێرێر: ناتوانی ڕێگا لەخۆت بگری بیری لێ نەکەیتەوە. ئەمەش باشترە، چونکە بەو شێوەی کە تۆ هەی، ئەگەر پێشتر بیری لێ نەکەیتەوە، پاشان لەهەموو ژیانت بیری لێ ناکەیتەوە. (وچانێک.) چ هارییەکتان تووش بووە تا گەمەی پیاوکوژی بکەن؟ بکوژان پیاوی بێ خەیاڵن: بەلایانەوە ئاساییە یەکێک بکوژن چونکە نازانن مانای ژیان چییە. من ئەوانەم پێ باشترە کە ترسیان هەیە لەمەرگی ئەوانی دیکە، ئەمەش بەڵگەیەکە کە دەزانن بژین.

هوگۆ: من بۆ ئەوە نەکراوم بژیم، مانای ژیانیش نازانم و پێویستیشم پێی نییە. من زیادەم و جێگایەکم نییە و هەموو خەڵکیش هەراسان

دەکەم. هیچ کەسێک خۆشی ناوێم و باوەڕیشم بەهیچ کەسێک نییە.

هۆدێرێر: من باوەڕت پێدەکەم.

هوگۆ: ئێوە؟

هۆدێرێر: هەڵبەت. تۆ منداڵێکی ئازارت هەیە لەگەیشتن بەتەمەنی پیاوان، بەڵام ئەگەر یەکێک یارمەتیت بدا و ڕێگات بۆ ڕۆشن بکاتەوە، دەبێتە پیاوێکی ماقووڵ. ئەگەر لەدەستی تۆنترەقە و بۆمبەکانیان ڕزگارم بێ، لەکن خۆم دەتهێڵمەوە و یارمەتیت دەدەم.

هوگۆ: بۆچی پێم دەڵێی؟ بۆچی ئەمڕۆ ئەمەم پێدەڵێی؟

هۆدێرێر: (دەستی بەردەدا.) تەنیا لەبەرئەوەی بۆت بسەلمێنم کە ناتوانین یەکێک بەخوێن ساردی بەردەینەوە ئەگەر بەلای کەمی لەم بارەیەوە پسپۆڕ نەبین.

هوگۆ: ئەگەر بڕیارم دابێ، دەبێ بتوانم بیکەم. (وێڕای جۆرە بێ هیواییەک لەگەڵ خۆی دەدوێ.) دەبێ بتوانم بیکەم.

هۆدێرێر: لەو دەمەی سەیرت دەکەم تۆ دەتوانی بمکوژی! (سەیری یەکتر دەکەن. هۆدێرێر لەمێزەکە جیادەبێتەوە و هەنگاوێک دێتە دواوە.) بکوژی ڕاستەقینە هەتا بیر لەوەش ناکاتەوە چی لەناو سەر ڕوودەدا. هەرچی تۆی، تۆ دەزانی چی ڕوودەدا: کاتێ کە دەتبینم گوللەم تێدەگری، دەتوانی تەحەمولی ئەوە بکەیت چی لەناو سەری من ڕوودەدا! (وچانێک. بەردەوام سەیری دەکا.) قاوەت دەوێ؟ (هوگۆ وەڵام ناداتەوە.) ئامادەیە، فنجانێکت بۆ تێدەکەم. (پشتی لە هوگۆ دەکا و قاوە لەفنجان دەکا. هوگۆ هەڵدەستێتەوە و دەست لەناو ئەو گیرفانە دەنێ کە دەمانچەکەی تیایە. دیارە لەگەڵ خۆی دەجەنگێ و دوو دڵە. ساتێک دواتر، هۆدێرێر خۆی وەردەگێڕتەوە و بەئارامی بەرەو هوگۆ دەگەڕێتەوە و فنجانێکی پڕ قاوەی پێیە و بۆ هوگۆی درێژ دەکا.) بگرە (هوگۆ قاوەکە وەردەگرێ. (ئێستاش



دمانچەکەتم بدێ. دەی بمدێ، دەبینی تازە شانسێکم پێدای بمکوژی کەچی تۆ نەتقۆستەوە. (هۆدێرێر دەست لەناو گیرفانی هوگۆ دەنێ و دەمانچەکە دەردێنێ.) بەڵام ئەمە دەمانچەی بەڕاستی نییە! (دەچێتە لای مێزەکەی و دەمانچەکە فڕێ دەداتە سەر مێزەکە.)

هوگۆ: ڕقم لێتانە. (هۆدێرێر بەرەو هوگۆ دەگەڕێتەوە.)

هۆدێرێر: وانییە، تۆ ڕقت لێم نابێتەوە. دەبێ چ هۆیەکت هەبێ بۆ ڕق لێ بوونەوەم؟

هوگۆ: ئێوە من بەترسنۆکێک تێدەگەن.

هۆدێرێر: بۆچی؟ تۆ ناتوانی بکوژی، بەڵام ئەمەش هۆیەک نییە بۆ ئەوەی نەزانی بمری.

هوگۆ: پەنجەم لەسەر پەلاپیتکەکە بوو.

هۆدێرێر: بەڵێ.

هوگۆ: جا من... (ئاماژەیەکی بێ توانایی دەکا.)

هۆدێرێر: بەڵێ. پێم گوتی: زۆر لەوە سەختترە کە دەیزانین.

هوگۆ: دەمزانی بەئەنقەست پشتم تێ دەکەن، هەر لەبەرئەوەش بوو...

هۆدێرێر: ئاه! لەهەموو حاڵەتێک...

هوگۆ: من خائین نیم.

هۆدێرێر: کێ ناوی ئەمەی هێناوە؟ خیانەتیش مەسەلەیەکە ئامادەیی و گیانێکی دەوێ.

هوگۆ: ئەوان، بەخائینیم دادەنێن چونکە فەرمانی ئەوانم جێبەجێ نەکردووە.

هۆدێرێر: ئەوان، کێ؟ (بێدەنگی.) لوی تۆی ناردووە؟ (بێدەنگی.) ناتەوێ هیچ بڵێی: کەواتە دیارە. (وچانێک.) گوێ بگرە: چارەنووسی تۆ بەمن بەستراوەتەوە. لەدوێنێوە، قازانج بەلای منەوەیە و هەوڵ دەدەم گیانی خۆمان، هی هەردووکمان ڕزگاربکەم. سبەی دەچمە شار و لەگەڵ لوی قسەی دەکەم. ئەگەر ئەو کابرایەکی

سەرسەختە منیش وام. لەگەڵ برادەرەکانت پێکدێین. بەڵام سەختتر ئەوەیە تۆ لەگەڵ خۆت پێکبێی و بگونجێی.

هوگۆ: سەخت؟ خێرا نامینێ. ئەگەر دەتەوێ بزانی دەمانچەکەم وێدەنەوە.

هۆدێرێر: نەخێر.

هوگۆ: باشە چیت لێ کەم دەبێتەوە ئەگەر گوللەیەک لەتەپلی سەرم بدەم. من دوژمنی ئێوەم.

هۆدێرێر: پێش هەمووشتێک تۆ دوژمنی من نیت. پاشان تۆ هێشتا دەتوانی خزمەت بکەی.

هوگۆ: ئێوە باش دەزانن تازە من دەستم لەخۆم شووشتووە.

هۆدێرێر: قسەی گەورە! تۆ ویستت پیشانی بدەی کە دەتوانی ئەم کارە بکەی و جورئەتت هەیە و بۆ ئەمەش سەختترین ڕێگات هەڵبژارد: ئەمەش وەک ئەوە وایە لەتەمەنێکی وەک هی تۆ مرۆڤ شایانی ئەوەبێ بچێتە بەهەشت. تۆ سەرنەکەوتی و ئینجا چی؟ شتێک نییە بیسەلمێنێ و پیشانی بدەی، تۆ ئەمە دەزانی، شۆڕش کردن مەسەلەی پاداش و شایستەگی نییە، بەڵکو توانا و قودرەتە. شتێکیش نییە بەناوی بەهەشت. کار هەیە و دەبێ بکرێ. ئیتر تەواو. مرۆڤ دەبێ ئەو کارە بکا کە تێیدا بەهرەمەندە: خۆ شتێکی چاکە ئەگەر ئەو کارە ئاسان بێ. باشترین کاریش ئەوە نییە کە بەخەرجییەکەی زۆر لەسەرت دەوەستێ، بەڵکو ئەوەیە کە تۆ بەباشترین شێوە تێیدا سەردەکەوی.

هوگۆ: من بۆ هیچ شتێک ناشێم.

هۆدێرێر: تۆ بەهرەت لەنووسین هەیە.

هوگۆ: بۆ نووسین! ئەمە تەنیا وشەن، هەردەم وشە!

هۆدێرێر: ئینجا چی؟ خۆ دەبێ ببەیتەوە. ڕۆژنامەنووسێکی باش چاکترە لەپیاو کوژێکی خراپ.

هوگۆ: (ڕاڕایە بەڵام بەجۆرێک لەباوەڕەوە.) هۆدێرێر، کە ئێوە لەتەمەنی مندابوون...



هۆدێرێر: ئینجا؟

هوگۆ: لەشوێنی من بای چیتان دەکرد؟

هۆدێرێر: من؟ دەمکرد. بەڵام ئەمە ئەو کارە نییە کە دەمتوانی بەباشی بیکەم. بێجگە لەمەش ئێمە هەردووکمان زۆر جیاوازین.

هوگۆ: دەمەوێ لەجێگای ئێوەبم: دەبێ لەناوەوە هەست بەمیهرەبانی بکەین.

هۆدێرێر: لەو باوەڕەی؟ (پێکەنینێکی کورت.) ڕۆژێک باسی خۆمت بۆ دەکەم.

هوگۆ: ڕۆژێک؟ (وچانێک.) هۆدێرێر، من کوشتنی ئێوەم لەدەست چوو، ئێستاش لەمەودوا قەت ناتوانم ئێوە تیر باران بکەم، چونکە... چونکە پشتتان پێ دەبەستم. بەڵام نابێ تێیدا بەهەڵەدا بچین: دەربارەی ئەو شتانەی دوێنێ ئێوارە گفتوگۆمان لەسەرکرد، قەت لەگەڵ ئێوە هاوڕا نابم و قەتیش نابمە پیاوی ئێوە و ناشمەوێ بەرگریم لێ بکەی، نەسبەی نەرۆژێکی دیکە.

هۆدێرێر: هەروەکو خۆت دەتەوێ.

هوگۆ: ئێستاش مەرەخەستان لێ دەخوازم، دەمەوێ بەجێتان بهێڵم. دەمەوێ بچم بیر لەهەموو ئەو ڕووداوانە بکەمەوە.

هۆدێرێر: قەولم پێدەدەی کە هیچ کەرایەتییەک ناکەی پێش ئەوەی نەمبینییەوە؟

هوگۆ: ئەگەر ئێوە پێتان خۆشبێ.

هۆدێرێر: دەباشە بڕۆ. بڕۆ هەوایەک وەرگرە و هەر کە پێت کرا وەرەوە. لەبیر نەکەی تۆ سکرتێری منی. تا تۆ نەمکوژی یان من دەرت نەکەم، تۆ کار بۆ من دەکەی. (هوگۆ دەردەچێ).

هۆدێرێر: (بەرەو دەرگا دەچێ.) سلیک!

سلیک: ئاه؟

هۆدێرێر: ئەو کوڕە هەندێ کێشەی هەیە. لەدوورەوە چاوەدێری بکە، ئەگەر پێویست بوو، ڕێگای لێ بگرە نەوەک خۆی بکوژێ. بەڵام بەهێمنی. ئەگەر ویستیشی ماوەیەکی دیکە بگەڕێتەوە ئێرە، بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی من لەهاتنی ڕێگای لێ مەگرن. با بەئارەزووی خۆی چۆنی حەز لێیە بێ و بچێ: بەتایبەتی نابێ تووڕەی بکەن. (دەرگاکە پێوەدەداتەوە و دەگەڕێتەوە لای ئەو مێزەی کە تەباخەکەی لەسەرە و فنجانێک قاوە تێدەکا. ژێسیکا لەپەنای ئەو پەرۆیە بەدیار دەکەوێ کە پەنجەرەکەی شاردۆتەوە.)

**دیمەنی سێیەم**

هۆدێرێر: ئەوە هێشتا تۆی هەی ژەهری مار؟ چیت دەوێ؟

ژێسیکا: لەلێواری پەنجەرەکە دانیشتبووم و گوێم لەهەموو شتێک بوو.

هۆدێرێر: ئینجا؟

ژێسیکا: ترسام.

هۆدێرێر: دەتتوانی بڕۆی.

ژێسیکا: نەمدەتوانی ئێوە بەجێ بهێڵم.

هۆدێرێر: تۆ نەتدەتوانی شتێکی گەورە بکەی.

ژێسیکا: دەزانم (وچانێک.) لەوانەیە بمتوانیبایە خۆم بخەمە پێش ئێوە، گوللەکان لەجیاتی ئێوە بەمن کەوتبایە.

هۆدێرێر: بەخوا تۆ ڕۆمانسی!

ژێسیکا: ئێوەش.

هۆدێرێر: چی؟

ژێسیکا: ئێوەش، ئێوەش ڕۆمانسین: بۆ ئەوەی هوگۆ هەست بەشەرمەزاری نەکا، گیانی خۆتان خستە مەترسییەوە.

هۆدێرێر: ئەگەر بمانەوێ نرخی بزانین، پێویستە جاربەجار بیخەینە مەترسییەوە.



ژێسیکا: ئێوە پێشنیاری یارمەتی خۆتانتان بۆی دەکرد کەچی ئەو نەیدەویست وەریبگرێ، ئێوەش سارد نەدەبوونەوە و وا دەهاتنە بەرچاوم کە خۆشم دەوێن.

هۆدێرێر: پاشان؟

ژێسیکا: هیچ. بەم جۆرە بوو، ئیتر تەواو. (سەیری یەکتر دەکەن.)

هۆدێرێر: لەخۆت هەڵدە! (ژێسیکا ناجووڵێتەوە.) ژێسیکا، من عادەتم نییە شتێکم پێشکەش بکەن ڕەفزی بکەمەوە و ماوەی شەش مانگیشە لەژنێک چییە نزیک نەبوومەتەوە. هێشتاش وەختت لەپێشە بڕۆی بەڵام دوای پێنج دەقیقە درەنگ دادێ. گوێت لێمە؟ (ژێسیکا لەشوێنی خۆی ناجوولێ.) ئەو کوڕە لەتۆ زیاتر شتێکی دیکەی لەو جیهانە نییە، بەنەزانیش بەپێش خەتەری دەکەوێ. ئەو پێویستی بەیەکێکە جورئەتی بۆ بگەڕێنێتەوە.

ژێسیکا: ئێوە، ئێوە دەتوانن جورئەتی بۆ بگەڕێننەوە. من ناتوانم. ئێمە تەنیا ئازاری یەکتر دەدەین.

هۆدێرێر: ئێوە یەکترتان خۆش دەوێ.

ژێسیکا: خۆشەویستی! ئێمە زۆر بەیەکتری دەچین.

هۆدێرێر: ئەمە کەی ڕوویدا؟

ژێسیکا: چی؟

هۆدێرێر: (ئاماژەی دەکا.) هەموو ئەم شتانە، هەموو ئەم شتانە، لەناو سەرت؟

ژێسیکا: نازانم. وابزانم دوێنێ بوو، کە ئێوە سەیری منتان کرد و پێدەچوو هەست بەوە بکەن تەنیان.

هۆدێرێر: ئەگەر بمزانیبایە...

ژێسیکا: نەدەهاتن؟

هۆدێرێر: من... (سەیری دەکا و شانی هەڵدەتەکێنێ. وچانێک.) خودای

گەورە! بەڵام ئەگەر تۆ هەناوت دەجووڵێ، سلیک و ژۆرژ لێرەن تەسکینیت بدەنێ. بۆ دەبێ من بۆ ئەوە هەڵبژێری؟

ژێسیکا: هەناوم ناجووڵێ و کەسیشم هەڵنەبژاردووە. پێویستم بەهەڵبژاردن نەبووە.

هۆدێرێر: تۆ هەراسانم دەکەی. (وچانێک.) چاوەڕێی چی دەکەی؟ کاتی ئەوەم نییە خەریکی تۆ بم، ڕەنگە ئەوەشت نەوێ وەرتگێڕمە سەر ئەو کەنەپەیە و پاشان وازت لێ بهێنم.

ژێسیکا: بڕیاربدە.

هۆدێرێر: لەگەڵ ئەوەش تۆ دەبێ بیزانی...

ژێسیکا: هیچ نازانم. من نە ژنم نە کچ، لەناو خەونێک ژیاوم و کە ماچیشیان دەکردم پێکەنینم پێ دەهات. ئێستاش لێرە، لەبەرامبەر ئێوەم، هەست دەکەم بەیانییە و تازە لەخەو هەڵساوم. ئێوە ڕاستەقینەن. پیاوێکی ڕاستەقینەی لەگۆشت و ئێسقان، بەڕاستی لێتان دەترسێم و لەو باوەڕەم بەڕاستەقینەیی خۆشم دەوێن. بەئارەزووی خۆت چیم لەگەڵ دەکەی بیکە، هەرچی شتێک ڕوویدا، لۆمەت ناکەم.

هۆدێرێر: کە ماچت دەکەن حەزی پێکەنینت لا دروست دەبێ؟ (ژێسیکا سەری دادەگرێ.) دەڵێی چی؟

ژێسیکا: بەڵێ.

هۆدێرێر: کەواتە، تۆ ساردی؟

ژێسیکا: وا دەڵێن.

هۆدێرێر: ئەی تۆ خۆت، چۆنی بۆ دەڕوانی؟

ژێسیکا: نازانم.

هۆدێرێر: دەبا ببینین. (یەکتری ماچ دەکەن.) ئینجا؟

ژێسیکا: ئارەزووی پێکەنینی نەهێنام. (دەرگا دەبێتەوە و هوگۆ دێتە ژوورەوە.)



## دیمەنی چوارەم

هوگۆ: کەواتە هەموو مەسەلەکە ئەوەبوو؟

هۆدێرێر: هوگۆ...

هوگۆ: گرفتێک نییە. (وچانێک.) ئێستا تێدەگەم بۆچی پشت گوێت نەخستووم. لەگەڵ خۆم دەمگوت: بۆچی نەیکوشتم یان بەپیاوەکانی دووری.

نەخستمەوە. دەمگوت: مەحاڵە ئەوەندە شێت یان بەخشندە بێ.

مانای هەموو شتێک دیارە: لەبەر ژنەکەم بوو. ئەوهام پێ خۆشترە.

ژێسیکا: گوێ بگرە...

هوگۆ: پێویست ناکا ژێسیکا، وازبێنە. لێت ناگرم و دڵیشم پیس نییە. ئێمە یەکترمان خۆش ناوێ. بەڵام ئەو، ئەو خەریک بوو، ئەوەندەی نەمابوو لەداوی خۆییم بئاڵێنێ. «یارمەتیت دەدەم، دەتگەینمە تەمەنی پیاوانە.» چەند گێل بووم. گاڵتەی پێ دەکردم.

هۆدێرێر: هوگۆ، دەتەوێ قەولت بدەمێ کە...

هوگۆ: تکایە داوای لێ مەکەن. بەپێچەوانەوە سوپاستان دەکەم، بەلای کەمی جارێک ئەو خۆشییەتان پێ بەخشیم سەرگەردانتان بکەم ئینجا پاشان... پاشان... (لەناکاو ڕادەپەڕێ و تا لای مێزەکەی هۆدێرێر دەچێ و دەمانچەکە هەڵدەگرێتەوە و لەسەر هۆدێرێر-ی ڕادەگرێ...) پاشان ئێوە منتان ڕزگارکرد.

ژێسیکا: (بەهاوارکردنەوە.) هوگۆ!

هوگۆ: دەبینن هۆدێرێر، سەیری ناو چاوەکانتان دەکەم و دەمانچەم لەسەر ڕاگرتوون و دەستم نالەرزێ و گاڵتەم بەوە دێ چی لەناو سەرت هەیە.

هۆدێرێر: بوەستە کوڕم! هەڵەیەک، بەتایبەتی بۆ ژنێک، مەکە! (هوگۆ سێ گوللە داوێ. ژێسیکا دەقیژێنێ. سلیک و ژۆرژ دێنە ژوورەوە.) بێ

ئەقڵ، هەموو شتێکت تێکدا.

سلیک: خوێڕی. (دەمانچەکەی ڕادەکێشێ.)

هۆدێرێر: ئازاری مەدە. (دەکەوێتە ناو قەنەفەیەک.) لەئەنجامی دڵپیسی تیربارانی کردم.

سلیک: یانی چی؟

هۆدێرێر: خەریکی ژنەکەی بووم. (وچانێک.) ئاه! زۆر بێ مانایە. (دەمرێ.)

(پەردە)



## تابلۆی حەفتەم

### تەنیا دیمەنێک

سەرەتا لەناو تاریکی گوێمان لەدەنگیان دەبێ پاشان وردە وردە شانۆ ڕووناک دەبێتەوە.

ئۆلگا: ڕاستە؟ ئایا بەڕاستی لەبەر ژێسیکا کوشتت؟

هوگۆ: من... کوشتم چونکە دەرگاکەم کردبۆوە. ئەوە هەموو شتێکە کە دەیزانم. ئەگەر ئەو دەرگایەم نەکردبایەوە... هۆدێرێر لێرەبوو، ژێسیکای لەباوەش گرتبوو، سووراوی لێوی ژێسیکای لەسەر چەناگەبوو. ناچیزە و بێ مانابوو. منیش، ماوەیەکی زۆر بوو لەناو تراژیدیا دەژیام. بۆ ڕزگارکردنی تراژیدیا بوو گوللەبارانم کرد.

ئۆلگا: ئایا ئەو دەمە دڵت پیس نەبوو؟

هوگۆ: دڵپیسی؟ لەوانەیە. بەڵام نەک بۆ ژێسیکا.

ئۆلگا: سەیرم بکەو بەدڵسۆزی وەڵامم بدەوە، چونکە ئەوەی کە ئێستا لێت دەپرسم گرینگییەکی زۆری هەیە. ئایا شانازی بەهۆی ئەم کارەوە دەکەی؟ سووری لەسەری؟ ئەگەر پێویست بەکردنەوەی بکا، دەیکەیتەوە؟

هوگۆ: ئایا تەنیا من کردوومە؟ من نەمکوشتووە، ڕێکەوت کوشتوویەتی. ئەگەر دوو دەقیقە زووتر یان درەنگتر دەرگاکەم بکردبایەوە، بەسەریاندا نەدەچووم ئەوان لەباوەشی یەکتربن، لەم حاڵەتەش نەمدەکوشت. (وچانێک.) دەچوومە ژوورەوە بۆ ئەوەی پێی بڵێم یارمەتی ئەوم قبوڵە.

ئۆلگا: بەڵێ.

هوگۆ: ڕێکەوت سێ گوللەی هاوێشت، هەروەک لەرۆمانە پۆلیسییە خراپەکان. لەگەڵ ڕێکەوت دەتوانی بە(ئەگەر)ەکان دەست پێ

بکەی. «ئەگەر کەسێکی دیکە زیاتر لەبەرامبەر دار بەڕووەکە بمابامەوە، ئەگەر تا کۆتایی باخچەکە بچوومایە، ئەگەر بگەڕابامەوە ناو بالاخانەکە...» بەڵام من. من، لەوێ لەناویدا چیم بەسەردەهات؟ ئەمە تاوانێکە بێ بکوژ. (وچانێک.) زۆرجار لەزیندان، لەخۆم دەپرسی: ئەگەر ئۆلگا لێرەبایە چی پێ دەگوتم؟ چی دەوێ تا بیزانم؟

ئۆلگا: (بەوشکی) ئێ ئینجا؟

هوگۆ: ئۆها! زۆرباش دەزانم چیت پێ دەگوتم. پێت دەگوتم: «سادە بە هوگۆ. هۆیەکانت، هاندەرەکانت، گاڵتەمان پێ دێ. ئێمە داوامان لێ کردبووی ئەو پیاوە بکوژی و تۆش کوشتت. تەنیا ئەنجام لەبەر چاو دەگیرێ.» من... من سادەنیم ئۆلگا. ناتوانم کوشتنەکە لەهاندەرەکانی جیابکەمەوە.

ئۆلگا: ئەمەم پێ خۆشترە.

هوگۆ: چۆن ئەمەت پێ خۆشترە؟ ئەمە تۆی وا دەڵێی ئۆلگا؟ تۆ کە هەردەم پێت دەگوتم...

ئۆلگا: بۆت ڕوون دەکەمەوە. سەعات چەندە؟

هوگۆ: (تەماشای سەعاتی دەستی دەکا.) بیستی دەوێ بۆ دوانزەی نیوەشەو.

ئۆلگا: باشە. وەختمان لەپێشە. دەتگوت چی؟ لەوەی کردووتە تێناگەی.

هوگۆ: زیاتر لەو باوەڕەم زۆر تێیدەگەم. ئەمە سندووقێکە هەموو کلیلێک دەیکاتەوە. بۆ نموونە. ئەگەر حەزم لێ بێ، دەتوانم ئەمە بەباشی لەگەڵ خۆم بلێم، کە بەهۆی هەستی سیاسییەوە کوشتوومە، کە دەرگاکەم کردەوە بەری چاوم ڕەش بوو و ئەو لەرزینە گچکەیە کارەکەی بۆ ئاسان کردم.

ئۆلگا: (وێڕای نیگەرانی بەوردی سەیری دەکا.) تۆ باوەڕ دەکەی هوگۆ؟ تۆ بەڕاستی لەو باوەڕەی لەپێناوی هاندەری گونجاو و لەبار



کوشتووتە؟

هوگۆ: ئۆلگا، بەهەمووی بڕوا دەکەم. دەبێ من لەخۆم بپرسم ئەگەر لەپێناوی هاندەری ڕاستەقینە کوشتبم.

ئۆلگا: لەپێناوی ڕاستەقینە؟

هوگۆ: ئەگەر ئەمە هەموو کۆمێدییەک نەبێ؟

ئۆلگا: تۆ بەڕاستی فشارت خستە سەر پەلاپیتکەکە؟

هوگۆ: بەڵێ. بەڕاستی پەنجەم گێڕا. ئەکتەرەکانیش لەسەر شانۆ پەنجەیان دەجووڵێنن. بگرە سەیرکە: پەنجەی شادەم دەجووڵێنم، ئاراستەی تۆی دەکەم. (بەدەستی ڕاست ئاراستەی دەکا و پەنجەی شادەی قووچاوەتەوە.) هەمان جووڵەیە. لەوانەیە لەم کردارە من بم کە ڕاستەقینە نەبووبم. لەوانەیە تەنیا گوللەکان ڕاستەقینە بووبن. بۆچی زەردەت دێتێ؟

ئۆلگا: چونکە تۆ شتەکانم زۆر بۆ ئاسان دەکەی.

هوگۆ: خۆم گەلێک بەگەنجی دەبینی: ویستم تاوانێک وەک بەردێک لەملم گرێ بدەم. لەوە دەترسام هەڵگرتنی گران نەبێ. چ هەڵەیەک بوو، کەچی سووکە، بەرادەی تۆقان سووکە. کێشی نییە. سەیرم کە: پیربوومە، دوو ساڵم لەزیندان بەرێ کردووە، خۆم لە ژێسیکا جیاکردۆتەوە و ئەو ژیانە سەیر و سەرگەردانە ڕادەکێشم، تا ئەو کاتەی هەڤاڵان دێن و خۆیان تەرخان دەکەن بۆ ئازادکردنم. هەموو ئەمانە ئەنجامی ئەو تاوانەمە، وانییە؟ لەگەڵ ئەوەش کێشی نییە و هەستی پێ ناکەم. نە لەملم، نە لەسەر شانەکانم، نە لەناو دڵم. بووە چارەنووسم، تێدەگەی، فەرمانڕەوایی ژیانی دەرەوەم دەکا بەڵام ناتوانم نەیبینم نەدەستی لێ بدەم، هی من نییە، نەخۆشییەکی کوشندەی بێ ئازارە. لەکوێیە؟ ئایا بوونی هەیە؟ لەگەڵ ئەوەش گوللەم هاویشت. دەرگاکە کرایەوە... ئۆلگا، من هۆدێرێرم خۆشدەویست. لەهەموو کەسێکی دیکە لەم جیهانە خۆشترم

دەویست. حەزم دەکرد بیبینم و گوێی لێ بگرم، دەستەکانی، ڕوخساریم خۆشدەویست، کە لەگەڵ ئەو بووم هەموو هەڵچوونێکم دادەمرکایەوە. ئەو تاوانەی خۆم نییە کە دەمکوژێ، بەڵکو مردنی ئەوە. (وچانێک.) سەرەنجام ئەوەیە. هیچ ڕووی نەداوە. هیچ. دە ڕۆژم لەگوند بەسەربرد، دوو ساڵم لەزیندان ڕاکێشا، کەچی نەگۆڕاوم، هەروەکو جاران زۆر قسە دەکەم. دەبێ پیاوکوژەکان نیشانەیەکی ناسینەوە هەڵبگرن. گوڵێکی سووری زەق لەبەر یەخە. (وچانێک.) باشە. پاشان؟ سەرەنجام؟

ئۆلگا: تۆ بۆ ناو حزب دەگەڕێیتەوە.

هوگۆ: باشە.

ئۆلگا: نیوەشەو، دەبێ لوی و شارل بگەڕێنەوە بۆ لەناوبردنت. دەرگایان لێ ناکەمەوە. پێیان دەڵێم کە تۆ جارێکی دیکە دەشێ بگێڕدرێیەوە.

هوگۆ: (پێدەکەنێ.) گێڕانەوە! چ وشەیەکی سەیرە. مانای زبڵ دەگەیەنێ وانییە؟

ئۆلگا: تۆ قبووڵتە؟

هوگۆ: بۆچی نا؟

ئۆلگا: بەیانی دەستووری نوێت پێدەگا.

هوگۆ: باشە.

ئۆلگا: ئۆف! (لەسەر کورسییەکە ئاسوودەتر دادەنیشی.)

هوگۆ: چیتە؟

ئۆلگا: دڵم خۆشە. (وچانێک.) تۆ سێ سەعاتە قسە دەکەی و بەردەوام دەترسام.

هوگۆ: ترس لەچی؟

ئۆلگا: لەوەی کە ناچار دەبم پێیان بڵێم. بەڵام ئێستا هەموو شتێک



ڕێکە. تۆ دەگەڕێیتەوە ناو ئێمە و دەچی کاری پیاوانە دەکەی.

هوگۆ: هەروەکو جاران تۆ یارمەتیم دەدەی؟

ئۆلگا: بەڵێ هوگۆ، یارمەتیت دەدەم.

هوگۆ: خۆشم دەوێی ئۆلگا. تۆ هەروەکو جارانی و نەگۆڕاوی. ئەوەندە پاک، ئەوەندە ڕوون. تۆ بووی فێری پاکیت کردم.

ئۆلگا پیر بوومە؟

هوگۆ: نەخێر. (دەستی دەگرێ.)

ئۆلگا: هەموو ڕۆژێک بیرم لە تۆ کردۆتەوە.

هوگۆ: پێم بڵێ، ئۆلگا!

ئۆلگا: دەڵێی چی؟

هوگۆ: پاکەتەکە، تۆ نەبووی ناردبووت؟

ئۆلگا: پاکەتی چی؟

هوگۆ: پاکەتە شۆکۆلاتەکە.

ئۆلگا: نەخێر، من نەم ناردووە. بەڵام دەمزانی کە ئەوان دەینێرن.

هوگۆ: تۆش لێیان گەڕای بینێرن؟

ئۆلگا: بەڵێ.

هوگۆ: بەڵام تۆ لەناوەوە خۆت چۆن دەبینی؟

ئۆلگا: (قژی خۆی پیشان دەدا.) سەیرکە.

هوگۆ: ئەمە چییە؟ قژی سپی؟

ئۆلگا: لەشەوێکدا هاتن. تۆ چیتر بەجێم ناهێڵی. ئەگەر لێدانی سەختیش هەبێ بەیەکەوە تەحەمولی دەکەین.

هوگۆ: (بەپێکەنینەوە.) ڕاسکۆلینکۆف-ت بەبیردێ.

ئۆلگا: (بەراچڵەکینەوە.) ڕاسکۆلینکۆف؟

هوگۆ: ناوی نهێنی من بوو کە تۆ بۆت هەڵبژاردم. ئای، ئۆلگا، دیارە بەبیرت نایەتەوە.

ئۆلگا: بەڵێ، بەبیرم دێتەوە.

هوگۆ: هەمان ناو هەڵدەگرمەوە.

ئۆلگا: نەخێر.

هوگۆ: بۆچی؟ ئەم ناوەم زۆر خۆش دەوێ. تۆ دەتگوت زۆرباش لێم دێ.

ئۆلگا: تۆ لەژێر ئەم ناوە گەلێک ناسراوی.

هوگۆ: ناسراو؟ لەلایەن کێوە؟

ئۆلگا: (لەناکاو نەمانی ئۆقرەی خۆی نیشان دەدا.) سەعات چەندە؟

هوگۆ: پێنج دەقیقەی دەوێ.

ئۆلگا: گوێ بگرە هوگۆ. قسەم پێ مەبڕە. هێشتا شتێکی دیکەشم ماوە پێتی بڵێم. شتێکی وانییە. گرینگییەکی ئەوتۆی پێ مەدە. تۆ... سەرەتا عاجباتیت پێ دێ بەڵام وردە وردە تێدەگەی.

هوگۆ: بەڵێ؟

ئۆلگا: من... دەربارەی ئەو کارەی کردووتە من بەختەوەرم. ئەگەر بهاتایە تۆ شانازیت پێوەکردبا یان زۆر بەسادەیی پێی لەخۆت ڕازیبای، لەبیرکردنی بۆت زەحمەت تربوو.

هوگۆ: زەحمەت؟ زەحمەت بۆ کردنی چی؟

ئۆلگا: بۆ لەبیرکردنی.

هوگۆ: بۆ لەبیرکردنی؟ بەڵام ئۆلگا...

ئۆلگا: هوگۆ، تۆ دەبێ لەبیری بکەی. داوای شتێکی گەورەت لێ ناکەم، تۆ بەخۆت گوتت، نەتدەزانی چیت کردووە، نە لەبەرچی کردووتە. هەتا لەوەش دڵنیانی هۆدێرێرت کوشتووە یان نا. کەواتە تۆ، لەسەر ڕێگایەکی گونجاوی. دەبێ دوورتر بڕۆی، ئیتر تەواو. لەبیرکە، کابووسێک بوو و تەواو. قەت چیدی قسەی لەسەر مەکە، هەتا بۆ منیش. ئەو کوڕەی هۆدێرێر-ی کوشت مردووە. ناوی ڕاسکۆلینکۆف بوو. بەو شۆکۆلاتانە ژەهرخوارکراوە کەشلەیەکی



تێدایە. (دەست بەپرچی هوگۆ دادێنێ.) ناوێکی دیکەت بۆ هەڵدەبژێرم.

هوگۆ: چی ڕوویداوە ئۆلگا، چیتان کردووە؟

ئۆلگا: حزب سیاسەتی خۆی گۆڕیوە. (هوگۆ بەوردی سەیری دەکا.) ئەوها سەیرم مەکە. هەوڵبدە تێبگە کە ئێمە تۆمان ناردە لای هۆدێرێر، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیات پچڕابوو. دەبایە خۆمان سیاسەتی خۆمان بەتەنیا هەڵبژێرین. ئەوها سەیرم مەکە هوگۆ! ئەوها سەیرم مەکە هوگۆ!

هوگۆ: پاشان؟

ئۆلگا: لەوەتەی پەیوەندیمان بۆتەوە. زستانی ڕابردوو یەکێتی سۆڤیات داوای لێ کردین کە پێیان خۆشە، بۆ مەبەستێکی تەواو سوپایی، لەسەرۆک نزیک ببینەوە.

هوگۆ: ئینجا ئێوە... ئێوەش قبوولتان کرد؟

ئۆلگا: بەڵێ. لەگەڵ خەڵکی سەر بەحکومەت و پەنتاگۆن، کۆمیتەیەکی نهێنیمان لەشەش ئەندام پێکهێناوە.

هوگۆ: شەش ئەندام، ئێوەش سێ دەنگتان هەیە؟

ئۆلگا: بەڵێ. تۆ چۆن دەزانی؟

هوگۆ: تەنیا بۆچوونێکە. بەردەوام بە.

ئۆلگا: لەوساوە سوپاکان چیتر تێکەڵ بەئۆپەراسیۆنەکان نەبوونەتەوە. لەوانەیە گیانی سەد هەزار کەسمان لەکوشتن پاراستبێ. بەڵام، لەناکاو ئەڵمانەکان هێرشیان بۆ سەر وڵات هێنا.

هوگۆ: زۆرباشە. لەو باوەڕەم کە سۆڤیاتەکان ئەوەشیان پێڕاگەیاندوون کە حەزناکەن دەسەڵات بەتەنیا بکەوێتە دەستی حزبی پرۆلیتاریا، چونکە کێشەیان لەگەڵ هاوپەیمانەکان بۆ دروست دەکا و لەلایەکی دیکە دەشێ بەخێرایی بەراپەڕینێک لەناوبچن؟

ئۆلگا: بەڵام...

هوگۆ: وا هەست دەکەم ئەمەم پێشتر گوێ لێ بووە. ئینجا، ئەی هۆدێرێر؟

ئۆلگا: هەوڵەکانی ئەو پێنەگەیشتبوون و ئەو پیاوی گونجاو نەبوو ئەم سیاسەتە بەڕێوەببا.

هوگۆ: کەواتە دەبوایە بیکوژن: بیرێکی نایابە. بەڵام ئایا یادی ئەوتان زیندووکردۆتەوە؟

ئۆلگا: زۆر پێویستە بکرێ.

هوگۆ: پاش جەنگ پەیکەری بۆ دەکەن، چەندان شەقامی شارەکانمان بەناوی ئەو دەکرێن، ناوی دەچێتە ناو کتێبەکانی مێژوو. ئەمەم بۆ ئەو پێ خۆشە. بکوژەکەی چی بوو؟ بەکرێ گیراوێک بوو لەخزمەتی ئەڵمانیا؟

ئۆلگا: هوگۆ...

هوگۆ: وەڵامدەوە.

ئۆلگا: هەڤاڵان دەیانزانی کە تۆ هی کن ئێمەی. قەت باوەڕیان بەتاوانێک لەپێناوی خۆشەویستی کرابێ، نەکرد. سەرەنجام... بەپێی توانا بۆمان ڕوون کردوونەتەوە.

هوگۆ: ئێوە درۆتان بۆ هەڤاڵان کردووە.

ئۆلگا: درۆ، نەخێر، بەڵام ئێمە... لەجەنگدایین هوگۆ. ناتوانین هەموو ڕاستییەک بەلەشکر بڵێین. (هوگۆ قاقا لەناکاو پێدەکەنێ.)

ئۆلگا: چیتە؟ هوگۆ! هوگۆ! (وێڕای پێکەنینێکی بەهێز دەچێ خۆی دەخاتە ناو قەنەفەیەک.)

هوگۆ: هەموو ئەو شتانەی دەیگوت، هەموو ئەو شتانەی دەیگوت! گاڵتە جاڕییە.

ئۆلگا: هوگۆ!

هوگۆ: بوەستە، ئۆلگا، لێمگەڕێ پێبکەنم. دەساڵی ڕەبەقە ئەوەندە بەهێز



پێکەنیوم، ئەمەیە تاوانی ئیزعاج، هیچ کەسێک نایەوێ. من نازانم بۆچی کردم و ئێوەش نازانن چی لێ بکەن. (سەیری دەکا.) ئێوەش بەم جۆرەن.

ئۆلگا: هوگۆ، تکات لێ دەکەم...

هوگۆ: هەمووتان وەکو یەکن، هۆدێرێر، لوی، تۆ، هەمووتان لەیەک مەعدەنن. لەمەعدەنی باش. هی سەر سەختەکان، جیهانگرەکان، هی سەرۆکەکان، تەنیا من هەم کە لە هەڵبژاردنی دەرگا هەڵەم کرد.

ئۆلگا: هوگۆ، تۆ هۆدێرێرت خۆش دەویست.

هوگۆ: لەو باوەڕەم قەت ئەوەندە وەک ئەم چرکەیەی ئێستا خۆشم نەویستووە.

ئۆلگا: کەوایە یارمەتیمان بدە درێژە بەکاری ئەو بدەین. (سەیری دەکا. ئۆلگا دەکشێتەوە.) هوگۆ!

هوگۆ: (بەئارامی) مەترسێ ئۆلگا. ئازارت نادەم. تەنیا پێویستە بێدەنگ بی. باشە. سەرەنجام من دەشێ وەربگیرێمەوە. زۆرباشە. بەڵام بەتەنیا، بەڕووتی، بێ جانتا. بەمەرجێک پێستی خۆم بگۆڕم – ئەگەر بشتوانم بێ یاداشت بم باشترە. تاوان، قابیلی وەرگرتنەوە نییە، دەڵێی چی؟ هەڵەیەک بوو گرینگییەکی ئەو تۆی نەبوو. هەر لەناو زبڵدانەکە بەجێیدەهێڵێن.

هەرچی منم، لەگەڵ بەیانی ناوم دەگۆڕم، دەشێ ئەمجارە ناوم ژولیەن سۆرێل یان ڕاستیناک یان میشکین بێ و دەست لەناو دەست لەگەڵ کوڕانی پەنتاگۆن کاردەکەم.

ئۆلگا: دەچم...

هوگۆ: بێدەنگ بە ئۆلگا. تکات لێ دەکەم، وشەیەک چییە مەیڵێ. (کەمێک بیردەکاتەوە.) نەخێر.

ئۆلگا: چی؟

هوگۆ: نەخێر. لەگەڵ ئێوە کارناکەم.

ئۆلگا: کەواتە هوگۆ، تۆ تێنەگەیشتووی؟ دەمێکی دیکە بەخۆیان و دەمانچەکانیان دەگەن...

هوگۆ: دەزانم. تاخیریش بوونە.

ئۆلگا: خۆ بەتەمانیت لێگەڕێی وەک سەگ بتکوژن، لەپێناوی هیچ بمری! ئێمە باوەڕمان پێت هەیە هوگۆ. دەبینی بەیەکجاری دەبیتە هەڤاڵمان، بەکردەش ئەمەت سەلماندووە. (ئۆتۆمبێلێک. دەنگی ماشێن.)

هوگۆ: ئەوەتە گەیشتن.

ئۆلگا: هوگۆ، ئەمە تاوانە! حزب...

هوگۆ: بێ وشەی گەورە ئۆلگا. لەناو ئەم ڕووداوە گەلێ وشەی گەورە هەبوون و ئازارێکی زۆریان دروست کرد. (ئۆتۆمبێلەکە تێدەپەڕێ.) ئەمە ئۆتۆمبێلی ئەوان نییە. وەختم هەیە بۆت ڕوون بکەمەوە. گوێ بگرە: نازانم بۆچی هۆدێرێرم کوشت، بەڵام دەزانم لەبەرچی دەبوایە بیکوژم: چونکە سیاسەتێکی خراپی هەبوو، چونکە درۆی لەگەڵ هەڤالانی دەکرد، چونکە حزبی دەخستە خەتەرییەوە. ئەگەر جورئەتی ئەوەم هەبوایە ئەو کاتە بمکوشتبایە کە بەتەنیا لەبیرۆکە لەگەڵ ئەو بووم، لەبەر ئەم هۆیە دەمرد و منیش دەمتوانی بەبێ شەرمەزاری بیر لەخۆم بکەمەوە.

شەرم لەخۆم دەکەمەوە چونکە کوشتم... پاشان، ئێوەش، داوام لێ دەکەن هێشتا زیاتر شەرم لەخۆم بکەم و بڕیار بدەم لەپێناوی هیچ کوشتوومە. ئۆلگا، ئەو ڕایەی لەسەر سیاسەتی هۆدێرێر هەمبوو ئێستاش هەمان ڕام هەیە. کە لەزیندان بووم، وام دەزانی ئێوەش لەسەر هەمان ڕای من بوون و ئەمەش بۆ من پشتگیری بوو. ئێستا دەزانم هەر تەنیا من ئەو ڕایەم هەیە، بەڵام من ڕای خۆم ناگۆڕم. (دەنگی ئۆتۆمبێل.)

ئۆلگا: ئەم جارە ئەوانن گەیشتن. گوێ بگرە، من ناتوانم... ئەو دەمانچەیە



بگرە، لەدەرگای ژوورەکەی من دەرچوو و بەختی خۆت تاقی بکەوە.

هوگۆ: (بێ ئەوەی دەمانچەکە وەرگرێ.) ئێوە هۆدێرێر-تان کردە پیاوێکی گەورە. بەڵام من خۆشم ویست، زیاتر لەئێوە کە قەت خۆشتان نەویستووە. ئەگەر لەکردەکەی خۆم پەشیمان ببمەوە، دەبێتە تەرمێکی نەناسراو، پاشماوەی حزب. (ئۆتۆمبێلێک دەوەستێ.) بەرێکەوت کوژرا. لەپێناوی ژنێک کوژرا.

ئۆلگا: برۆ.

هوگۆ: یەکێکی وەکو هۆدێرێر بەرێکەوت نامرێ. لەپێناوی بیروڕوانینی دەمرێ، لەپێناوی سیاسەتەکەی، ئەو خۆی بەرپرسیاری مردنی خۆیەتی. ئەگەر لەپێش هەمووان دان بەتاوانەکەم دابنێم، ئەگەر ناوی خۆم، ڕاسکۆلینکۆف ڕابگەیەنم، ئەگەر نرخی پێویستی ئەو تاوانە بدەم، ئەو کاتە هۆدێرێر مردنێکی دەبێ کە شایانی خۆی بێ. (لەدەرگا دەدەن).

ئۆلگا: هوگۆ، من...

هوگۆ: (بەرەو دەرگا دەچێ.) ئۆلگا هێشتا هۆدێرێرم نەکوشتووە. هێشتا نەمکوشتووە. ئێستا دەچم دەیکوژم و خۆشم لەگەڵی. (لەدەرگا دەدەنەوە.)

ئۆلگا: (هاوار دەکا.) لێرە بڕۆن! لێرە بڕۆن. (هوگۆ بەپێلەقەیەک دەرگا دەکاتەوە.)

هوگۆ: (هاوار دەکا.) ناگەڕێمەوە ناو ئێوە.

(پردە)

## کورتەی ژیانی سارتەر

... ژان – پۆل سارتر، لە ١٩٠٥/٦/٢١ لەشاری پاریس لەدایک بووە. لەگەڵ هاوبیران و هاوکارانی خۆی لەکۆلیژی: (Ecole normale superieure) هێشتا هەر گەنج بووە، ڕەخنە لەبەها و نرخە کلاسیکییەکانی چینی بۆرژوازی دەگرێ کە خۆی دەرچووی هەمان ناوەند بووە. ماوەیەک پیشەی مامۆستایەتی لەئامادەیی (Havre) دەکا. پاشان درێژە بەخوێندنی فەلسەفە لەئەنستیتوی فەرەنسی بەرلین دەدا. لەگەڵ هەوەڵێن تێکستە فەلسەفییەکانی، وەک: نوێشکێکی گشتی لەبارەی تیۆری هەڵچوون ١٩٣٩، خەیاڵ – ١٩٣٦، هی دیکە، ڕەسەنایەتی فیکری سارتر دەردەکەوێ کە دواتر خۆی لەفەلسەفەی وجودییەت – Existentialisme دەبینێتەوە. تێزەکانی ئەم فەلسەفەیەش لەکتێبی (بوون و نەبوون.) بەخەستی پیشان دراون. بەڵام سارتر زیاتر بەنووسراوە ئەدەبییەکانی وەک: شانۆنامە و ڕۆمان و چیرۆک ناسراوە.

هێلنج – ١٩٣٨، دیوار ١٩٣٩، ڕێگای ئازادی – ٤٩ – ١٩٤٣، هەروەها بەنووسراوە ڕەخنەیی و سیاسییەکانیشی وەک: دەربارەی کێشەی جوولەکە – ١٩٤٦، بۆدلێر – ١٩٤٧، گێلی خێزان – ١٩٧٢، حاڵەتەکان – ٧٦ – ١٩٤٧، هەروەها شانۆنامەکانی، وەک: ژنە سۆزانی بەشەرەف – ١٩٤٦، مێشەکان – ١٩٤٣، دەستەپیسەکان –١٩٤٨، شەیتان و خودا ١٩٥١ سارتر لەڕێگای ئەدەبەوە، هەوڵی داوە بیروڕوانینی فەلسەفی و سیاسی خۆی پیشان بدا.

سارتر، بەردەوام گرینگی بەڕووداوەکانی سەردەمی خۆی داوە و تا دوا ڕۆژی ژیانیشی بەچڕی بەشداری چالاکی سیاسی کردووە.

بەشداری لە «دادگای ڕۆسێل»دا دەکا. ساڵی ١٩٦٤ پاداشی نۆبل وەردەگرێ، بەڵام ڕەفزی دەکاتەوە. هەر لەو سەردەمەش سەرنووسەری ڕۆژنامەی: La cause du peuple پاشان هی Liberation بووە.